دەقی ئەدەبی

# ئەدگار . چێژ . بەها

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

دەقی ئەدەبی

# ئەدگار . چێژ . بەها

چەند نووسینێکی ڕەخنەییی تیۆری و پراکتیکییە

**د. فوئاد ڕەشید**

ناوی کتێب: دەقی ئەدەبی "ئەدگار . چێژ . بەها"
نووسینی: د. فوئاد ڕەشید
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٦١٩
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
بەرگ: مریەم موتەقییان
پیت لێدان: بەسۆز هیمداد
هەڵەگری: شێرازد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٦٤٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

١

# مرۆڤایەتیبوونی دەق

مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی، لە کاروانی ژیانیدا، لە ژێر کاریگەریی دوو ژینگەی سەرەکیدایە: ″ ژینگەی سروشتی ″ ، ژینگەی کۆمەڵایەتی ″ . کێشە و دیاردە و بابەتە هەمەچەشنەکانی نێو ئەم دوو ژینگەیە، ئینجا لە مەسەلەی گەڕان بەدوای پرسیارە چارەنووسسازەکانی بوون و نەبوونەوە، پێدا وەرە تا دەگاتە کێشەکانی نەبوونی دادگەریی کۆمەڵایەتی و دژوارییەکانی دەسەڵاتی سیاسی و رووە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی دیمەنە جیاجیاکانی نێو جڤاک، هەموو ئەمانە بەشێوەیەك لە شێوەکان و بەڕادەی جیاواز کار لە چۆنێتی و چەندایەتیی پێکهاتە و ڕەفتاری ناوەوە و دەرەوەی کەسایەتی مرۆڤ دەکەن.

هەڵبەتە بەپێی یاسای ″هەر کارێك کاردانەوەیەکی هەیە″، کار و کاریگەریی هەردوو ژینگەی ناوبراو ″بێ کاردانەوە نەبووە و نابێت، جا هەروەك چۆن کاریگەرییەکان فرە لایەن و جۆراوجۆرن، کاردانەوەکانیش هەڵوێستی جیاواز و حاڵەت و کەسایەتیی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە.

ئێمە لێرەدا بەنیازین بەم چەند دێڕە، قسە لەسەر ڕەهەندە سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییەکانی هاوکێشەی ″کار و کاردانەوە″ی بواری بابەتەکەمان بکەین، بەڵکو هەوڵ دەدەین سەرنجێك لە جۆری کاردانەوەی تۆرەڤان و نووسەران– وەك هونەرمەندێك– بدەین لە ئاست ڕواڵەتە پڕ پرس و ترسەکان و دیمەنە جوان و کرێتەکانی نێو ئەم بوونەوەرە جەنجاڵ و سەرسووڕهێنەرە، لە وێستگە جیاجیاکانیدا: ″گەردوون، خەم و خەونی خود، جڤاك، مێژوو″.

## ڕوانینی نووسەر «دەقنووس»:

یەکێ لەو سیما و ئەدگارانەی کە ڕوانینی تۆرەڤان لە ڕوانینی کەسێکی دی جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە ڕوانینی هونەرمەند و ئەدیبان ڕوانینێکی ورد و قووڵە لە مانا و ڕەهەندەکانی ژیان. ڕوانینێك مانا نادیار و ڕووە شاراوەکان دەبینێت... ڕوانینێك بەقووڵایی ڕواڵەتە ئاسایی و دووبارەکراوەکانیشدا شۆڕ دەبێتەوە. ڕوانینێك مانای تازە بەئاماژە و هێماکان دەبەخشێت... ڕوانینێك بەوەڵامێك رازی نابێت و پرسیار لە نێو وەڵامەکاندا دەخولقێنێت و یاسا و ڕێسا دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەم ڕوانینە دەکرێ لە ئاست مەسەلەی پێگەی مرۆڤ بێت لە نێو ئەم گەردوونەدا، یاخود لە ئاست فرمێسکی غەدرێکی کۆمەڵایەتیدابێت. هەڵبەتە قووڵی و وردیی و فرە ڕەهەندیی ئەم ڕوانینەیە کە وا لە تۆرەڤان دەکات، بەئاسایی و بەساکاری بەسەر ڕواڵەت و ڕووداوەکاندا تێ نەپەڕێت و بەدیاریانەوە، واقوڕماو و دۆشداما و و سەراسیمە ڕابوەستێت و لە ناخەوە هزر و بیری بهەژێت. ناوەرۆك و چۆنێتی و چەندایەتی ئەم هەژاندن و لڤاندنە دەبێتە جەمسەرێکی سەرەکیی پرۆسەی ئەزموونێکی ئەدەبی، سەرئەنجام دەقێك یا چەند دەقێکی لێ دەکەوێتەوە.

## ئەزموونی ئەدەبیی دەق:

ناوەرۆك و بابەتی ڕامان و سەرنجدانی تۆرەڤان، جەمسەرێکی ئەزموونی ئەدەبییانەی دەقە، چۆنێتی دەربڕین و داڕشتن و جۆری بەکارهێنانی چوارچێوە و فۆرمی هونەری، ئەمەیان جەمسەرێکی تریەتی، کە لەلایەك نووسەر خۆی پێ لە کەسانی نا نووسەر جودا دەکاتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە، بەتایبەتمەندی شێواز و ڕێباز، خۆی لە نووسەرانی دیکە جیا دەکاتەوە.

دەكرێ بڵێین ئەزموونی ئەدەبیی دەق لەم دوو جەمسەرە پێك دێت:

١- ئامادەبوونی ڕوانینی نووسەر لە ئاست ژیان و مەرگ.

٢- بوونی فۆڕمێكی هونەری، "زمان، تەكنیك" گەمەی هونەری.

بەڵێ ئامادەبوونی هزر و بیر، بەتەنیا دەقێكی ئەدەبی دروست ناكەن، ئەدەبیبوون و شیعریەتی دەق لە ئەنجامدانی گەمەیەكی ئێستاتیكیدا ڕایی دەكرێت. كەواتە بەشێوەیەكی گشتی هەر دەقێكی ئەدەبی پێكهاتەیەكە لە كۆمەڵێ بەهای هونەری و مرۆڤایەتی، چۆنێتی و چەندایەتی ئامادەبوونی ڕەگەزەكانی هەریەك لەم بەهایانە ڕۆڵی خۆی هەیە لە سەنگ و پێگەی بابەتی و هونەرییانەی دەقەكە.

ئەگەرچی بەڕای هەندێك "چۆن گوتن" زیاتر خاڵی جیاكەرەوەی نێوان تێكستەكانە، بەڵام ئێمە پێمان وایە، "چۆن گوتن" و "چی گوتن" پێكەوە دەقێكی هونەری و مرۆیی دروست دەكەن و فەرامۆش كردنی هەر یەكێكیان جۆرێك لە كێماسی و كەموكورتییەك لە دەقەكەدا بەجێ دەهێڵێت. خودی ئەم چەند رستەیەمان پەیوەندییان هەیە بەچۆنێتی هەڵسەنگاندن و بنەمای وەرگرتنی یاخود ڕەتكردنەوەی دەقەوە، ئەمەش وا دەكات خودی ئەزموونی ئەدەبییانەی دەق لە بەرامبەر گوتاری ڕەخنەییدا ڕابگرین.

### ئەزموونی ئەدەبیی دەق لە بەرامبەر ئەزموونی ڕەخنەییدا:

ئەگەر جەمسەرێكی ئەزموونی ئەدەبیی دەق، ڕوانین و هەڵوێستی نووسەر بێت لە بەرامبەر ڕەهەندە دیار و نادیارەكانی جیهانی دەقە ئەدەبییەكە، هەروەها ئەگەر جەمسەری دووەمی داڕشتنی دەق بریتی بێت لەو كەرەستانەی كە گەمەی ئێستاتیكییانەی دەقی پێ ئەنجام دەدرێت، ئەوا جەمسەری دووەمی كاری ڕەخنەیی بریتییە لەو زاراوە و میكانیزمە ڕەخنەییانەی كە لە شیكردنەوە و شرۆڤەكردنی دەقەكەدا بەكاردێن.

لێرەوە کێشە لە نێوان ئەزموونی ئەدەبییانەی دەق و ئەزموونی ڕەخنەی ئەدەبی دێتە ئاراوە، ئەمەش لەو سۆنگەیەوە کۆمەڵە میتۆدێکی ڕەخنەیی هەیە کە تاك ڕەهەندانە دەق دەخوێننەوە، یان هەر فۆرم و تەکنیکی هونەری وەردەگرن یان تەنها ڕەهەندی سۆسیۆلۆژی وەردەگرن.

ئێمە لە ئاست ئەم تاك ڕەهەندییەی باڵە جیاوازەکانی ڕەخنەدا دەڵێین، داڕێژەر و ئەفرێنەری دەق، مرۆڤە، مرۆڤ بۆخۆیشی کائینێکی فرە ڕەهەندە "غەریزە، ژیری، زاتی و تاکی، حەز و ئارەزوو، ترس و لاوازی، ئیرادە و بەهێزی، ڕق و کینە، ئەڤینی و دلۆڤانی،.... هتد".

جا لە کرداری بیناکردنی هەر دەقێکدا، نووسەر هەستی پێ بکات یان نەکات ڕەهەندێك یان زیاتری ئەم ڕەهەندانە دەچنە نێو دنیای دەقەکە و ڕاستەوخۆ دەبنە بنەمایەکی پێکهاتەی بابەتییانەی دەقەکە، پێم وایە لێرەوە دەکرێ بڵێین" دەقیش وەکو مرۆڤ وایە"(١) و قسە لە مرۆڤایەتیبوونی دەق بکەین، بەو مانایەی کە هەندێ لە خاسیەت و ئەدگارە فیکری و سایکۆلۆژییەکانی مرۆڤ بۆ نێو دەق شۆڕ ببنەوە و سەرەنجامیش دەق لە هەندێ ڕواڵەتیدا لە مرۆڤ بچێت. کەواتە فرە ڕەهەندیی مرۆڤ بەشێوەیەك لە شێوەکان "دەق"یش فرە ڕەهەند دەکات، هەرچەندە ڕادەی ئامادەبوون و نەبوونی ڕەهەندەکان چەسپاو و نەگۆڕنییە و لە دەقێکەوە بۆ دەقیکی دی، لە ژانرێکەوە بۆ ژانرێکی دی دەگۆڕێت. بەپێی گۆڕانی شیان و شێوازی نووسەر و جۆری بابەت و ناسنامەی ئەدەبیی دەقەکەیش.

جا لە پێناو ئەوەی خوێندنەوەی ئەزموونی ڕەخنەیی، تاك ڕەهەند نەبێت، پێویستە گوتاری ڕەخنەیی ئەم تایبەتمەندییەی ئەزموونی ئەدەبییانەی دەق لەبەرچاو بگرێت، چونکە دەق بەتەنها زمان و گەمەیەکی زمانەوانی نییە، بەڵکو بونیادێکی "زمانەوانی- ئیستاتیکی" (٢)یە، کە زۆربەی

ڕەهەندەکان لە دووتوێی زمانەکەیدا خۆیان حەشارداوە، هەر ئەم حەشاردان و ڤەشارتنەیە کە زمانێکی ئیستاتیکی خوڵقاندووە. پێدڤییە گوتاری ڕەخنەیی لە هەردوو جەمسەرەکەوە دەق بخوێنێتەوە.

پەراوێز:

١- روز غريب لە کتێبی "تمهيده في الحديث" نووسیویەتی "الفن كالأنسان" ئێمەش سوودمان لەم بینیوە و دەستکاریمان کردووە.

٢- ميشال عاصي، الفن و الأدب، ص ٧٤ -٧٥.

٢

# چێژ و بەهای دەقی شیعری
# لە نێوان پەیامگر و خوێندنەوەدا

ئەگەرچی بەشێوەیەکی گشتی کەرەستەی سەرەکی پێکهاتەی تێکستی ئەدەبی، دەربڕینی زمانەوانییە، بەڵام چۆنیەتی و چەندایەتی ئامادەبوونی زمان لە نێو هەموو دەقێکی شیعریدا چوونیەك نییە. بەدەربڕینێکی دی هەر دەقێك، لە بەرجەستەکردنی ئەو بەها ئیستاتیکی و مرۆڤییانەی کە دەیەوێت دەریبڕێت، تەکنیك و تەکتیکی داڕشتنی خۆی هەیە.

ئەم گەمە هونەرییە، لەسەرێکەوە لە چوارچێوەی ڕەوتی مێژوویی خۆیدا، لە ژێر کاریگەریی هۆکارە ڕۆشنبیری و زانستی و سۆسیۆلۆژییەکانی سەردەمی خۆیەتی و لەسەرێکی دیکەشەوە پێوەندە بە شیان و هۆشمەندیی مەعریفییانەی دەقنووس و ڕوانینی بۆ پرۆسەی ئەفراندن و «ئەدەبیبوون» و ئەو ستایلەی کە لەم پرۆسەیەدا کاری پێ دەکات. لێرەوەیە کە دەقە شیعرییەکان، نەك هەر لە نێوان دوو قۆناغی جیاوازدا، بەڵکو لە سنووری یەك ژینگە و قۆناغ و تەنانەت لە نێو خودی بەرهەمی تاکە شاعیرێکیشدا، دەقەکان لە هەموو ڕوویەکەوە فۆتۆکۆپیی یەکدی نەبن و هەر دەقێك، یان هەر کۆمەڵە دەقێك- کەم یان زۆر- خودان کەسایەتیی هونەرییانەی خۆی بێت. ئالێرەشەوە هەر داڕشتنێك لە سنووری قۆناغ و پێکهاتەی کەسایەتییە هونەرییەکەیدا، هەڵگری چێژ و بەهای خۆی دەبێت.

ئاشکرایە بابەتی چێژ و بەهای دەقی شیعری، بابەتێکی ئاڵۆز و فرە

جەمسەرە و گرێدراوە بەچەندین بابەت و هۆکار و دۆخی جیاجیاوە، وەك (ڕێژەییبوونی چێژ و بەها بەپێی پەیامگر لە بەرامبەر دەقەکەدا، جیاوازیی ڕوانین لە خودی ئەدەب و ماهییەتی چێژ... تاد).

ئێمە لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین، لە ئاست چەند دەقێکی شیعری کوردیدا قسە لەسەر چۆنێتی و چەندایەتی دیارکەوتن و نەکەوتنی چێژ و بەهای دەقەکان لای پەیامگر (خوێنەر، گوێگر، ڕەخنەگر) بکەین؛ چونکە قسەکردن لەسەر (چێژ و بەها)ی دەق، ڕاستەوخۆ جەمسەری سێیەمی پرۆسەی نووسین دێنێتە ئاراوە کە بریتییە لە پەیامگر «المتلقي».

ڕاستە هەڵوێستی پەرچە کردارانەی پەیامگر لە ئاست چێژ بینین و نەبینین و پەیبردن و نەبردنی بە بەهای هەر دەقێکی شیعری، مەسەلەیەکی نسبییە و چەسپاو نییە و بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری و شیان و ڤیانی ئەدەبییانە، لە کەسێکەوە بۆ کەسێك و لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دی دەگۆڕێت، هەر بۆیەشە زەحمەتە پێوەرێکی دیاریکراو بۆ چێژ و بەهای دەق لە چەند قۆناغێکی جیاجیادا دابنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ جار دەکرێ چەند سیما و سنوورێك لە نێوان دەقەکان و حاڵەتەکانی دەرکەوتنی کاردانەوەی پەیامگر دیاری بکرێت کە تاڕادەیەك هەڵوێستی پۆزەتیڤی، یان نێگەتیڤییانەی پەیامگر لە ئاست چەند دەقێکدا بەدیار بخات.

کەواتە لێرەدا پرسیاری سەرەکیی ئێمە ئەوەیە کە پەیامگر چۆن و کەی هەست و دەرك بەچێژ و بەهای نێو تێکستێکی ئەدەبی دەکات؟ ئاخۆ هەموو دەقێکی ئەدەبی لە هەموو دۆخ و چوارچێوەیەکدا دەتوانێ لەگەڵ پەیامگردا جۆرە کارلێکردنێك بخوڵقێنێ و زەین و زەوقی خوێنەر بورووژێنێ؟

ئێمە پێمان وایە جۆر و سروشتی پێکهاتەی تێکست، لە ڕووی زمان و

کەرەستە و بونیاد و ناسنامە ئەدەبییەکەیەوە، وا دەکات کە چێژ و بەهای هونەری و مرۆیی دەقەکە زیاتر و زووتر لە چوارچێوەی کردەکەیدا، یان پرۆسەیەکدا بۆ پەیامگری دەردەکەوێت. لێرەدا ئاماژە بەچەند چوارچێوە «سیاق»ێك دەدەین:

## دەق لە نێو پرۆسەی ستراندا

هەندێ جار و هەندێ دەق لە ڕێگای میکانیزمای پرۆسەی سترانێکدا زیاتر و زووتر چێژ و جوانی بەهاکانی بۆ پەیامگر دەردەکەوێت. ڕۆڵ و کاریگەریی کەرەستەکانی گۆرانی (ئاواز، مۆسیقا، دەنگ و چڕین) بەسەر ئەم جۆرە دەقانەوە، ئەوکاتە دەردەکەوێت، کە دەبینی دەقەکە دوور، یان بەر لە کردەی بەگۆرانیکردنی، زمانێکی سادە و ناسکی هەبووە و زۆریش نزیك بووە لە زمانی ڕۆژانەوە، مەگەر هەر ئەوە نەبێت بەکوردییەکی پەتی و ڕەوان داڕێژراوە. دواتر لە ڕێگای چێژی گۆرانییەکەوە، پەیامگر چێژ لە دەقەکەش وەردەگرێت، کاتێ گوێبیستی چەند دەربڕینێکی کاریگەر دەبێت کە ئەم دەربڕینانە بۆخۆشیان لە زمانی ئاخاوتنیشدا جوان و کاریگەر و سەرنجڕاکێشن، کە ڕەنگە دەلالەتی بەرائەتی و سووتان و بەئەمەکی و پەشیمانی و نامۆیی و بێنازی ببەخشن، لێرەدا سیحر و هێزی موگناتیسی ئەم جۆرە دەربڕینانە بۆ ڕاکێشانی پەیامگر، ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە لە زمانی ئاخاوتنماندا سەرنجمان لێیان نەداوە و لە ژێر کاریگەریی پاڵەپەستۆی باری سایکۆلۆژیماندا دەرکمان بەجوانی و کاریگەرییان نەکردووە، یان عەیامێکە ئێمە لە قسەکردندا بەکارمان نەهێناون. پێم وایە نموونەی ئەم حاڵەتە لە نێو هەندێ لەو دەقانەدا بەرچاو دەکەوێت کە هونەرمەندان (بەهجەت یەحیا، عەتا قەرەداغی، حەمە ڕەووف کەرکووکی، خالید ڕەشید، سامان عمر) کردوویانن بەگۆرانی.

لە پاڵ ئەم نموونانەدا، دەقی دیکەشمان هەیە، بۆخۆیان کاریگەرن و

زوو خۆیان ئاوێتەی زەین و زەوقی پەیامگر دەکەن، جا ئەگەر کەسێکیش، بێت و توانای ئەوەی هەبێت لەم جۆرە دەقانە سترانێك ساز بکات، بەشێوەیەك (ئاواز و دەنگ) هاوتەبای ئەزموونی ئەدەبیی دەقەکە بن، ئەوا هێندەیتر دەق لە نێو پرۆسەکەدا جوانتر و کاریگەرتر دەبێت و زیاتریش پەیامگر دەورووژێنێت.

دیارە ئەم قسانەمان مانای ئەوە نییە، کە هەموو گۆرانییەك دەقێکی جوان و سیحراوی لە پشتەوەیەتی، هەروەها میکانیزمای گۆرانییش بەتەنیا ناتوانێ هەموو دەقێك بخاتە نێو زەین و زەوقی پەیامگرەوە.

### دەق لە نێو پرۆسەی خوێندنەوەدا

خوێندنەوە چالاکییەکی ئێستاتیکی و فیکرییە، لەمیانیدا هۆشمەندیی خوێنەر پەیوەست دەبێت بەڕەوتی دەقی ئەدەبییەوە[١] هەڵبەتە دەکرێ کەسایەتیی خوێنەر خودی شاعیر خۆی بێت، یان کەسێکی دیکەی ئاسایی بێت. کەواتە لەسەر و بەندی دەرکەوتن و نەکەوتنی چێژ و بەهای دەق بۆ پەیامگر، قسە لەسەر دوو جۆر حاڵەتی خوێندنەوە دەکەین:

أ- دەق هەیە لە خوێندنەوەیەکی جەماوەریدا، لە چوارچێوەی کۆڕێك، ئاهەنگێك، زووتر و زیاتر کارلێکردنێك لەگەڵ پەیامگردا دروست دەکات و لە بەرامبەریشدا، پەیامگر (کە لێرەدا گوێگرە) هەست بەچێژ و بەهایەکی دەقەکە دەکات.

ئەم جۆرە تێکستانە پتر نەفەسێکی حەماسی و تینێکی شۆڕشگێڕی، یان ڕەخنەیەکی ڕیالیزمییانە، یان هەڵکشان و داکشانی ڕەهەندە ویژدانییەکانی ئەڤینداری بەرجەستە دەکەن. لێرەدا پتر هێز و سیحری ناوەرۆك (جا ئیدیۆلۆژی بێ، یان سایکۆلۆژی بێ)، دەقەکەی لای پەیامگر جوان و سەرنجڕاکێش کردووە؟ بۆیە لەم جۆرە حاڵەتانەدا دەق ڕەزامەندیی پەیامگر مسۆگەر دەکات و بەچەپڵە و حەماسەت و

هەندێ جاریش بەبزە و خەندەشەوە پێشوازیی لێ دەکات، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە ئەم جۆرە تێکستانە، سادە و قسەی ئاسایین و خاڵین لە سیمای هونەری، نەخێر، بەڵکو هێندە هەیە ئەم جۆرە دەقانە و لەم حاڵەتانەدا زیاتر هێزی ڕاکێشانی پەیامگر بۆ خۆیان لە هەڵویستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە وەردەگرن و کەمتر لە بونیادی زمانەوانی ناوەوەی تێکستەکە. واتە هاوکێشەکە لێرەدا زیاتر شۆڕشگێڕییە نەك شیعر گەرایی.. ئەوینییە نەك ئەدەبییە..

دەکرێ نموونەی ئەم حاڵەتانە، بۆ لایەنی ڕەخنە و شۆڕشگێڕییەکەی لە کرداری خوێندنەوە شیعرییەکانی (عەبدوڵڵا) پەشێوی شاعیردا بەدی بکەین و بۆ لایەنە ئەوینییەکەشی لە خوێندنەوە شیعرییەکانی (ڕەنج سەنگاوی)دا بەدی بکرێت.

ب- خوێندنەوەی خودی (تاکەکەسی): کاتێك دەقێکی شیعری، تاڕادەیەك خۆی دوورە پەرێز دەگرێت لە کێش و قافیە، بەمانا و شێوە تەقلیدییەکەی، لە ڕووی کورتی و درێژیشەوە، شیعرێکی درێژ دەبێت و ڕەنگە ١٠ -١٥ لاپەڕە، یان پتریش بگرێتەوە، ئا لەم جۆرە حاڵەتانەدا، چێژ و بەهای هونەری و بابەتییانەی دەق لە کردەی خوێندنەوەیەکی سەرپێیێ و جەماوەریدا بەدیار ناکەوێت و ئەم جۆرە تێکستانە پێویستیان بەوەیە کە پەیامگر (خوێنەر - ڕەخنەگر) بەتاقی تەنیا بۆ خۆی دەقەکە بەتێڕامان و وردبوونەوەوە بخوێنێتەوە، مەرجیش نییە ئەم کارە بەیەك جاری خوێندنەوە ڕایی بکرێت، بەڵکو دوور نییە دوای چەندین جاری خوێندنەوە، ئینجا سیحری جوانی و ئاماژە و هێماکانی پشتەوەی چنینە زمانەوانییەکەی دەق بەدیارکەوێت.

لێرەدا دەبینرێت کەسایەتیی پەیامگر، لە چەند لایەنێکەوە کەسایەتییەکی جیاوازە لە کەسایەتیی ئەو پەیامگرەی شیعرەکەی بۆ

دەخوێنرێتەوە لێرەدا پەیامگر بۆ خۆی بڕیاردەر و ئەنجامدەری پرۆسەی خوێندنەوەیە. جیاوازیی نێوان ئەم دوو جۆرە پەیامگر لەم دوو حاڵەتەی خوێندنەوەدا، هاوکات و هاوشانی گۆڕان و جیاوازیی نێوان پێکهاتەی دوو جۆر دەقیشە لە ڕووی زمان و کەرەستە و گەمەی هونەرییەوە.

## دەق لە نێو پرۆسەی توێژینەوەی ڕەخنەییدا

پێکهاتەی بونیادی زمانەوانی و فێڵە ئیستاتیکییەکانی هەندێ دەق، بەئاسانی خۆیان نادەن بەدەست زەین و زەوقی پەیامگرەوە، بۆیە ئەم جۆرە دەقانە نەك هەر کەڵکی خوێندنەوەی بەردەم جەماوەریان نییە، بەڵکو بەیەك دووجار خوێندنەوەی تاکەکەسیش چێژ و بەهاکەی دەرناکەوێت. ئەم جۆرە تێکستانە دوای توێژینەوەیەکی وردی بابەتییانە و بەکەڵك وەرگرتن لە میکانیزمای میتۆدێك یان چەند میتۆدێکی ڕەخنەیی، دەشێ هەندێ ئەدگاری هونەرییانەی دەربکەوێت و لێرەیشەوە پەیامگر بورووژێنێت. هەڵبەت میتۆدێك تەبا و گونجاو بێت لەگەڵ ئەزموونی ئەدەبیی دەقەکە، چ لە ڕووی ئیستاتیکی و چ لە ڕووی بنەمای بابەتییەوە. دەکرێ بڵێین هەندێ لەو تێکستانەی کە بەناوی «فۆرمی گران» و «دەقی نوێکار» و «نوێخوازی» و «ئەفراندن و تێکشاندن و تەغریبکردنی زمان»ەوە پێشکەش کراون. نموونەی ئەم جۆرە حاڵەتە بن، لێرەدا دەکرێ ئاماژە بەدەقەکانی (ئەنوەر مەسیفی) و (سەباح ڕەنجدەر)ی شاعیر بدەین وەك نموونەیەکی ئەم جۆرە دەقانە.

بێگومان ئەم مەسەلەی دەرکەوتن و نەکەوتنەی چێژ و بەهای دەقی شیعری، هەروەك لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێ کرد بابەتێکی فرە جەمسەر و بەنێویەکداچووی ئاست و جۆرەکانی پەیامگرە لەگەڵ جیاوازیی نێوان ئەو جیهانبینی و ئەدەب بینییەی کە تێکستەکانی لەسەر داڕێژراوە.

هەڵبەتە هەریەك لەم دوو جەمسەرە، پەیامگر و جیهانبینیی دەقنووس بیروبۆچوونی جیاوازی لەسەرەو هەرمیتۆدێکی ڕەخنەیی تیۆرێکی ئەدەبی لە گۆشەنیگای خۆیەوە تەماشای ئەم دوو جەمسەرەی کردووە. ئێمە لێرەدا بەگشتی و بەئەندازەی نزیك بوونی لە یاساکەمانەوە، ئاماژە بەچەند لایەنێکی دەدەین.

بە بۆچوونی ڕەخنەگر و تیۆریستکاری ئەڵمانی (H.R.JAUSS) کاردانەوەی پەیامگر لە ڕووی کارلێکردن و ئاوێتە بوونیەوە، لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا بەمەبەستی تێگەیشتن و چێژ وەرگرتن و ڕاڤەکردن و چۆنێتی دواندنی دەقەکەش پێوەندە بەچەند فاکتەرێکەوە(٢):

- ئەو زانیاری و شارەزاییەی کە (خوێنەر، پەیامگر) هەیەتی سەبارەت ئەو ژانرە ئەدەبییەی کە دەقەکە لەخۆدەگرێت.
- تا چ ڕادەیەك خوێنەر ئاشنای ئەو پێکهاتە بابەتییانەی دەقەکەیە، کەوا دادەنرێ خوێنەر دەرکیان پێ بکات.
- خوێنەر تا چ ڕادەیەك شیانی جیاکردنەوەی نێوان زمانی ئیستاتیکی و زمانی ژیانی ڕۆژانە و دنیای واقیعی و جیهانی ئەندیشە کراوی هەیە.

جا هەروەکو «یاوس»یش ئاماژەی پێ داوە، هەڵوێست و ئاستی پەیامگر و لە بەرامبەر ئەم سێ هۆکارەدا، ڕادەی دووری و نزیکییەی لە جیهانی دەقەکە، یان هەروەك ئەوەی «یاوس» پێی دەڵێت: «مەودای ئیستاتیکی»(٣) دیاری دەکات.

لە بەرامبەر پەیامگریشدا، ئەوە جیاوازیی ڕوانین و تێگەیشتنی دەقنووسە لە چەمك و پەیامی ئەدەب کە دەقی ئەدەبی تاڕادەیەك سانا و تاڕادەیەك ئاڵۆز دەخاتە بەردەستی خوێنەرەوە.

ئەو ئەدیب و دەقنووسەی کە پێی وایە، شیعریەت و ئەدەبیبوون، پتر ئیشکردنە لە ناو زمان و خوڵقاندنی زمانێکی نوێیە و (شیعری نوێ ئەو

هونەرەیە کە ئەرکێك بەزمان دەبەخشێت زمانی ئاسایی نەیکردووە و پێی ئاشنا نییە[٤]، ئیدی لێرەوە زمانێکی سرووش بەخش «ایحائي» دێتە ئاراوە، کە مانا و دەلالەتی وشە و فرێزەکانی لە دەرەوەی فەرهەنگ و زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە دەبن و لە سنووری پەیوەندییەکانی ناوەوەی دەقەکەدا مانا لەخۆدەگرن و ئاماژە و نیشانەکانی لە نێو خۆیاندا دەردەکەون. هەڵبەتە شاعیر ئەم گەمە زمانەوانییە لە ڕایەڵکردنی خەون و ئەندێشەی دنیابینی خۆیدا دەرەخسێنێت، ئەمەش بەکەڵك وەرگرتن لە کەرەستە ئەفسووناوییەکان و خودی کرداری بەئەفسانەکردن و میکانیزمای جیاجیای جۆرەکانی ترازان و لادانی زمانەوانی، کە لادانی سیمانتیکی لێ دەکەوێتەوە و سەرئەنجام دەقێك لە دایك دەبێت، کە هەموو خوێنەرێك ناتوانێ بەئاسانی کۆد و نیشانەکانی بدۆزێتەوە و ئاشنایەتییەکیش لە نێوان پەیامگر و ئیستاتیکای دەقەکە دروست نابێت؛ بۆیە ئەم جۆرە تێکستانە هەروەکو «د. عبدالله الغذامی» دەڵێت: کار و پێکهاتەیەکی چڕ و ئاڵۆزن و کات و هەوڵێکی باشیان دەوێت بۆ لێوردبوونەوە و لێگەیشتنیان و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیان بەخوێندنەوەیەکی بێدەنگی تاکە کەسییە.[٥]

ئەمەیە خاڵی سەرەکیی ئەم کورتە نووسینە «دۆخ و چوارچێوەی دەرکەوتنی چێژ و بەهای دەق». دەق هەیە لە چوارچێوەی کردەی ستراندا و دەق هەیە لە خوێندنەوەیەکی تاکە کەسی و بێدەنگی و بەئامادەبوونی میتۆدێکیش ئینجا چێژ و بەهاکەی بۆ پەیامگر ئاشکرا دەبێت. ئەم سەرنجەیش کە لێرەدا ئاماژەمان پێدا، یاسایەکی نەگۆڕ و چەسپاو نییە و شورایەکی پۆلاییینی لە نێوان ئەم حاڵەتانە دروست نەکردووە، بەدەربڕینێکی دی مەبەستمان ئەوە نییە هەرچی دەقێك هەیە کە کرایە گۆرانی، ئەوە دەقێکی کاریگەر و وروژێنەرە، یان ئەو دەقەی کە پێویستیی بەخوێندنەوەی قووڵە، ناکرێتە گۆرانی، یان ئەو دەقەی کە نەکرایە گۆرانی، مانای وابێت خاڵییە لە داهێنان، نەخێر ئەم جۆرە

دەرەنجامانە ناکرێ ڕەهابن و بەتایبەتی لێرەدا پتر مەسەلەکە گرێدراوە بەکەسایەتیی پەیامگرەوە، کە جۆر و ئاست و هەڵوێست و ژین و ژینگەی قسەی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەم ڕاستییانەشدا ئێمە دەتوانین بۆ سەرنجەکانمان چەند نموونەیەك بهێنینەوە و بڵێین، لە خوێندنەوەیەکی جەماوەریدا بۆ دەقی «ئۆپێرای گا»ی ئەنوەر مەسیفی، نەك هەر پەیامگر چێژی لێ وەرناگرێت و پەی بەبەهای هونەریی دەقەکە نابات، بەڵکو پەیامگر پتر تووشی بێزاری و ناڕەزایبوون دەکات و دەکەوێتە پرسیار و گومانیشەوە لە ناسنامەی ئەدەبی ئەو دەقەی گوێبیستی دەبێت(*)

د. فەرهاد پیربال، چەند دەقێکی دوو توێی کتێبی (سپیاییەکانی ناو ڕەش، ڕەشاییەکانی ناو سپی) بەدەم مۆسیقاوە دەخوێنێتەوە.(**) ئینجا لێرەدا هەندێ دەق هەیە نەك هەر مۆسیقا ناتوانێ لای پەیامگر شیرین و چێژداری بکات بیخاتە زەین و زەوقییەوە، بەڵکو قابیلی خوێندنەوە نییە؛ بۆ نموونە پێکهاتەی ئیستاتیکی هەندێ دەق هەیە وەکو دەق (i)

i
لە
پاریس
جارجار
دەچم
لەسەر
بڵندترین
دوندی
بورجەکەی
ئیڤیل
ڕادەوەستم؛
هەموو شوێنێکم لێوە دیارە:
تەنیا هەولێر نەبێ!

خوێندنەوەی بەتەنیا زۆر سادەی دەکاتەوە، یان دەیشێوێنێت؛ چونکە دەقێکی وێنەییە و دەبێ چاو (بینین) بەشداری بکات لە مامەڵەکردن لەگەڵیدا، یان تۆ وەرە سەرنجی دەقی «شیراتون لەبەر باراندا»، یان دەقی «پەڕگاڵ» بدە، چۆن و لەگەڵ چی مۆسیقایەك دەیخوێنیتەوە؟ ئەمە کارێکی بێهوودە، یان نارێکی لێ دەکەوێتەوە.

دەکرێ لەم میانەدا بڵێین، ئۆباڵی ئەم جۆرە تۆرانەی نێوان دەق و پەیامگر لە ئەستۆی نەگونجاویی ئەو چوارچێوەیەیە کە دەقەکەی تێدا خراوەتە بەردەم پەیامگر.

## پەڕگاڵ

دراو:

کوردستان – (١٩٩٢ – ١٩/٥ = ٠٠٧ – ١٩ پارچە عەردێك ٠,٠٧ + باوك و دایك و سێ خوشك و سێ برا + ١٩ دینار = س٢– ٣٠٠

داواکراو: شیعر = ٠,٠١٣

خۆشەویستی و برایەتی + برادەرایەتی + خزمایەتی = (ص × ٢/١)

٢٠٠٠ دینار = پۆلیس هێنانە سەر ماڵی زاوا و هەڕەشەکردن لە برای خۆبەکوشتن (١÷٥) + ئوتومبێلێکی بەرازیلی = ٩٩٠٠٠,٥٠٠ دینار

٠,٠١٣ + (ص × ٤/١) = ١٠٠٥ + میراتی باوك (دوکانێکی قەسابی)

دەشزانین کە س٢ – ٣٠٠ + (ص × ٢/١) = ٣٠٠ دۆلار

هەروەها

هونەر و داهێنان و جوانی + قەڵای هەولێر = (–١ × ٤٦).

کەواتە:

س٢ – ٣٠٠ + (١÷٤٦) × ٤٠٩٠٠ + کوردستان هەمووی یەکسانە بە(٢٥) دۆلار.

تێبینی:

٠,٠١٣ دینار دەمێنێتەوە.

## پەراویزەکان:

(١) گۆڤاری «الاقلام» ژ (١) ١٩٩٩، ل٢١.

(٢) گۆڤاری «الاقلام» ژ (٥) ١٩٩٩، ل٢٣.

(٣) هەمان ژێدەر.

(٤) د. محمد على مقلد، الشعر والصراع الايديولوجى، ص ٧٨.

(٥) د. عبدالله الغذامى، تشريح النص، ص ١٠٢.

(*) لە بیرم نییە چ ڕۆژ و کاتێ بوو، کە (مەسیفی)ی شاعیرم لە گولان (T.V)ەوە بینی و هەڵە نەبم لە هوتێلی چوارچرا بوو لەبەردەم کۆمەڵێك خەڵکدا شیعری خۆی دەخوێندەوە. زۆر بەزەقی دەموچاوی ئامادەبووان نا حاڵیبوون و نەگونجاوی نێوان خۆیان و دەقەکەیان پێوەدیار بوو، وەك بڵێی نەیان دەزانی هەڵوێستیان چۆن بێ لە ئاست دەقەکە و شاعیردا.

(**) جێگای ئاماژەیە د. فەرهاد پیربال لە کاسێتێکدا بەدەنگی خۆی و لەگەڵ مۆسیقادا هەندێ لە دەقەکانی خۆی دەخوێنێتەوە و کاتی خۆی دانەیەك لەم کاسێتەی بەدیاری پێشکەش کردم.

## ٣

# نووسینی عەشق
# عەشقی نووسین

پەیوەندیی نێوان ئەوین و ئەدەب پەیوەندییەکی بەتین و دێرینە، دێرین بەقەد دێرینیی مرۆڤ و پەیڤ (دەربڕینی جوان). لەمێژە عەشق بەمانا و مەودا جیاجیاکانییەوە، بووەتە هەوێن و بنیادی بابەتییانەی هەزاران تێکستی ئەدەبی.

ئەمڕۆ بەچاوخشاندنێکی خێرا، بە دنیای چاپەمەنییە ئەدەبی و بەناو ئەدەبییەکانماندا ئەوە بەدی دەکەین کە چەمك و پەیڤەکانی (عەشق، ئەوین، خۆشەویستی، عاشق، ئەڤین) ئامادەبوونێکی دیار و زۆریان بەناوونیشان و ناوەرۆکی کۆمەڵێك بەرهەمەوە هەیە. لەم ڕۆژانەدا تەنیا لە یەك دوو کتێبخانەدا، چاوم بەکۆمەڵێ ناوونیشانی لەم بابەتە کەوت، وەك:

- عەشقی تۆ، شیعر.
- خەونی عاشقێك، چیرۆك– شیعر، نامە،...
- عەشقی من و تۆ، شیعر.
- ڕۆحم لەپێناو خۆشەویستییا ئەسپێرم، کورتە ڕۆمان.
- ئەوینێکی کۆچکردوو، هۆنراوە.
- عاشقە بەنازەکانی پایز، ڕۆمان.
- خۆشەویستی من و تۆ، شیعر.
- شۆڕشی عەشق، شیعر.
- چۆڕاوگەی فرمێسکی عەشق و خەم، هۆنراوە.

– خۆشەویستی و خیانەت، ڕۆمان.

– کەس وەکو من عاشق نەبوو، ڕۆمان.

هەڵبەتە دەکرێ لە زۆر ڕووەوە قسە لەسەر ئەم بەرهەمانە بکرێت، وەك هۆکار و زەمینەی لەدایکبوونیان، سیما و ئەدگارەکانیان، شوێن و پێگەیان لەسەر نەخشە و جوگرافیای ژانرە ئەدەبییەکاندا، چۆنێتی و چەندایەتیی مانا و ڕامانەکانی چەمکی عەشق لە نێو ئەم جۆرە بەرهەمانەدا.

بەر لەم لایەن و تەوەرانەیش، خودی مەسەلەی ئامادەکردن و بەرجەستەکردنی بابەتی عەشق و وەفا و ئەڤینداری لەم سەدەی «تەکنۆبەردینە»ی ژمارە و پووڵ سالارییەدا، لەم ڕۆژگاری کاڵبوونەوەی بەها مرۆییەکاندا، خۆی لە خۆیدا جێگای سەرنج و پرسیاریشە، یان لەم زەمەنەی کە «مەرگی شیعر»ی تێدا ڕاگەیەنراوە، بوونی ئەم هەموو دیوانە شیعرییە –بەچاوپۆشین لە چۆنێتیی ئاستیان– مانا و دەلالەتی خۆی هەیە.

لێرەدا دوور لەم باس و تەوەرانە و نزیك لە مەبەستی ئەم چەند دێڕە، دەمەوێ سەرنجی نووسەری ئەم جۆرە بەرهەمانە و هاوشێوەکانی–کە زۆربەیان گەنج و تازەهەڵچوون– بۆ ئەوە ڕابکشێم کە پرۆسەی «بەئەدەبیکردنی عەشق» گەلێك لەو کارە قووڵتر و وردترە، کە تۆ بێیت و سادە و ساکارانە باس لە شەیدایی هاتن و نەهاتنی یار و زیزبوونی دۆستەکەت بکەیت.

لەپێناو نووسینەوەی ئەزموونێکی عەشقانە، بەزمانێکی ئیستێتیکیانە، پێویستە دەقنووس هەروەك چۆن عەشقی بۆ یارەکەی هەیە، ئاوەها عەشقیشی بۆ (پەیڤ و زمان و نووسین) هەبێت، تا بتوانێت ئەفراندنێك چێ بکات و ئەو دەمە دەتوانێت زاراوەیەکی ئەدەبییانە بەسینگی

بەرهەمەکەیەوە بنێت. ئەگەر نا، دوور لەم هەلومەرجە بەرهەمەکە دەبێ بەگێڕانەوەی هەواڵ، یان ئاخاوتنێکی ڕۆژانە و ڕەنگە تەنیا هەندێ قافییەی پێوە لکێنرابێت. لەپێناو پتر چڕکردن و جوانکردنی ئەزموونی ئەدەبییانەی دەقیشدا، چێترە دەقنووس لە یەك گۆشە نیگاوە تەماشای چەمکی ئەوین و عەشق نەکات، چونکە خودی ئەم چەمکە فرە ڕەهەندە و مانا و مەبەستی جیاجیا هەڵدەگرێت.

مخابن بەشی هەرە زۆری دەقەکانی ئەم بەرهەمانەی ئاماژەمان پێ دان، چەمکی عەشقیان لە جوغزێکی دیاریکراودا بچووك کردووەتەوە و هێندەی «ڤیان»ی «یار»ی تێدا بەدی دەکرێت، شیانی داهێنانی تێدا نابینرێت. هەر لەبەر ئەمەشە پتر نزیکن لە «ئەوینەوە» نەك لە «ئەدەبییەتەوە».

لێرەدا دەشێ بڵێین، دەقی جوان و سەرنجڕاکێش، ئەو دەقەیە کە دوو عەشقی ئاوێتەی یەکدی کردبێت و نووسەر بەدەم نووسینەوەی عەشقێکی پەیام بەخشەوە، عەشقی بۆ نووسینەکەیشی بەرجەستە کردبێت.

٤

# گۆشەگیریی شیعری نوێ، بۆچی؟

بەڕای «جۆزیف ئابیشتاین»ی ڕەخنەگر کە مامۆستای ئەدەبە لە زانکۆی(North Westrn) لە (ئەلینۆی)، شیعر لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا لە بۆشاییدا گەشە دەکات، سەرەڕای ئەوەی کۆڕی شیعر خوێندنەوە و گوێگرانیشی لە زیاد بووندایە، بەڵام واپێ ناچێت کە شیعر جێگا و ڕۆڵێکی دیار و سەرەکیی هەبێت لە ڕۆشنبیریی ئەمەریکیدا. ناوبراو لە گۆڤاری «دیالۆگ» کە گۆڤارێکی وەرزیی ڕۆشنبیرییە لە واشنتۆن دەردەچێت، قسەی لەسەر چارەنووسی شیعر کردووە و دەپرسێ:

ئایا شیعر هونەرێکە لە سەرەمەرگدایە و خەریکە بەرەو نەمان دەچێت؟

## کێ شیعری کوشت؟

لە کاتێکدا کە شاعیری ئەمەریکیی هاوچەرخ «دۆناڵد هۆڵ» ستایشی شاعیران دەکات و دروشمی «بژی شاعیران» بەرزدەکاتەوە، ئابیشتاین بەردەوام باسی مان و نەمانی شیعر دەکات دەپرسێ: کێ شیعری کوشت؟ لەم پرسیارکردنەیشدا لۆمە و سەرزەنشتی گۆشەگیری و دووره پەرێزیی شاعیران دەکات کە لە جیاتی دواندنی خەڵکی، لەناخی خودی خۆیاندا گیریان خواردووە.

ئابیشتاین وای بۆ دەچێ کە شاعیرانی ئێستا ناتوانن وەکو «والاس ستیفنز» و «ئەلیۆت»، شاکاری ئەدەبی بنووسن، کەچی «دۆناڵد هۆڵ»ی شاعیر پشتگیری ئەم ڕایە ناکات و دەڵێ: داهێنانی شاعیرانی ئێستا لە لانکە و بنکەی «زاتییەت»ەوەیە، بەڵام ئابیشتاین دژی ئەم «زاتییەتە»یەو پێی وایە هۆکار و سەبەبکاری گۆشەگیریی شیعری نوێیە.

«دۆناڵد هۆڵ» دەڵێ، نزیکەی دوو سەد ساڵە ئەوانەی بۆ شیعر دەگرین، باسی مردن و نەمانی شیعری نوێ دەکەن، کەچی لەگەڵ ئەمەشدا هەموو ڕۆژێك شاعیرێکی نوێ لە دایك دەبێت و شیعری وا پێشکەش دەکات، ڕەزامەندیی نەوەکانی داهاتوو بەدەست دێنێ.

هەروەها «دۆناڵد» دەڵێ: شیعری نوێ، تەنیا پێویستی بەخوێنەرە و هیچی تر، خوێنەرێکی زرنگ و وردبین و هەست ناسك، شیانی ئەوەی هەبێت بەرهەمی چاك و خراپ لە یەکدی جیا بکاتەوە. ئابیشتاین لەسەر وتەکانی بەردەوام دەبێ و دەڵێ: من وەکو خاتوو «ماریان مۆر»ی شاعیری ئەمەریکی بەخوێنەر ناڵێم، شیعرت خۆش نەوێت، چونکە زۆرشت لە شیعرەوە فێربووم پتر لە هەموو شێوازێکی دەربڕینی دی دەبێتە مایەی باڵابوونی هەست و بیر و گیانی مرۆڤ... وای دەبینم کە شاعیران پتر لە ئاسمانەوە نزیکن؛ چونکە خەیاڵیان لە ئاسمانی جیهانێکی تایبەتیدا وەك مەلێکی بەرزەفڕ دەدا لە شەقەی باڵ تا تێکەڵ بەکەشوهەوای داهێنانێکی شیعری دەبن.

شیعر لە سەردەمی هەردوو شاعیری ئینگلیزی براونینگ و تێنسۆن لە چاو ئێستا پتر گوێگر و خوێنەری هەبوو، بەڕای «ئەلیۆت» هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێستا شیعر لە چاو جاران ئاڵۆزتر بووە، ئاڵۆزییەکەش لەوەدایە کە بەرهەمی شیعری دوور کەوتووەتەوە لە شێوازی ڕاستەوخۆیی وردبوونەوە و بیرکردنەوەی زیاتری دەوێ، دیارە ئەمەش دەرەنجامی ئاڵۆزبوونی شارستانیەتی نوێیە.

ئابیشتاین زیاتر لەسەر وتەکانی دەڕوات و دەڵێ: شیعری هاوچەرخ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا لە بۆشاییدا گەشە دەکات، ئەمڕۆ زیاد لە ٢٥٠ زانکۆی ئەمەریکی هەیە کە پڕۆگرامی شێواز و ڕێبازی نووسینی بەرهەمی داهێنەرانە وەکو بابەتێك دەخوێنن و لە هەر زانکۆیەکیش بەشی تایبەتی هەیە بۆ شیعر.

لـەم بـەشانـەدا شیعـر وەکـو وانـەیـەك دەگـوتـرێتـەوە و دەخـوێنـدرێ و زۆرکەسیش وانە بێژیی شیعریان کردووەتە پیشەی خۆیان.

هـەمـوو ئـەمـانـە دەکرێت، بێ ئـەوەی ڕۆڵێکی کـاریگـەرمـان هـەبێت لـە پێگەیاندنی شاعیرێکی ڕاستەقینە. چاومان بە بەرهـەمێکی زۆر دەکەوێت کە بەناوی شیعرەوە بڵاودەکرێنەوە، بەڵام بێ ئەوەی شیعرێکی ڕەسەنی تـێدا بـێ، دیـارە جـیـاوازیـیـەکی زۆر هـەیـە لـە نێوان شیـعرێکی ڕەسەن و شیـعرێکـی داتـاشراوی بـەزۆر نـووسراودا. ئـابـیشتـایـن دەڵـێ: شاعیری گەورەی ئـەمـەریکی «ڕۆبـەرت فرۆست» لـە تـەمـەنی هـەشتا ساڵیدا ئاماژەی بۆ دیاردەی یانە و کۆڕەکانی شیعر خوێندنەوە کردووە و گوتوویەتی: «شتێکی باشە لە هەزار یان دوو هەزار کۆلیژدا لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا شاعیران بوونەتە مامۆستای فێرکردنی شیعر».

لە ساڵی ١٩٨٥ «دۆناڵد هۆڵ»یش پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە لە مـاوەی سی ساڵـی ڕابـردوودا کـۆڕەکـانـی شیـعـر خـوێنـدنـەوە، ئـامـراز و شێوازێکی سەرەکی بوونە بۆ بڵاوکردنەوەی شیعر...

مشتومڕێکی زۆریش لەسەر ئەو مەسەلەیە هەیە کە ئایا کۆڕی شیعر خوێندنەوە کارێکی چاك یان خراپی کردووەتە سەر شاعیران؟

چونکە بە ڕای هەندێك، تەشەنەکردنی دیاردەی خوێندنەوەی شیعر، شاعیر بەرەو بەرهەمی سادە و ساکار دەبات، تاکو پتر جەماوەری هەبێت و سەری ڕەزامـەنـدیـی بـۆ بـلـەقـێنرێ. هـەڵـبـەتـە لـەم جۆرە کۆڕانـەدا ئـەو شیعرانەی کە چەند مانایەك دەبەخشن و تا ڕادەیەك تەمومژاوین وەکو شیعرەکانی «والاس ستیفنز» کەمتر ڕەزامەندیی خەڵکی بەدەست دێنن لە چاو شیعرێکی سادە و ساکار کە مەبەستەکەی ڕوون و ئاشکرا بێت.

ڕاستـە دەزگـاکـانی بڵاوکردنـەوە بـەشێوەیـەکی گشتی ئـەوەنـدە مـەیـلـی بڵاوکردنەوەی دیوانی شیعرییان نییە و گرنگیی پێ نادەن، بەڵام چەندین

گـۆڤــاری وەرزی و هــەیـڤــانــە هــەیــە لــە سەرووی هــەمــوویــانــیشەوە «نیویۆرکەری» کە تاڕادەیەکی باش بەرهەمی شیعری بڵاودەکەنەوە.

لە ساڵی ١٩١٢ەوە گۆڤاری «شیعر» بڵاودەکرێتەوە و هەتا ئێستاش بـەردەوامـە و چـەنـدین گـۆڤـاری بـچووکیش کـە چـەند سـەد دانـەکیـان لـێ بڵاودەکرێتەوە شیعر بڵاودەکەنەوە.

سەرجەم ئەو گۆڤارانەی کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا شیعر بــڵاودەکــەنــەوە بــەپــوول و پــارە یــارمــەتــی دەدرێن... ئـێستـا گـەر لـەم گـۆشەنـیـگــایــەوە سەرنـج بـدەیـن دەبـیـنـرێ شیـعـر لـە گـەشەکـردن و بڵاوبوونەوەدایە.

## گۆشەگیریی شیعری نوێ

بەڵام سەرەڕای ئەمانە شیعری هاوچەرخ لە بۆشاییدا دەژی، هەرچەندە شاعیران بنووسن و یارمەتیش بدرێن، هێشتا ئەم هونەرە لە بازنەی دیاریکراوی چەند خوێنەرێکدا نەچووەتە دەرەوە. ئێستا شیعر وەکو جاران خوێنەر و جەماوەرێکی بەرفراوانی نییە و شیعر لە سەنتەری ڕووداوەکان دابڕاوە و بووەتە بەرهەمێکی لاوەکی.

دەبێ مرۆڤ ئەو کاریگەرییەش لە یاد نەکات کە سەرە ڕۆییی بزاڤی «نـوێخـوازی» کردییـە سەر شیـعر و شاعیران. ئیدی لـەو ڕوانگـەیـەوە کـە سیستـم و سروشتـی ژیـان گـۆڕانـێکـی ڕەگـوڕیشەیـی بـەسەردا هــاتـووە و پێویستە لەسەر شاعیران نوێخواز بن و لە ئاست ئەم گۆڕانکارییانەدا بن، چەندین شاعیر دەستیان بۆ شێواز و ڕێبازی نوێ دەبرد و پەنایان دەبردە بەر «شیعری ئازاد» و «دەربڕینی پچڕ پچڕ» و سەپاندنی هەندێ بابەت بەسەر شیعردا کە سروشتی شیعر نایان گرێتە خۆی.

هـەروەهـا هـەڵوێستیانیش بـەرامبـەر «خوێنەر»، گۆڕا و هیچ حیسابێکیان بـۆ ڕۆڵ و تـێگـەیشتـنـی خوێـنـەر نـەدەکرد و ڕایـان وابـوو کـە تێگـەیشتـنـی

خـوێنـەر لـە دەقـە ئـاڵۆز و تـەمومـژاوییـەکـانیـان تـەنـهـا کێشەی خـوێنـەر خۆیەتی.

لە ساڵی ١٩٤١ «ویلمۆر شوارتر» گوتارێکی بەناونیشانی «گۆشەگیریی شیعری نوێ» نووسی، تیایدا دەڵێ: «ئەوەی کە جێگای سەرنج و تێڕامانە یەکەم شت ئەوە نییە کە شاعیر جەماوەری نییە؛ چونکە ئەوەی کە شایانی لێوردبوونەوەیە ئەوەیە کە زۆر بەزەحمەت لە شیعری نوێ دەگەین»

بەڵام «شوارتر» هەر خۆی کەمێك لە ڕادەی ئەم دژواری و ئاڵۆزییە کەم دەکاتەوە و دەڵێ: «هەندێ حاڵەتی تایبەتی نەبێت تێگەیشتنی شیعرێکی نوێ هەر هێندەی فێربوونی یارییەکی نوێ کات و ماندوو بوونی دەوێت»، بەڵام هێشتا شیعر هەر بێ جەماوەرە لە سیمینارێکدا بەناونیشانی «تەم و مژی شاعیر» «ڕاندل جاویل» ئۆباڵی ئەم مەسەلەیە دەخاتە ئەستۆی خراپی و نزمیی ئاستی ڕۆشنیریی گشتی.

## هۆیەکانی گۆشەگیری چین؟

چ شتێك وای کرد کە شیعری نوێ تووشی گۆشەگیری بێت و لە خەڵکی دابېڕێت و شوورایەکی پتەو بکەوێتە نێوان شیعر و خوێنەرانەوە؟ ئەرێ شیعر لە سەردەمی کلاسیکییە کۆنەکاندا لە «هۆمیرۆس»ەوە پێدا وەرە تا شاعیرە ڕۆمانتیکییە لێهاتووەکانی وەك «شیلی» و «بایرۆن» و «گۆتە» و «شیلەر»، زمان و دڵی زیندووی پڕ جۆش و خرۆشی میللەتان نەبووە؟ ئەی کەواتە شیعر لە جیهاندا بەگشتی و شیعری ئەمریکیی هاوچەرخ لە چی ئاستێکدایە و چی بەسەر هاتووە؟

ڕەخنەگری ئەمەریکیی هاوچەرخ «جۆزیف ئابیشتاین» لەم بارەوە دەڵێ: «بەکارهێنانی کەرەستە و زمانی بیرکاری و زانستەکان و تەکنەلۆژیای نوێ لە دەقی شیعریی نوێدا، چێژ و ناسکیی شیعریان نەهێشت و سەرقاڵ بوون بەشیعری سەربەستەوە Free Verse شیعری بێ

بەش کرد لە چێژی مۆسیقای کێش و سەروا (قافیە). (فێلیب لارکین) پچڕانی هێڵی پەیوەندیی نێوان شاعیر و خوێنەر دەخاتە ئەستۆی ئەوەی کە ناوی لێ ناوە «گومڕایی نوێخوازی» کە هەموو هونەرەکانی تووشی دەرد و نەخۆشی کرد. مەبەستیشی لەمە ئەوەیە کە هونەرمەندی نوێ هونەری لە هەموو تاموچێژ و مفایەك دابڕیوە و هونەری تەنها بۆ چەند چەمك و زاراوەیەکی هونەری دەوێت. بەڵام هەندێکی دی لەو باوەڕەدان کە گلۆربوونەوەی شیعری نوێ، دەرەنجامی ئەو داڕووخان و تێکدانەیە کە دووچاری (زمان) بووە. لەم بارەوە شاعیر و نووسەر «وێندیل بیری» دەڵێ: بەڕای من ئەوە بەدرێژایی سەد و پەنجا ساڵە جۆرە قەبەکردنێکی دەستکردی نا ئاسایی لە زماندا دەبینرێ، یان خاڵییە لە هەموو چەمك و مانایەك یاخود تێکدەری هەموو مانایەك. بەبۆچوونی من ئەم تێکدان و شێواندنی زمانە هاوتەریب بووە لەگەڵ ئەو داڕووخان و هەرەسهێنانەی کە لە هەمان قۆناغدا تووشی سیستمی جڤاکی و فیکریی چەندین چین و گروپ بووە. هەر لەبەر ئەمەش مرۆڤ لە شیعری نوێدا زیاد لەوەی کە چاوەڕوان دەکرێ چاوی بەچەندین بەهای داڕووخاو و تێکدراو دەکەوێت. جا بەهاکان بەهای شیعر بێت یاخود بەهای مرۆڤایەتی بێت.»

ڕەنگە هەر ڕاڤەکردنێك سەبارەت ئاست و باردۆخی شیعر لە سەدەی نوێدا، مەسەلەی گۆشەگیریی شیعر بۆ دوو هۆ بگەڕێنێتەوە:

**یەکەم**: شیعری نوێ زیاتر بۆ چینێکی کەمی دیاریکراو بووە و لە بەشی زۆری خەڵکی دوور بووە.

**دووەم**: دابڕانی شاعیران لە جەماوەر و خوێنەران، کارێکی وای کرد کە شاعیران نەبنە جێگا سەرنجی خوێنەر و دەزگاکانی بڵاوکردنەوەیش.

دوور نییە بۆچوونی شاعیری ئەمەریکی «واڵت ویتمان» ڕاست بێت کە دەڵێ «بۆ ئەوەی شاعیرێکی مەزن و لێهاتوو سەرهەڵبدا پێویستە خوێنەر

و جەماوەرێکی مەزن و لێهاتوویش هەبێت».

هەروا بیروڕای «ویلمور شوارتز»ی ڕەخنەگریش تا ڕادەیەك هەر ڕاستە ناوبراو دەڵێ: «بۆ ئەوەی شیعرێکی بەهێز و بەپێز هەبێت پێویستە شاعیرێکی لێهاتوو هەبێت».

کەسێك نەیگوتووە کە ئەم سەدەیە سەدەی مردنی شیعری مەزنە، لە هەموو سەدە و سەردەمێکدا چەند شاعیرێکی لێهاتوو هەر هەبوونە، ئەگەر ژمارەشیان کەم بووبێت. وێنەیەکی ئەلیوت هەیە ئێستاش لەبەر زۆر و بۆریی شاعیر، ئەگەر شاعیری بەتواناش هەبێت ئەوا هەروەك «کارل شابیرو» دەڵێ: بینینەوە و ناسینیان زەحمەتە.

ئەوەتا گۆڤاری «لۆس ئەنجلوس تایمز» لە ساڵی (١٩٨٧)ەوە ڕایگەیاندووە کە چی دی باسی هیچ دیوانێکی شیعریی ناکات و نایخاتە ڕوو؛ چونکە کار گەیشتووەتە ئەوەی کە نەتوانرێ دیوانی چاك و خراپ لە یەکتری جیابکرێتەوە.

## ئەرێ واز لە شیعر بهێنین؟

سەبارەت ئەم مەسەلانە لە ناوەندە ئەدەبییەکەی ئەمریکادا، پرسیار دەکرێت و دەگوترێ ئایا ئەمانە هەمووی ئەوە دەگەیەنێت کە بەیەکجاری شیعر بەلاوە بنێین؟ شاعیری نوێ لە بازنەی داخراوی ناخی خۆیدا گیری خواردووە و پابەندی ئەو مەرجە سەرەکییە نییە کە ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی، دەکاتە بابەتێکی زیندوو لە دڵ و دەروونی مرۆڤدا، ئەویش مەسەلەی گەیاندنی مانا و دەربڕینی هەست و نەستی ژیانی خەڵکییە. هەر ئەم هۆیەش وای کردووە کە ئەم پرسیارە بێتە ئاراوە، ئەرێ شیعر بەلاوە بنێین و چی دی ڕووی پێ نەدەین؟؟

## خەوشەکانی شیعر و شاعیری هاوچەرخ

سەبارەت دەستنیشانکردنی خەوشەکانی شیعر و شاعیری هاوچەرخ، چاکتروایە بگەڕێینەوە سەر گوتارێکی یەکجار گرنگی ڕۆمان نووسی پۆڵەندی «ویتۆڵد جومبروین» کە لە پاریس لە ساڵی **١٩٦٩** کۆچی دوایی کردووە. گوتارەکەی «جومبروین» بەناونیشانی «دژی شاعیران»ە. نووسەری ئەم گوتارە گلەیی و گازندە لە شاعیرە هاوچەرخەکان دەکات کە دەیانەوێ شیعر بکەنە «پیشە» و «سەنعەتکاری» لەم بارەوە دەڵێ:

«لەم ڕۆژانەدا دەشێ مرۆڤ ببێتە شاعیر هەروەك چۆن دەیەوێ ببێتە ئەندازیار و پزیشك. ئەمەش مانای وایە شیعر پیشەسازییە و دوورە لە هەڵقوڵانێکی ڕاستەقینەی ناخی مرۆڤ، ئەمەش تا ڕادەیەك بووەتە هۆی نەهێشتنی هەستی ڕەسەنایەتیی شاعیر».

هەندێ لایەنی ئەو هێرشەی «جومبروین» دەیکاتە سەر شاعیرە نوێخوازەکان ڕاست و دروستە، چونکە تێبینیی ئەوە دەکرێ کە شاعیرە هاوچەرخەکان خۆیان بەتوێژێکی باڵا، دێتە پێش چاو، هەر کەسێکیش سەرسامی بەرهەمەکانیان نەبێت بەنەزان و بێ هەست و ئاستی دادەنێن.

لە ڕوانگەی «جۆزیف ئابیشتاین»ی ڕەخنەگرەوە کێشەکە لەمە گەورەترە؛ چونکە شاعیران و شیعر دۆستانیش تاڕادەیەك دانیان بەوەداناوە کە شیعر بەها و بایەخی خۆی لە دەست داوە.

ئابیشتاین دەڵێ: بەرهەمی هەندێ شاعیری هاوچەرخم زۆر بەدڵە، وەك شیعرەکانی «ئەلیزابیت بیشۆن، وایل سیسمان، فیلیب لارکین»، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا زمانی کەسیان هێندەی زمانی شاعیرانی نەوەکانی ڕابردوو کاریان تێ نەکردووم، کوا ئەو شیان و توانایەی کە بتوانێ

زمانێکی کاریگەر و هەست بزوێن دروست بکات؟؟

مرۆڤ دەشێ لە ئەنجامی وردبوونەوە لە شیعری نوێدا تێبینیی ئەوە بکات کە هەرچەندە پرۆسەی داهێنانی شیعری لە ژێر هەڕەشەی بەرۆبۆت کردنی شاعیر و بەستن و مەیاندنی شیعرە لە فریزەری کەرەستە زانستی و ئەکادیمییەکاندا و هەرچەندە شیعریان نوقمی دەریای چەند بابەتێك کردووە کە لە دەرەوەی دنیای خەڵکیدان، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا سیمای داهێنانی شیعری ڕەسەن، ناوبەناو بەبەرهەمی شاعیرە مەزنە هاوچەرخەکانمانەوە دەبینرێت..

...............................................

(*) ئەم بابەتە لە بنچینەدا لە نووسینی «د. نعیم عطیة»یە و بەناوونیشانی «هل الشعر یموت في العصر الحدیث، سؤال تطرحة التجربة الأدبیة الأمریکیة» لە گۆڤاری «الفیصل» ژ (٢٤١) ١٩٩٦ بڵاوی کردووەتەوە، ئێمەش بەهەندێ دەستکارییەوە وەرمانگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

٥

# شێوازگەری

## دیالۆگی تیۆر و پراکتیك

*زاراوەی شێوازگەری «الأسلوبية – Stylistics» لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە بۆ ئەو میتۆدە بەکاردێت کە لە شیکردنەوەی کارە ئەدەبییەکاندا پێشنیازی گۆڕین و بەلاوەنانی «زاتییەت» و بۆچوونی تاکەکەسی دەکات کە لە ڕەخنەی کلاسیکیدا پەیڕەو دەکرا، لەجیاتی ئەم بنەمایە پەیڕەوی شیکردنەوەیەکی «بابەتی» و «زانستی»یانەی شێوازی دەقە ئەدەبییەکان دەکات...*

*شێوازگەران «الاسلوبیون» – کە مەبەست و ئامانجیان وەدەستهێنانی ئەنجامێکی زانستیی وردە، لە دیاریکردنی سیماکانی شێوازدا پشت بەبنەماکانی زمانناسیی نوێ دەبەستن و سوود لە ڕێگای ژماردن و خشتەی ئامارکاری دەبینن. «الثقافة الأجنبية، ژمارە (٣) ١٩٨٧، ل٥٥»، (د. فوئاد مەرعی) لەم وتارەیدا بەرگری لە سەربەخۆیی ڕەخنەی ئەدەبی دەکات و داکۆکی لەو ڕاستییە دەکات کە ئەرك و کاری ڕەخنە لە کردەی ژماردنی پیت و ڕستە و فرێز قووڵتر و بەرفراوانترە.*

*(وەرگێڕ)*

شێواز گرنگترین ئەدگاری کاری هونەرییە؛ لەبەر ئەمە هیچ زانستێك ناتوانێت لە هونەر بکۆڵێتەوە ئەگەر خاوەنی ڕوانینێکی هونەریی هەمەلایەن نەبێت سەبارەت چەمکی شێواز. هەڵبەتە تیۆری ئەدەبیش لەم

یاسا و بنچینەیە بەدەر نییە، کەچی شێوازگەرە ئەوروپییەکان و شرۆڤەکارانیشیان لە نووسەرانی عەرەب بەو شێوەیە تەماشای شێواز دەکەن کە چەمکێکی زمانەوانییە و ئاماژەیە بۆ زانستێکی نوێی زمان، لەو سیما و ئەدگارە زمانەوانییانە دەکۆڵێتەوە کە گوتارێکی ئاسایی یان ئەدەبی دەکەنە خاوەن تایبەتمەندییەکی تەعبیری و شیعری و لە گوتارێکی دیکەیان جودا دەکاتەوە[١] . هەر ئەمانیش شێوازگەری بەوە پێناسە دەکەن کە «میتۆدێکی زمانەوانییە لەو تایبەتمەندییە دەکۆڵێتەوە کە ئاخافتنی هونەری لە ئاستەکانی دیکەی گوتار و لە جۆرەکانی دیکەی هونەر جیا دەکاتەوە. کەواتە شێوازگەری شیکردنەوەیەکی وەسفییانەی تێکستی ئەدەبییە بەپێی چەند بنەمایەك لە زمان ناسییەوە وەرگیراون»[٢].

. بەم پێیەش ڕەخنەی ئەدەبی ڕاستەوخۆ ڕەهەندی زمانەوەریی دەق دەکاتە تەوەر و پێوەر و پێگیری پێوە دەکات و بەو حیسابەی کە ئامانجی کاری ئەدەبی لە ئەرکە دوو لایەنەییەکەیدایە و (وروژاندن) و (گەیاندن)

بەم شێوەیە تیۆری ڕەخنەیی سەرقاڵی لیکۆڵینەوەی ئەو ئەدگارە زمانەوانییانە دەبێت کە پێی وایە دەق بەم ئەدگارانە لە ئاستی ڕاپۆرتی و ڕاستەوخۆییەوە دەردەچن و دەبنە خاوەنی ئەرکێکی ئیستاتیکی و دەکەوێتە سەر پرسیارکردنی ئەو خاسیەتەی کە «گوتاری ئەدەبی پێ دەبێتە خاوەن ئەرك و ئامانجی دوو لایەنی...»[٣] .

پشت بەستنی لێکۆڵەرانی شێوازگەری لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا بەچەند بنەمایەکی زمانناسی و پێداگرتنیان لەسەر لێکۆڵینەوەیەکی دیاریکراوی تێکستی ئەدەبی بەو پێیەی کە شتێکی سەربەخۆیە و ئامانجەکەیشی لە ناوخۆیدایە و هەر بۆخۆیشێتی، هەروا گرنگیدانیان بە بەدیهێنانی هاوشێوەیی لە نێوان لێکۆڵینەوەی زمان و ئەدەبدا، هەموو ئەمانە ڕووبەڕووی گەلێ ڕەخنە و گازندە، دەبنەوە، لێرەدا هەوڵ دەدەین هەندێکیان بخەینە ڕوو:

## شێواز لە زمانــناسیدا

گومان لەوەدا نییە کە کرداری ئاخافتنی مرۆڤ دوو لایەنی بنچینەییی هەیە:

زمانی نەتەوەیی هەر میللەتێك، پاشانیش (ئاخافتن) بەو شێوەیەی کرداری گەیاندن و لە یەکترگەیشتن کە بەو زمانە نەتەوەییە ئەنجام دەدرێت.

لەمێژە «فەردیناندی سۆسێر» ئاماژەی بۆ ئەم جیاوازییەی نێوان «زمان» و «ئاخافتن» کردووە. فەرامۆشکردن و پشتگوێ خستنی ئەم جیاوازییە زیان بەزانستی زمان و تیۆری ئەدەبیش دەگەیەنێت.

«ئاخافتن» ـ بە مانا گشتییەکەی – بریتییە لە هەموو ئەو قسانەی کە خەڵکی وەکو ئامرازێکی لە یەکدی گەیشتن لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا بەکاری دەهێنن. بەڵام «زمان» سیستەمێکی فۆنەتیکی و فەرهەنگی و سینتاکسییە کە بووەتە بنچینە بۆ سەرجەم وتە و قسەکانی خەڵکی.

ئاخافتن لە چەند دەستەواژەیەکی بێژراوی نووسراوی سەربەخۆ پێك دێت کە لە مرۆڤێکەوە ئاڕاستەی کەسانی دی دەکرێت، هەمیشە ئەرك و جەوهەرێکی «فیکری – سۆزداری»ی هەیە و لە هەلومەرجێکی «کۆمەڵایەتی – مێژوویی»ی دیاریکراودا دروست دەبێت، بەڵام زمان بریتییە لەو یاسا ڕێزمانییە هەمەلایەنییانەی ناوخۆی قسەکانی خەڵکی کە سنووریان بۆ نییە.

لەمەوە دەگەینە ئەوەی کە «زمان» لە نێو ئاخافتندا نەبێ، هیچ بوونێکی نییە، زمان بەچەند قۆناغێکی مێژوویی دروست دەبێت و بەکرداری «ئاخافتن» دەگۆڕێت و پەرە دەسەنێت. ناکرێ لە دەرەوەی ئاخافتن لە تایبەتمەندییەکانی هەر زمانێکی نەتەوایەتی لە سەردەمێکدا یان لە چەند

قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا بگەین و بکۆڵینەوە؛ چونکە لەم حاڵەتەدا بوونێکی ئەبستراکیانەی دەبێت. کەواتە زمان ناوەرۆکێکی «عاتیفی – فیکری»ی دیاریکراوی نییە و ئەم ناوەرۆکە تایبەتمەندییەکە لە تایبەتمەندییەکانی ئاخافتن، واتا تایبەتمەندیی هەموو ئەو فرێز و دەربڕینە ئاراستەکراوانەیە کە ئاخافتنی لێ پێك دێت. بەڵام تایبەتمەندییە فەرهەنگی و سینتاکسییەکان لە زمانی نەتەوایەتیدا لەپێناو گوزارشت کردن لەم قسە یان ئەو قسەیە بەکاردەهێنرێن و تەنانەت هەندێ جار بۆ ئەم مەبەستە دروستیش دەکرێن و دادەهێنرێن. شتێکی ئاساییە کە ئەو تایبەتمەندییانەی لە شێوەی جیاجیا و لە بەکارهێنانی ئەم دەربڕینە بێژراوانەدا بەکاربهێنرێن، ئەمەش بەپێی ئەو جیاوازییە بێ سنوورەی کە لە ناوەرۆکی فیکری و عاتیفی قسەکردنی خەڵکیدایە.

سەرەڕای تاکمەندیی لە دەربڕینە بێژراوە نووسراوەکاندا، هەمیشە دەتوانین لەگەڵ جۆرێك لە جۆرەکانی ئاخافتن پۆلێنی بکەین، ئەمەیش بەپشت بەستن بەو سیما گشتییەی کە لە جۆری ئاراستە کردن و مەبەست و ناوەرۆکە فیکرییەکەیدایە کە لە کەشوهەوایەکی دیاریکراوی پێکگەیشتنی خەڵکی لە چالاکی و بزاڤی ژیانیدا دروست دەبێت. لێرەوە مەسەلەی هەبوونی چەند جۆرێکی دیاریکراوی ئاخافتن لای هەر میللەتێك سەرهەڵدەدات لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی مێژووییدا، ئەم جۆرانە بەپێی گۆڕانی مێژوویی ئاڵۆز دەبن و لقوپۆپیان لێ دەبێتەوە.

ڕەنگە دیارترین شێوەی ئاڵۆز بوون و دابەشبوونی ئەو جۆرانە، دابەشبوونی ئاخافتن بێت بۆ ئاخافتنی سەر زارەکی و ئاخافتنی نووسراو. هەریەك لەم دوو جۆرەیش چەند بەشێکی دیکەی هەیە. لە ئاخافتنی سەرزارەکیدا دەتوانین. «گفتوگۆ» و «گوتاربێژی» بەمانا

بەرفراوانەکەی لە یەکدی جیابکەینەوە. هەروەها لە نێو (گفتوگۆ)یشدا بەپێی ئەدگارە گشتییەکانی ناوەرۆکەکەی دەتوانین چەند جۆرێکی دی لە یەکدی جیابکەینەوە. لەمانە «گفتوگۆ» لە کاروباری ژیانی ڕۆژانەدا، کێشە کۆمەڵایەتیی، سیاسییەکان،... هتد.

بەڵام «گوتاربێژی» بەمانا بەرفراوانەکەی چەند جۆرێك دەگرێتە خۆی: کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایینی، ئەخلاقی، فێرکاری– پەروەردەیی، هونەری، ... هتد.

ئاخافتنی نووسراویش لە ڕووی ناوەرۆکەوە بریتییە لەو جۆرانەی کە لە باسکردنی ئاخافتنی سەرزارەکیدا ئاماژەمان پیّ کرد، بەڵام لە پاڵ ئەمانەیشدا چەند جۆرێکی دی دەگرێتەوە وەك: توێژینەوە زانستییەکان، فەلسەفییەکان، ڕاپۆرتە ئامارییەکان...

زانایانی زمان بەهەر جۆرێك لە جۆرەکانی ئاخافتن کە هەندێکمان بەنموونە هێنایەوە، دەڵێن: شێواز

کەوابێت شێواز بەوپێیەی دیاردەیەکی زمانەوانییە، تایبەتمەندییەکە لە تایبەتمەندییەکانی ئاخافتن نەك زمان. شێوازیش لە سیما و ئەدگارەکانی ناوەرۆکی فیکری و عاتیفی فرێز و دەربڕینی گوتراوی نووسراوەوە پێك دێت و دروست دەبێت.

جیاوازیکردن لە نێوان شێواز (تایبەتمەندی ئاخاوتن) و شیان و توانای شێواز «تایبەتمەندیی زمان» خاڵێکی یەکجار گرنگە، بۆ نموونە وتەی «شێواز تایبەتمەندیی زمانە» بەرەو ئەوەمان دەبات کە گوایە هەر زمانێك شێوازی خۆی هەیە، جا ئەگەر وابێت ئەوا هەوڵی پاراستنی شێوازی دەربڕین و بێژراوی نووسراو لە کردەی وەرگێڕاندا بەتەواوی بەفیڕۆ دەچێت. ئەمە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئاخافتن خاوەنی چەند شێوازێکی جیا جیایە نەوەك زمان، ئەو بۆچوونەیش کە لای وایە «هەر

زمـانـێك شێوازی خـۆی هـەیـە»، لـەبـەردەم وەرگـێڕانـە ئـەدەبـیـیـە سەرکەوتووەکاندا هەڵدەوەشێتەوە.

### شێواز لە زانستی ئەدەبدا

ئاشکرایە زاراوەی شێواز بۆ یەکەم جار لە ئەدەب و ڕەخنەی ڕۆمانەکاندا سەری هـەڵدا، وەك دەربـڕیـنـێکی مـەجـازی بـۆ تـایبـەتییـەکـانی بنیـاتی زمانەوانی بەرهەمی نووسەران و شاعیران بەکاردەهات.

لەو دەمەدا وشەی (Style) ناوی ئامرازێکی نووسین بووە، کە بریتی بووە لە پارچە دارێکی گەورە کە بۆ نووسین و وێنە کردن لەسەر تەختەی مۆم ڕێژکراو بەکارهاتووە. ئەم ئامرازە سەرێکی تیژ بووە بۆ نووسین و سەرێکی دیکەی بۆ سڕینەوە بەکارهێنراوە. ئامۆژگارییەکەی «هۆراس» لێرەوە هاتووە کە گوتوویەتی «شێوازەکەتان زوو بەزوو هەڵگێڕنەوە» واتا نووسینەکانتان بسڕنەوە و هەروا زوو بەنووسین و دەربڕینەکانتان ڕازی مەبن و بەردەوام هەوڵ بدەن پەیڤ و دەربڕینی ڕێکوپێکتر بنووسن. لێرەوە دەلالەتی وشەی شێواز Style لە ئامرازێکی نووسینەوە گۆڕا بۆ کردەی نووسین خۆی، واتا بۆ ئەدگارەکانی زمانی نووسین.

هەتا ئەمڕۆیش چەمکی (شێواز) بەم دەلالەتەی خۆی ماوەتەوە و وەکو یـەك زاراوە لـە بـواری دوو زانستـی جیـاوازدا بـەکـاردێت، هـەرچـەنـدە لـە یەکتریش نزیکن، ئەویش زانستی زمان و زانستی ئەدەبە.

شێوازگەران وای بۆچوون کە سیمای جیاکەرەوەی ناوەڕۆکی زاراوەکە لـە نـێوان هـەردوو زانستـەکەدا لـەوەدایـە کە ئـەرکی ئـاخـافتنی ئـاسایی بـریـتـیـە لە پێڕاگەیـاندن، کـەچی ئـەرکی گـوتـاری ئـەدەبی بـریـتـیـە لـە پێڕاگەیاندن و ورووژاندنیش پێکەوە. بەڵام ئەم جیاکردنەوەیە شتێکی یەکجارەکی و یەکلاکەرەوەیی نییە، چونکە خودی ئاخافتنی ئاساییش زۆر کەم نەبێت ئەمیش خاڵیی نییە لە ڕەگەزی ورووژاندن و لە زۆربەی

حاڵەتەکاندا کاریگەرییەکی بەهێز لەسەر کەسی بەرامبەر دادەنێ.

شێوازگەران ناتوانن بەرێباز و موفرەداتی زمانناسی ئەو سیما و ئەدگارانەمان بۆ دەستنیشان بکەن کە جیاوازیی نێوان گوتارێکی هونەری لە گوتارێکی ناهونەریی بخەنە ڕوو.

ئەم دەستەوەستانییەی شێوازگەران بوو بەهۆی بزربوون و لە دەستدانی ماهییەتی ئەدەب وەکو هونەرێك و بەیەکسانی کردنی دەقی ئەدەبی لەگەڵ هەر دەقێکی دیکەدا؛ چونکە بەلای ئەمانەوە دەقی ئەدەبی هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ هەر دەقێکی دیکەدا نییە، تەنیا لە ڕادەی ئەو وروووژاندنە نەبێت کە لە خۆی گرتووە.

بەڕای ئێمە هۆی ئەم دەستە وەستانییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئامراز و کەرەستانەی کە لێکۆڵەری شێوازگەری بەکاری دەهێنێت، چونکە بەکارهێنانی ئامرازەکانی زانستێکی تایبەت و دیاریکراو (کە لێرەدا زمانناسییە) و بەپێوەرکردنیشی لە بوارێکی دەرەوەی پسپۆریی بابەتی خۆیدا، نەك نامان گەیەنێتە ئەنجامێکی دروست، بەڵکوو دەبێتە هۆی شێواندنی ڕاستییەکان.

گومانی تێدا نییە زانستی شێواز وەك زانستێکی زمانەوانی و زانستی شێوازیش وەك زانستێکی ئەدەبی هەردووکیان لەسەر یەك بنەما دامەزراون. ئەویش هاوبەشیی کەرەستە خاوەکانیانە کە بریتییە لە (زمان) و (ئاخافتن).

لە ڕاستیدا ئێمە بەبێ پشتیوانیی ئامرازەکانی زانستی زمان ناتوانین بەشێوەیەکی زانستی لە گەلێك دیاردەی زمانەوانی تێ بگەین، کە ئەم دیاردانە بەشێکن لە پێکهاتەی شێوازە هونەری و ئەدەبییەکان، بەڵام دەبێ ئەوەشمان لە یاد نەچێ کە یەکە زمانەوانییەکان و دەربڕینەکانی ئاخافتن کاتێ دەچنە نێو بواری داهێنانی ئەدەبییەوە، سیما و ئەرکی

نویٚ لەخۆ دەگرن؛ چونکە لەم حاڵەتەدا، ئەرکێکی (ئیستاتیکی – هونەری) لە ئەستۆ دەگرن و پەیوەند دەبن بەبونیادی کارە ئەدەبییەکەوە. لەبەر ئەمە ئێمە وای بۆ دەچین کە ئەوەی «شێواز» وەك دیاردەیەکی ئەدەبی جیا دەکاتەوە لە چەمکی شێواز وەك دیاردەیەکی زمانەوانی ئەو بنچینە ئیستاتیکییەیە کە لە بونیادی دەقە ئەدەبییەکەدایە.

## شێوازگەران چۆن لە چەمکی ئەدەب دەگەن؟

شێوازگەران وای دەبینن کە کەرەستەی ئەدەب «بریتییە لە ئاخافتن کە دەربارەی خۆیەتی»[٤] هەروا پێیان وایە گوتاری ئەدەبی «خولقاندنی زمانێکە لە زمان» [٥] . بۆ نموونە لەو باوەڕەدان کە شیعر «بریتی نییە لە مانا و بیروبۆچوون و تیۆریزە کردنێکی فیکری؛ چونکە گەر وابووایە ئەوا بۆ ئەم مەبەستە ڕێگایەکی فەلسەفی یا لۆژێکی پەیڕەو دەکرا.. بەڵکو تەنها بنیادنانە» [٦]

بەڕای ئەمان شیعر «چنینێکە لە گوتەیەکی بەرزدا کە گوزارشت لە هەڵەشە و پەڵەشەیی خەیاڵ و باڵندە بەرزە فڕەکانی دەکات لە چەند جیهانێکی بێ سنووردا» [٧].

شێوازگەران ئەوە دووپات دەکەنەوە کە گوتاری ئەدەبی «الخطاب الأدبي» مەبەستی ئەوە نییە کە وەسفی «وێنەیەکی جیهانی واقیعی یا ئەزموونێکی ژیان بکات چونکە ئاخافتن لە گوتاری ئەدەبیدا زیاتر پێکهاتەیەکە کە ڕەوایەتیی بوونی خۆی لە بونیادەکەی و داڕشتنەکەیدا دەبینێت و کەمتر ئامرازی پێڕاگەیاندنە [٨].

لەم ڕوانگەیەوە شێوازگەران ئەرکی ڕەخنە بەوە دەستنیشان دەکەن کە بریتییە لە «دیاریکردنی ئەدەبییەتی دەق، ئەمەش بە لێك هەڵوەشاندنەوەی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی و سەرنجدان و بەدواداچوونی ئەوەی کە لە کاتی کارلێکردن و لێکدابڕینی ئەم ڕەگەزانە ڕوودەدات. ئەمەیش لە ڕێگای

دابڕین و پێکەوە گرێدانیانەوە تا بەشێوەیەکی ئەزموونکاری، خاڵە جیاکاری و لەیەك نزیکەکانیش دەربکەوێت و ئاشکرابێت» [٩]. لێرەوە بەپێویست زانراوە کە شیکردنەوەی دەق لە بونیادەکەی بێت، هەروا لە بەشی و بڕگە و ڕستە و پێکهاتەکانی وێنە و موفرەداتەکەی بێت [١٠].

بەڕای شێوازگەران پێویستە لەسەرمان پشت بەئامارکاری «احصاء» ببەستین، هەرچەندە لە هەموو حاڵەتێکیشدا لەبار نییە بۆ ئەوەی کە ببێتە ڕێبازێکی ڕاست و دروست هەروەها مەرجیش نییە ئەم ئامارکارییە زۆر وردەکارانە بێت، بەڵام لەگەڵ ئەمانەیشدا هەریەکەمین ئامراز و ئالاَڤ دەبێت، لە زانیاری و مەعریفەی زمانناسیدا، چونکە ئەگەر بەشەکانی یەکە زمانەوانییەکانمان زانی بۆمان دەرکەوت لە چی پێك هاتووە، ئەو کاتە دەتوانین پەی بەئەدگارە زمانەوانییەکانی گوتاری ئەدەبی بەرین [١١].

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە شێوازگەران بەو چاوەوە تەماشای داهێنانی ئەدەبی دەکەن کە چالاکییەکی تەواو ئازادە لە دووبارە وێنەگرتن و بەرجەستەکردنەوەی، ئەم ڕوانینەیان وایان لێ دەکات کە بونیادی ئایدیالی «زمانەوانی» خاڵی بکەنەوە لە ڕەگەزە ماددییە دیاریکراوەکانی، ڕەسەنایەتی خۆیشی – کە بەلای ئەمانەوە بریتییە لە لادانێکی ئەنقەست و زۆرە ملێیانە لە واقیع – دەبێتە سیمای دیاریکراوی ئەدەبیەتی دەقی زمانەوانی.

بەڵام خۆ ئەدەب تەنیا بونیادێکی زمانەوانی نییە کە ئامانجی هەر «گەیاندن» و «ورووژاندن» بێت، ئەدەب زمان نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی جیهانە لە چەند وێنەیەکی هونەریدا، دەقی ئەدەبی ئامرازێکی تایبەتییە بۆ بەرجەستەکردنی تێڕامان و بۆچوونی مرۆڤ لە بەرامبەر جیهان و هەروا دەربڕینی ئێش و ئاریشەکانی. هەرگیز ناکرێ تەنها لە گۆشەنیگای تایبەتییە زمانەوانییەکەیەوە تەماشا بکرێت، بەڵکو دەبێ لە ڕوانگەی یەکێتیی سەرجەم تایبەتمەندییەکانییەوە تەماشا بکرێت.

## شێوازگەری ئەڵتەرناتیڤی ڕەخنەی ئەدەبی نییە

ئەو ڕەگەزانەی دەقی ئەدەبی کە شێوازگەران شییان دەکەنەوە وا دیاردەکەویٚ کە سەربەخۆ و دابڕاون لە ئەرکی سەرتاسەریی سەرجەم ڕەگەزەکان . بەلای ئەمانەوە چێژی ئیستاتیکی تەنیا لە دیاردەی ترازانی زمانەوانی و لە سیستەمی یەك لە دوای یەك هاتنی بونیادە زمانەوانییەکاندایە، بیٚ لە بەرچاوگرتنی سەرجەم ڕەگەزەکانی دی لەمەیشدا لەگەڵ فۆرمالیستە ڕووسەکان یەك دەگرنەوە.

قوتابخانەی فۆرمالیزمی ڕووسی چەمکی «سەربەخۆیی دەق و داخرانی دەق بەسەر خۆیدا»ی داڕشت و شێوازگەریی هاوچەرخیش لێوەی وەرگرت و لە گرنگی دانە ڕەگەزەکانی فۆرم و فەرامۆشکردنی ڕوانینێکی مەعریفییانەی سەرتاسەری دەقەکە سوودی لیٚ بینی و بەکاری هێنا.

هەڵبەتە حەز و ئارەزووی قووڵبوونەوە بەدنیای ڕەگەز و پارچە بچووکەکانی دەق و دوورکەوتنەوە لە بۆچوونی یەکێتیی سەرجەم ڕەگەزەکانی دەق، هیچ پێویستی بەچێژ و چەشەی ئەدەبی نییە، جا بۆیە ڕەخنەگرێك کە هیچ چێژێکی ئەدەبیشی نەبێت و خاوەنی ڕوانینێکی هونەرییانەیش نەبێت، دەتوانێت ئەم حەز و ئارەزووە جێبەجیٚ بکات و پارچە و ڕەگەزەکانی دەقی ئەدەبی بژمێرێت و خشتەیەکی ئامارکاریشی بۆ ساز بکات.

لێکۆڵینەوەی ئەدەب بەم شێواز و ڕێبازە، مانای گۆڕانی زانستی ئەدەبە بۆ زانستی کۆمەڵیٚ ئامراز کە لێکۆڵەری شێوازگەری لە ڕێگایەوە دەگاتە ئەوەی کە بەرهەمی ئەدەبی تەنها لە چەند ڕستەیەك و ڕستەکانیش لە چەند وشەیەك و وشەکانیش چەند پیت و پیتەکانیش لە چەند دەنگێك پێك دێت.. بەم شێوەیە بواری لێکۆڵینەوەکە دەبێتە مەودایەکی ستاتیك و کەڤاڵێکی زمانەوانیی مردوو.

واتە لێکۆڵینەوەی دەق بەڕێگاکانی ئامارکاری بەشێوەیەك ئەنجام دەدرێت دوورە لە بیروبۆچوونی یەکێتیی ئۆرگانیزمییانەی سەرجەم ڕەگەزەکانی دەقەکە کە مانایەکی دیاریکراوی بەرامبەر بە ژیانی ڕوحیی کۆمەڵگا لەخۆگرتووە.

ئەمە جەوهەری شێوازگەرییە کە لایەنگرانی هەوڵ دەدەن لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە مۆرکێکی پۆزیتیڤیزمییانە بەرەخنەی ئەدەبییەوە بنێن، لەمەیشدا شوێن پێی لێکۆڵەرانی فیزیا و کیمیا و بیرکاری هەڵدەگرن کە لە کارەکانیاندا میتۆدێکی زانستی ڕووتی ئامارکاری بەکاردەهێنن.

نکۆڵی لەوە ناکەین کە ڕێگاکانی ئامارکاریی نوێ لە بواری لێکۆڵینەوەی پەیوەندی ئەرکی بەشی بەگشتەوە شتی زۆریان پێ دەکرێت، بەلام بەبێ لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنەی گشت ڕەگەزەکان ناکرێ لە دیاردەکە بکۆڵدرێتەوە.

شارەزایی و ناسینێکی هەمەلایەنەیش دەرەنجامی شیکردنەوەیەکی تێر و تەسەلی سەرجەم بەشەکانی دەقە، هەر لێرەیشەوە پەیوەندیی نێوان ئەم بەشانە دەستنیشان دەکرێت و ڕوانینێکی نوێش پێشکەش دەکات کە بەپێچەوانەی بۆچوونە باو و دیارەکانە.

لێرەدا ئێمە پێمان وایە لە کاتی توێژینەوەدا پێویستە ملی ئەو ڕێگایە بگرین کە دەمانگەیەنێتە راڤەکردن و لێکدانەوەی بەهای ڕوحی و مرۆڤایەتیی. کارە ئەدەبییەکە؛ چونکە تێکستی ئەدەبی نەك هەر دوورە پەرێزی ژیان نییە، بەڵکو بەرەو ژیانمان دەبات.

پێویستە کردەی ژماردن و خشتەی ئامارکاری، ئەو ڕەگوڕیشە مرۆڤایەتییەمان لێ نەشارێتەوە کە لە نێو جەستە و گیانی هەموو شاکارێکی ئەدەبیدا هەیە و ئەرکی ڕەخنەگریشە لێی بکۆڵێتەوە و لێکی بداتەوە.

لە ڕاستیدا دوورخستنەوە و دابڕینی ئایدۆلۆژیا لە ڕەخنەی ئەدەبی،

بەناوی «مەوزووعییەت» و «بەزانستیکردنەوەوە» لە بەفۆرمالیستیکردنی ڕەخنە بەولاوە شتێکی دی نییە و ئەدەبیاتناسیش بەرەو ڕێگایەکی نەزۆك و داخراو پەلکێش دەکات.

ڕەنگە هەندێ کەس ئەم بۆچوونەم بەجۆرێك لە وشك باوەڕی لە قەڵەم بدەن، بەڵام پێم وایە ڕاڤەکردنێکی تاق و تەنیای زمانەوانی بۆ داهێنانی ئەدەبی، دەبێتە هۆی کوشتنی خودی هونەر، ئەمە لەکاتێکدا دەڵێم کە دەشزانم زانستەکانی زمانناسی و سیمۆلۆژیا و سیمانتیك، ئامراز و شیانێکی باشیان هەیە بۆ وەسفکردنی دیاردە هونەرییەکە و ئەو هەوڵە زانستییانەشم پێ باشە کە دەیانەوێت بەزمانی ژمارە و لەسەر بنەمایەکی زانستییانەی ڕووت دیاردەی هونەری لێك بدەنەوە و بەشداری بکەن لە بنیاتنانی ئیستاتیکا، بەڵام ئەم ڕێباز و شێوازانە هیچ سوودێکیان بۆ هونەر نابێت، تەنها لەو حاڵەتە نەبێت کە بکرێنە ئامرازێك کە لە تێگەیشتنی هونەردا بەکاربهێنرێن، بەڵام جۆرە بەکارهێنانێك سروشتی مەعریفییانەی هونەر و پەیامە ئیستاتیکییەکەی لەبەرچاو بگرێت.

شێوازگەری بەکارکردنی بەیاساکانی زمانناسی و بەنەخوێندنەوەی ئەو بابەتانەی زانستی ئەدەب کە پەیوەست نین بەبوونی خۆی بەرجەستە دەکات و هەر ئەمەیشە وای لێ دەکات کە نەتوانێت ببێتە ئەڵتەرناتیڤی ڕەخنەی ئەدەبی. هەڵبەتە ڕەخنەیش لە کەشفکردنی کاکڵەی ژیانی ناوەڕۆکی ئەو تێکستە ئەدەبییاتە دەگەڕێت کە مەعریفەیەکی هونەریی ڕاستەقینە سەبارەت ژیانی هاوچەرخمان پێشکەش دەکەن و جەخت لەو بەها کۆمەڵایەتییە نوێیانە دەکەنەوە کە ئاسۆی بالآبوونی پتر و بەرفراوانتر لە بەردەم مرۆڤایەتیدا والآ دەکەن.

## پەراوێزەکان

١– عدنان أبن ذريل، اللغة والأسلوب (دراسة) ، منشورات أتحاد الكتاب العرب، دمشق، ١٩٨٠، ص ١٤٠.

٢– عبدالسلام المسدي، النقد والحداثة، بيروت، ١٩٨٣، ص ٥٨.

٣– هەمان سەرچاوە، ص٣٦٠.

٤– عبدالسلام المسدى، الاسلوبية و الأسلوب، تونس، ١٩٧٧، ص ١٥.

٥– عبدالسلام المسدى، النقد و الحداثە، ص ٥٧.

٦– عبدالملك مرتاض، بنية الخطاب الشعري، بيروت، ١٩٨٦، ص٣٤.

٧– هەمان سەرچاوە، ص٣٦.

٨– عبدالسلام المسدى، النقد والحداثة، ص٣٩.

٩– هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

١٠– عدنان أبن ذريل، اللغة والأسلوب، ص١٩٤.

١١– عبدالملك مرتاضي، بنية الخطاب الشعري، ص٣٧.

(*) ئەم وتارەی «د. فواد المرعی» لە گۆڤاری «المدی» ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٣ وەرگیراوە و پاش هەندێ کورتکردنەوە وەرگێڕدراوە .

٦

# ئیستاتیکای ناوونیشانی دەق

# لە کۆشیعری

# شەڕی چل ساڵەی سەباح ڕەنجدەردا

## پێشەکی

لە لێکۆڵینەوەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا، تا ماوەیەکی زۆر، تەنیا لەمیانی چۆنێتیی پێوەندیی بەنووسەرەوە، باسی (ناوونیشانی دەقی ئەدەبی) دەکرا و زیاتر پرسیار لە کات و سات و چۆنێتی هەڵبژاردنی ناوونیشان دەکرا، کە ئایا نووسەر، پێش یان دوای نووسینی دەقەکەی، ناوونیشانێك هەڵدەبژێرێت؟ واتا زیاتر باسی هەلومەرجی دەوروبەری ناوونیشان کراوە، بەڵام لە دوا چارەگی سەدەی بیستەمدا.

ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخ، لەژێر کاریگەریی لێکۆڵینەوەکانی زمانناسیی دەق و سیمۆلۆژیادا (Semiology) گرنگی بەبونیاد و پێکهاتەی خودی ناوونیشان و چۆنێتی پێوەندیی بەدەقەکەیەوە داوە و ناوونیشانی وەکو ڕەگەزێکی سەربەخۆی پێکهاتەی بونیادی هونەریی دەق لە قەڵەم داوە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیەش هەوڵدانێکە بۆ پەنجەخستنە سەر چەند سیما و ئەدگارێکی ئیستاتیکییانەی ئامادەبوونی ناوونیشان لە کۆ شیعری (شەڕی چل ساڵە)ی (سەباح ڕەنجدەر). لەم کارەدا سوودمان لە چەمك و کەرەستەکانی میتۆدی شێوازگەریی وەسفی بینیوە.

ئەم لێکۆڵێنەوەیە پتر لە ئاستی ناوونیشانەوە قسە لەم کۆمەڵە دەقە

شیعرییە دەکات و هێندەی پێوەندبێت بەم ئاستەوە، ئاماژە بە دەقەکان کراوە.

دوو هۆکاری گشتی و تایبەتی، هاندەر و زەمینەسازکەری ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بوون.

یەکەم: بەشێوەیەکی گشتی، کەمیی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی (تیۆری و پراکتیکی) لە ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیدا، سەبارەت ناوونیشانی دەقی ئەدەبی.

دووەم: هۆکارە تایبەتییەکەش پێوەندە بەخودی کۆشیعری (شەڕی چل ساڵە)وە. لەم میانەدا لێکۆڵەر پێی وایە، شاعیر لەم بەرهەمەیدا نوێکارییەکی لە داڕشتنی ناوونیشاندا ئەنجام داوە. کە شایانی سەرنجدان و هەڵسەنگاندنە.

## ١- ناوونیشان لە نێوان ئەدەب و زمانناسیدا

بەشێوەیەکی گشتی، ناوونیشان جا ناوونیشانی لێکۆڵینەوە بێت، یان دەقێکی ئەدەبی، بەپێی شوێنە جوگرافییەکەی کە هەمیشە لە بەشی سەرەوەی باسەکە، یان دەقەکەدا دەبێت. زۆرجار بووەتە جێگای سەرنج و بایەخ پێدانی خوێنەر؛ چونکە یەکەمین برگە و وشە و دەستەواژە و دێرە کە دەکەوێتە بەر دیدەی خوێنەر و هەر زوو- بەر لە ناوەڕۆك سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت: هەر بۆیەشە لە سەردەم و قۆناغی جیاجیادا، هەر یەك لە نووسەر و خوێنەر، چۆنێتی و چەندایەتی داڕشتنی ناوونیشانیان لەبەرچاو گرتووە.

ئەگەر بە مەبەستی گەڕان بەدوای پێناسەی (ناوونیشان)دا تەماشای چەند ژێدەرێکی بواری ئەدەبناسی بکەین، ئەوا چەند پێناسەیەکی جیاوازمان بەرچاو دەکەوێت، وەك:

"ناوونیشان بریتییە لە ناوی هەر کتێبێك کە گوزارشت لە ناوەڕۆکەکەی دەکات"[١]. "ناوونیشان بڕگەیەکی زمانەوانییە لە ڕستەیەك کەمترە و بەسەر دەقێکی ئەدەبی، یان کارێکی هونەرییەوەیە"[٢]. "ناوونیشان تەنیا دەستەواژەیەکی زمانەوانی دابڕاو نییە، بەڵکو کلیلێکی ڕاڤەکاریی بنچینەییە بۆ کردنەوەی لایەنە داخراوەکانی دەق"[٣].

دەکرێ لە بەرامبەر ئەم پێناسانەدا بڵێین، پێناسەی یەکەم، زۆر سادە و گشتییە و بۆ دووەمیش بڵێین، مەرج نییە لە هەموو حاڵەتێکدا ناوونیشان لە ڕستەیەك کورتتر بێت؛ چونکە ناوونیشان لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا ئامادەبوونی جیاجیای هەیە. پێمان وایە پێناسەی سێیەمیان زیاتر لەگەڵ ناوونیشانی دەقی هاوچەرخدا گونجاوترە؛ چونکە جگە لە ئاماژەکردن سروشتی زمانەوانییانەی ناوونیشان، ئاماژەیشی بە (کۆدبوونی) ناوونیشان کردووە، کە ناوونیشانیش بوو بەکلیل و کۆد (Code)، ئەو دەمە مەرج نییە هەر وشە و دەربڕینێکی زمانەوانی بێت، بەڵکو دوورنییە ناوونیشان نیشانەیەك بێت لە نیشانەکانی خاڵبەندی، یان هێمایەکی بواری ئەندازە و بیرکاری و کیمیا بێت، یان تەنیا دانانی چەند خاڵێك بێت.

بەر لە قسەکردن لە ڕووە جیاجیاکانی ناوونیشان، وەك ڕەگەزێکی بونیادی هونەریی دەق. بەپێویستی دەزانین، بەکورتی ئاماژە بەو زەمینە بابەتییە بکەین کە (ناوونیشان)ی کردە جێگا سەرنجی لێکۆڵەرانی زمانناسی؛ چونکە هەر لەم ڕێگایەوە باسی (ناوونیشان) وەکو ڕەگەزێکی سەربەخۆ پەڕیوەتە نێو ڕەخنەی ئەدەبییەوە.

## ١-١: ناوونیشان و زمانناسیی دەق

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، بەسەرهەڵدانی قوتابخانەی (بونیادگەریی زمانناسی) لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان گۆڕانکارییەکی

ڕیشەییان بەخۆیانەوە بینی، کاتێ لێکۆڵەران دوور لە چوارچێوەی مێژوویی. سیماو بنەمای خودی زمانیان کردە تەوەری سەرەکیی لێکۆڵینەوەکانیان و گرنگییان بەلێکۆڵینەوەیەکی وەسفییانەی پێکهاتەکانی زمان دا(٤).

دەکرێ دوو ئاراستەی سەرەکی لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا دیاری بکرێت.

**یەکەم:** ئاراستەی (زمانناسیی ڕستە)یە، کە بەلایەوە (ڕستە) یەکەی شیکردنەوەی لێکۆڵینەوەی زمانەوانییە. ئەم ئاراستەیە پتر گرنگی بەبونیادی پێکهاتە و کەرەستەکانی ڕستە (دەنگ. برگە. وشە و پێوەندییان پێکەوە) دەدات(٥).

بەواتایەکی دی ئەم ئاڕاستەیە، لێکۆڵینەوەیەکی ناوەکی ئەنجام دەدات و زمان لە هۆکار و کاریگەرییەکانی دەوروبەری وەك ڕۆڵ و دۆخی (قسەکەر. گوێگر) دادەبڕێت و ئەو بەها کۆمەڵایەتییانەش لەبەر چاو ناگرێت کە کار دەکەنە سەر زمانی ئاخاوتن(٦).

**دووەم:** لە کاردانەوەی کەموکوڕییەکانی ئاراستەی زمانناسیی ڕستە. ئاراستەیەکی دیکە بەناوی (زمانناسیی دەق)ەوە هاتە ئاراوە.

زمانناسیی دەق (text linguistics) پێی وایە (دەق)،، نەك (ڕستە). یەکەی شیکردنەوەی لێکۆڵینەوەی زمانەوانییە(٧). ئەمەش لەو بڕوایەوە کە دەق "پەیامێکە خاوەنی بونیادێکی تایبەتی و هێزێکی گەیاندنیشە. واتە یەکەیەکی زمانەوانی و پێوەندی کردنیشە"(٨).

هەر لێرەوە چەمکی (دەق)، لە ڕوانگەی (زمانناسیی دەق)ەوە پێویستی بەڕوونکردنەوە هەیە: چونکە لێرەدا چەمکی (دەق) مانا و مەبەستێکی بەرفراوانی هەیە و "پێناسەیەکی دیاریکراو نییە، کە بەشێوەیەکی ڕەها لە لایەن چەند زمانناسێکی بواری زمانناسیی دەقەوە پەسەند کراوبێت"(٩).

هەر ئەمەیش بووەتە هۆی ئەوەی کە زاراوەی (دەق) بەشێوەی جیاواز پۆلین و پێناسە بکرێت. بۆ نموونە:

+ برینکەر (H. Brinker) لە یەکێ لە پێناسەکانیدا بۆ چەمکی (دەق)، پێی وایە دەق " نیشانەگەلێکی زمانەوانیی بەدوایەك هاتووی پێکەوە گرێ دراون، یان چەند پێکهاتەیەکی لێکدراوی نیشانە زمانەوانییەکانن، کە ناچنە ژێر هیچ یەکەیەکی زمانەوانیی دیکەوە"(١٠).

+ هارتمان (P. Hartman) دەق بەوە دیاری کە "نیشانەیەکی ڕەسەنی زمانەوانییە، کە ڕوویەك و لایەنێکی پێوەندیی و سیمۆلۆژی بەرجەستە دەکات"(١١).

کەواتە دەقبوونی هەر پێکهاتە و کەرەستەیەکی زمانەوانی و هەر نیشانە و ئاماژەیەك، پێوەندە بەوەی کە پێویستە ڕۆڵ و ئەرك و بەهایەکی پێوەندیکاری هەبێت، لێرەوە گوتراوە، نادەق ئەو ئاماژەو "ئاخاوتنە پچڕ پچڕ کراوەیە کە هیچ مانایەکی نییە؛ چونکە دابڕاوە لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەق"(١٢).

لە پوختەی بیروبۆچوونەکاندا، دەکرێ دووخاڵی سەرەکی و بنچینەیی لە زمانناسیی دەق دەستنیشان بکەین، کە تا ڕادەیەکی زۆر باڵە جیاوازەکانی ئەم بوارە، لە بارەیەوە تەباو هاوڕان:

– دەق، نەك تەنیا ڕستە. بابەتی بنچینەیی شیکردنەوەی زمانەوانییە(١٣).

– چەمکی (دەق)، مانا و مەبەستێکی بەرفراوانی هەیە، ڕەنگە تەنیا وشەیەك، یان چەند ڕستەیەك بێت، یان کتێبێکی سەربەخۆ بێت، یان ناوونیشانێك بێت، یان هێما و ئاماژەیەك بێت(١٤).

هەڵبەتە لە ڕوانگەی ئەم بەرفراوانییەی مانای دەقەوەیە کە (داڤیدکریستال) بەم شێوەیە جۆرەکانی (دەق) پۆلین دەکات و دەڵێت "بەپێی زمانناسیی دەق، دەکرێ دەقەکان بۆ ئەم جۆرانە پۆلین بکرێن:

ئـامـاژەکـانـی ڕێگـاوبـان، ڕاپـۆرتـەکـانـی هـەواڵ، قـەسیـدەکـان، دایەلۆگەکان"[١٥].

لە نێو لێکۆلەرانی بواری زماناسیی دەقدا، (تون. ئەی. ڤاندایک) زیاتر و ڕوونتر ئـامـاژەی بـەڕەگـەزی (نـاوونیشان) کردووە، وەك بنـەمـایـەکی پێکهاتەی دەق، ئەمەش پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەلێکۆڵینەوەکەمانەوە هەیە و بۆیە بەپێویستی دەزانین تیشك بخەینە سەر ئەم لایەنە.

## ١-٢: بونیادی دەق لە ڕوانگەی (ڤاندایك)ەوە

**ڤاندایك** لە میانی باسکردنی بوونیاد و ئەرکی دەقدا. چەند ئاماژەیەکی بەچەمکی دەق و چۆنێتی لێکۆڵینەوەیشی کردووە. لەم میانەدا (ڤاندایك) جەخت لەوە دەکاتەوە کە "دەق چەند فۆرمێکی جیاواز و تایبەتییە بۆ بەکارهێنانی زمان[١٦].

ڤاندایك پێی وایە، بۆ ئەوەی (وەرگر = متلقی) دەقێکی دیاریکراو لە دۆخێکی پێوەندیکردندا بەکار بهێنێت.

پێویستە لەسەری "لەم دەقە تێ بگات". واتا لێکی بداتەوە و شی بکاتەوە. ئەمەش پێویستی بەشیکردنەوەیەکی فرە ڕەهەند[١٧] هەیە، تاوەکو ئاستە جیاجیاکانی پێکەوە گرێ بدات. دوای ئەمانەیش "دەستنیشانکردنی ئەرکەکانی دەق (وەکو کردەیەکی ئاخاوتن) و لە چوارچێوەی ڕەهەندی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و ڕۆشنبیرییدا"[١٨]. دەربارەی بونیادی دەقیش (ڤاندایك) دوو جۆر بونیاد دیاری دەکات: "بونیادی یەکە بچووکەکان (Micro- Structures) (بونیادی یەکە گەورەکان -Macro Sturctures).

بونیادی یەکەی بچووك وەکو (دووبارەکردنەوەی موفرەدات و جێناوە کەسییەکان). بونیادی یەکەی گەورەیش وەکو (ناوونیشانی سەرەکیی

دەق و ناوونیشانە لاوەکییەکەی و ئەو زمانەی تیایدا بەکارهێنراوە"[19].

ئەوەی لێرەدا زیاتر مەبەستمان بێت و پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەبابەتەکەمانەوە هەبێت ئەوەیە، کە (ڤاندایك) ئاماژەیەکی دیار و ئاشکرای بە (ناوونیشان) کردووە، وەکو بنەمایەکی پێکهاتەی دەق. جا هەر دەقێك بێت، واتە لە هەر بوارێکدا بێت.

هەڵبەتە لەم زەمینە زمانەوانییەوە گرنگی بە (ناوونیشان) دراوە و هەر لێرەیشەوە پەڕیوەتە نێو ڕەخنەی ئەدەبییەوە.

## ٢- ئامادەبوونی ناوونیشان لە کۆشیعری (شەڕی چل ساڵە)دا

کتێبی (شەڕی چل ساڵە)ی (سەباح ڕەنجدەر)ی شاعیر کە لە دوو توێی (١٠٣) لاپەڕەدایە و بەقەبارەی (١٥×٢١سم) لە لایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراسەوە لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە. کتێبەکە سەرباری پوختەی ڕوانین و بۆچوونی شاعیر سەبارەت ئەزموونی ئەدەبیی دەقنووسینی خۆی. (١٠٠) دەقی شیعریشی لە خۆگرتووە. ئەم کتێبە لە ڕووی چەندایەتیی ناوونیشانی دەقەکانییەوە لە ناواخندا لە (دە) ناوونیشانی سەرەکی پێك دێت و هەر ناوونیشانێکی سەرەکییش چەندین دەق و (ناوونیشانی لاوەکی)[*] لەخۆگرتووە. چۆنێتی و چەندایەتیی دابەش بوونی سەرجەم ناوونیشانەکانی بەسەر ژمارەی دەقەکاندا لەم خشتەیەدا دەخەینە ڕوو:

| ز | ناوونیشانی سەرەکیی دەقەکان | ژمارەی دەقەکان | ناوونیشانی لاوەکی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەلف و بێ | ٣٤ | ٦٨ |
| ٢ | مانگەکان | ١٢ | ٢٤ |
| ٣ | کەلووەکان | ١٢ | ٢٤ |
| ٤ | ئاسمانییەکان | ٨ | ١٦ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥ | هەفتە | ٧ | ١٤ |
| ٦ | هەستەکان | ٧ | ١٤ |
| ٧ | قۆناغەکان | ٦ | ١٢ |
| ٨ | نوێژەکان | ٥ | ١٠ |
| ٩ | پێکهاتن | ٥ | ١٠ |
| ١٠ | وەرزەکان | ٤ | ٨ |
| کۆ | (١٠) ناوونیشانی سەرەکی | (١٠٠) دەق | (٢٠٠) ناوونیشانی لاوەکی |

لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، شاعیر گرنگییەکی زۆری بە (ناوونیشانی دەق) داوە، بەڕادەیەك هەر دەقێکی شیعری (سێ) ناوونیشانی بەسەرەوەیە.

هەڵبەتە ناوونیشان بەپێی ستراتیژییەتی شوێنە جوگرافییەکەی، کە لەسەر بەرگی پێشەوەی هەر کتێب و لەسەری سەرەوەی هەر دەقێکی ئەدەبیدایە، لە مێژە بووەتە جێگای سەرنج و بایەخ پێدانی نووسەران.

ئەمڕۆ لە ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخدا، زیاتر و بەرفراوانتر گرنگی بەناوونیشان دەدرێت. بەتایبەتی لە ڕووی پێکهاتە و ئەرك و ڕۆڵی سیمانتیکی و چۆنێتیی پێوەندیی بەدەقی ئەدەبییەوە. دەکرێ ناوونیشان لە چوارچێوەی کرداری پێوەندیکردندا (Communication) وەکو پەیامێك (Message) زیاتر بەرجەستە بکرێت، لێرەشدا پەیامەکە- تەنیا نییە و بەڵکو بەسەر سەری دەقێکەوەیە کە لە لایەن پەیامدەر (نووسەر)ەوە ئاراستەی پەیامگر (متلقی) دەکرێت.

بەم شێوەیە ناوونیشان لای نووسەر دەبێتە دەرەنجامی کارلێکردنێکی (نیشانەیی) لە نێوان خۆی و دەقەکەیدا و پەیامگریش لەم دەروازەیەوە هەوڵ دەدات بگاتە پێشینە و زەمینە مەعریفییەکەی ناوونیشانەکە[٢٠].

نووسەر لەم ڕێگایەوە پێوەندییەكی مەعریفی و ئیستاتیكی لەگەڵ خوێنەر (پەیامگر) دروست دەكات[٢١].

(سەباح ڕەنجدەر)ی شاعیر لە سۆنگەی هەست پێ كردنی بەم گرنگییەی ناوونیشان و بەمەبەستی جێكردنی ئەم پێوەندییە مەعریفی و ئیستاتیكییە، ئامادەبوونی ناوونیشانی لە ڕووی چۆنیەتی و چەندایەتییەوە زاڵ كردووە بەسەر بەرهەمەكەیدا و دەكرێ ئەدگارە هونەرییەكانی ئەم ئامادەبوونەش لە چەند لایەنێكەوە و بەچەند شێوەیەك بەرجەستە بكرێت. لێرەدا ئێمە بەپێی خوێندنەوە و سەرنجی خۆمان، لەم چەند خاڵەدا دەیخەینە ڕوو:

## ٢-١ جووڵەی ناوونیشانەكان

ئەگەر لە زۆربەی ناوونیشانە سەرەكییەكانی دەقەكانی (شەڕی چل ساڵە) وردبینەوە. تێبینی ئەوە دەكەین، ئەم ناوونیشانانە لە سنووری هەر چەند دەقێكدا جووڵەیەكی ستراتیژییان پێڕەو كردووە. ئەویش لە (گشت)ەوە چوونە بەرەو (بەش). ڕوونتر بڵێین ناوونیشانەكانی هەر دەقێك. بەناوونیشانێكی گشتی و بەرفراوان دەست پێ دەكات و بەرەو بەشێكی بچووك و پاشان بچووكتر دەڕوات.

شاعیر وردەكارانە ئەم ستراتیژیەتەی ڕایی كردووە. بەشێوەیەك هەر ناوونیشانێكی سەرەكی، ناوونیشانەكانی دیكەی خوارەوەی خۆی دەگرێتەوە، چ لە ڕووی لۆژیكی و بابەتییەوە بێت، یان لە ڕووی سیمانتیكی و سیمۆلۆژییەوە بێت. هەر ناوونیشانێكی لاوەكیش هەنگاوێكی هێمنانەیە بۆ نزیكبوونەوە لە دەق و دواتر دوا بڕگەی ناوونیشان دەخزێتە نێو دەقەكەوە. دەكرێ ڕەوتی ئەم جووڵە ستراتیژییەتە بەم هێڵكارییە بخەینە ڕوو:

ناونیشنانەکان

.......

خودی دەقە شیعرییەکە .......

.......

.......

ئەم چەند نموونەیە بەرجەستەکەری ئەم بۆچوونەن:

قۆناغەکان
هەرزەکاری
سزا(٢٢)

مانگەکان
ڕەزبەر
یاد(٢٣)

ئاسمانییەکان
هەور
تێکەڵی(٢٤)

## ٢-٢ ناوونیشان لەنێو ناوونیشان

هەرچەندە بەکارهێنانی پتر لە ناوونیشانێك بۆ تەنیا یەك تێکستی ئەدەبی، زیاتر لە ڕۆماندا ڕایی کراوە[٢٥]. بەلاّم سەرنج دەدەین لە کۆشیعری (شەڕی چل ساڵە)دا، شاعیر چەند ناوونیشانێکی بۆ دەقی شیعریی بەکارهێناوە.

ئامادەبوونی چەند ناوونیشانێکیش پێکەوە بۆ تەنیا دەقێك، بابەتی ڕۆڵ و گرنگیی ناوونیشانە لاوەکییەکان ناوونیشانی دووەم و سێیەم، دێنێتە پێشەوە. هەڵبەتە ئامادەبوونی ئەم جۆرە ناوونیشانانە لە خوار ناوونیشانی سەرەکییەوە.بایەخ و ئەرکی خۆی هەیە. بۆ نموونە بەشێك لە ئەرکی سیمانتیکی ناوونیشانە سەرەکییەکە جێبەجێ دەکات[٢٦]. خودی ئەم کارەیش سیمایەکی ئیستاتیکی بەکارەکە دەبەخشێت و لە هەمان کاتیشدا دەبێتە جێگای سەرنجی خوێنەر و ورووژاندنیشی.

پێمان وایە، لە کتێبی (شەڕی چل ساڵە)،دا ئامادەبوونی ناوونیشانەکان، تەنیا ئامادەییەکی ژمارەییی هەرەمەکی نییە، بەڵکو ئامادەبوونەکە بەدوو دیمەن، ئاوێتەبوونی ناوونیشانەکان دەخاتە ڕوو:

دیمەنی ئاوێتەبوونێك بەدانانی ناوونیشانی سەرەکیی سەر بەرگی کتێبەکە، بەسەر هەر دەقێکییەوە پێك دێت. دیمەنی دووەم خودی ناوونیشانەکانی دەقێك لەنێو خۆیانیشدا ئاوێتەکراون. بەدەربڕینێکی ڕوونتر بڵێین.

کراوەییی ناوونیشانی سەرەکی لە ڕووی مەبەست و سیمانتیکەوە، سەر بەرگی کتێبەکە، ڕێگا بەوە دەدات کە بەسەر ناوونیشانی زۆربەی دەقەکانی ناوەوەی کتێبەکەوە دابنرێت، لەم حاڵەتەیشدا هەر دەقێك بەناوونیشانە سەرەکی و لاوەکییەکانی خۆیەوە دەبێتە خاوەنی چوار ناوونیشان. بۆ نموونە. ئەگەر ئەم بۆچوونە بەسەر هەر دەقێکی

ناوونیشانێکی سەرەکی وەك (قۆناغەکان) جێبەجێ بکەین، ئەوا چوار ناوونیشان بەدی دەکەین:

شەڕی چل ساڵە

قۆناغەکان

منداڵی

تابلۆ

ئەوەشمان لەیاد نەچێت لەم نموونەیە و هاوشێوەکانیدا، پێوەندییەکی لۆژیکی و سیمانتیکی، ناوونیشانەکان پێکەوە گرێ دەدات. کە لەم کارەی شاعیر وردبینەوە، دەبینین لەسەر بنەمایەکی تەقلیدیی تازەگەرییەکی نیشان داوە.

لەم میانەدا (ڕۆمان یاکۆبسن) دەڵێت: (خوێنەری دەقێکی شیعری، یان بینەری تابلۆیەك سەرنجی بۆ بوونی دوو بنەما دەچێت: لە لایەك بنەمایەکی تەقلیدی و لە لایەکی دیکەشەوە ئەو تازەگەرییە هونەرییەی کە جۆرە دوورکەوتنەوە و لادانێکە لە بنەما تەقلیدییەکە)[٢٧].

لێرەشدا نووسەری (شەڕی چل ساڵە) وەك بنەمایەکی تەقلیدیی پێش خۆی، ناوونیشانی بۆ دەقەکانی داناوە. بەڵام لە هەمان کاتدا جۆرێك لە تازەگەریشی ڕایی کردووە، ئەمەش لە چۆنێتی و چەندایەتیی دارشتنی ناوونیشانەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. هەر بەبۆچوونی (یاکۆبسن) ئەم جۆرە دابڕان و دوورکەوتنەوەیەش جەوهەری کاری هونەریی پێك دەهێنێت.

### ٢ – ٣: ناوونیشان وەك دەقێکی هاوتەریب (النص الموازی Paratexte)

دیاردەی (ناوونیشان لەنێو ناوونیشان) لەکۆ شیعری (شەڕی چل ساڵە)دا تایبەتمەندییەکی ئیستاتیکیی بەئامادەبوونی ناوونیشان بەخشیوە و لە زۆربەی دەقەکاندا لە دەرئەنجامی مامەڵەکردنێکی هونەرییانەی شاعیر

لەگەڵ ناوونیشانەکاندا، ناوونیشان توانیویەتی ببێتە دەقێکی هاوتەریبی خودی شیعرەکە.

بەلای ڕەخنەگر و تیۆریستکاری ئەدەبی (ژیرار ژنیت)ەوە چەند بڕگە و بەشێکی دەوروبەری دەق وەك (ناوونیشان و پێشەکی و پەراوێز و وێنە و سەرنجەکان) دەبنە دەقی هاوتەریبی دەقە ئەدەبییەکە. بەو مانایەی دەبنە ئەدگارێك بۆ بەدەقبوونی هەر بەرهەمێك و ئەم بڕگە و بەشانە دەستپێك و دەروازەن بۆ پەی بردن بەجیهانە نادیارەکەی دەق[٢٨].

هەڵبەتە بۆ تێکستی ئەدەبی، ناوونیشان زیاتر لەهەر بڕگە و بەشێکی دەوروبەری دەقەکە، ڕۆڵی خۆی دەبینێت لەم کاری پەی بردنەدا؛ هەر بۆیەش بەڕای هەندێك لە ڕەخنەگران ناوونیشان ئەو منداڵدانەیە کە زۆربەی دەلالەتەکانی دەقی لێوە لە دایك دەبن[٢٩]. پێمان وایە ناوونیشان لە زۆربەی دەقەکانی (شەڕی چل ساڵە)دا بەشێوەیەك هاوتەریبی دەقەکان کراوە، خۆی وەکو دەقێکی سەربەخۆ نیشا ن دەدات. ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە هاوتەریبیی ناوونیشان بۆ دەقەکەی خوارەوەی خۆی، مانای لێك دابڕان و بێ پێوەندیەتی نییە، بەڵکو پێوەندییەکی سیمانتیکی و سیمۆلۆژییانە پێکەوەیان دەبەستێتەوە[٣٠].

لە میانی ڕۆڵ و بایەخی پێگەی ناوونیشان بەتەنیشت دەقەوە، (ڕۆبەرت شۆڵز) پێی وایە لە هەندێ حاڵەتدا نەبوونی ناوونیشان بۆ دەقێکی شیعری، دەبێتە هۆی لەدەستدانی شیعری بوونی دەقەکە. لەم چوارچێوەیەدا (شۆڵز) دەربارەی دەقێکی شیعریی (W. C. Marwin)[**] کە تەنیا لە یەك وشەی ناوونیشان و تاکە دێڕێك پێك هاتووە، دەڵێت: (ئەگەر ناوونیشانەکەی نەبوایە، نەدەبووە دەقێکی شیعری)[٣١].

لێرەدا ئێمە بۆچوونێکی جودا لەم بۆچوونە دەردەبڕین و پێمان وایە زۆرێك لە دەقەکانی (شەڕی چل ساڵە)، ئەگەر دەقە شیعرییەکەی

خوارەوەی ناوونیشانەکانیش نەبن، ئەوە خودی ناوونیشانەکان خۆیان پێکەوە چەند دەقێکیان پێك هێناوە.

ئەگەر لە دەقەکانی ژێر ناوونیشانەکانی (کەلووەکان)، (هەستەکان)، (قۆناغەکان)، وردبینەوە نموونەی ئەم حاڵەتە دەبینین، بۆ نموونە:

کەلووەکان

دووپشك

هەلاتن[٣٢]

---

هەستەکان

چێژ

پەنجەرە[٣٣]

---

قۆناغەکان

هەرزەکاری

سزا[٣٤].

هەریەك لەم ناوونیشانانە دەکرێ وەکو دەقێکی سەربەخۆش، دوور لە شیعرەکانی خوارەوەی خۆیان، خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییان بۆ بکرێت و پەردە لەسەر ڕووی ئەو پێوەندییە سیمانتیکی و سیمۆلۆژییانەی نێوان بڕگەکانی هەر ناوونیشانێك لاببرێت.

هەڵبەتە هاوشانکردنی ناوونیشان لەگەڵ دەق، بەشێوەیەك سەربەخۆبوونی ناوونیشانەکە وەکو دەقێك بخاتە ڕوو، ئەمە ڕواڵەتێکی ئەو گەمە هونەرییە دەخاتە ڕوو کە شاعیر لە ئاستی ناوونیشاندا ئەنجامی داوە.

## ئەنجام

دەکرێ پوختەی ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەم چەند خاڵەدا کورت بکرێتەوە:

١– ناوونیشان لە کۆشیعری (شەڕی چل ساڵە)دا، ڕووبەرو پانتاییەکی زۆری جوگرافیای دەقەکان، پێك دەهێنێت، هەڵبەتە ئەمەش زادەی تێگەیشتن و پەی بردنی شاعیرە بەڕۆڵ و بایەخی چۆنیەتی و چەندیەتیی ئامادەبوونی ناوونیشان لە دەقی ئەدەبیی هاوچەرخدا.

٢– شاعیر گەمەیەکی ئیستاتیکیی نوێکارانەی لەگەڵ ناوونیشاندا کردووە و ڕواڵەتی هەرە دیاری ئەم گەمەیە لە دیاردەی (ناوونیشان لەنێو ناوونیشان)دا بەدی دەکرێت. کە شاعیر بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ کردووە و هەر لە ڕێگای ئەم دیاردەیەوە چەند سیمایەکی ئیستاتیکیی بەئامادەبوونی ناوونیشان بەخشیوە.

٣– ئەو سیما ئیستاتیکییانەی کە لێکۆڵەر پەی پێ بردوون و ئاماژەی بۆ کردوون بریتین لە هەبوونی هارمۆنیایەك لە ئاراستەی جووڵەی نێوان ناوونیشانی سەرەکی و ناوونیشانە لاوەکییەکاندا.

هەروەها هاوتەریبکردنی ناوونیشانەکان لەگەڵ خودی دەقە شیعرییەکاندا، تا ئەو ڕادەیەی کە دەکرێ وەکو دەقێکی سەربەخۆ تەماشابکرێن.

## پەراوێزەکان


١- مجدي وهبة، معجم مصطلحات، الأدب ص٥٧١.

٢- بڕوانە: د. سعيد علوش، معجم المصطلحات الادبية المعاصرة. ص١٥٥.

٣- محمود عبدالوهاب، ثريا النص مدخل لدراسة العنوان القصص، ص٣١.

٤- بڕوانە: نايف خرما، اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة. ص١٠٠.

٥- بڕوانە: د. محمد فوزي محي الدين، السنية النص، مجلة (افاق عربية)، العدد (١١) ١٩٩١. ص١٣٠.

٦- هەمان سەرچاوە، ل١٣٠.

٧- بڕوانە: د. سعيد حسن بحيري، علم لغة النص، ص٩٦.

٨- حاتم الصكر، الالسنية وتحليل النصوص الادبية، مجلة (آفاق عربية). العدد(٣) ١٩٩٢. ص٩٤.

٩- سعيد حسن بحيري، علم لغة النص، ص٩٤.

١٠- هەمان سەرچاوە، ص١٠٠.

١١- هەمان سەرچاوە، ص٩٩.

١٢- محمد فوزى محى الدين، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣١.

١٣- سعيد حسن بحيري، علم لغة النص، ص ٩٥.

١٤- بڕوانە: ١- محمد فوزى محى الدين، سەرچاوەی پێشوو١٣١.

٢- سعيد حسن بحيري، علم لغة النص، ص١٠٠.

15- Crysta ID. A Dictionary of Linguistics and Phonetics, 1991. P. 350.

١٦- تون. أ. فانديك، النص بناء وظائفة مقدمة اولية لعلم النص. ت: جورج ابي صالح. مجلة (العرب والفكر العالمي). العدد (٥)١٩٨٩. ص٦٤.

١٧- هەمان سەرچاوە، ل٧٧.

١٨- هەمان سەرچاوە، ل٧٧؛ هەروەها: حاتم الصكر. سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤.

١٩- محمد فوزى محى الدين، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٢.

(*) مەبەست لە ناوونیشانی لاوەکی ناوونیشانی دووەم و سێیەمە کە لە خوارەوەی ناوونیشانی سەرەکیی دەقە شیعرییەکەوە دانراون.

٢٠- د. محمد فكري الجزار. العنوان و سيموطيقا الاتصال الادبي. ص١٩.

٢١-د.جميل حمداوي. السيموطيقا والعنوانة، مجلة(عالم الفكر)العدد(٣)١٩٩٧. ص١٠.

٢٢- هەمان سەرچاوە. ل٨٥.
٢٣- هەمان سەرچاوە. ل٦٠.
٢٤- هەمان سەرچاوە. ل٧١.
٢٥- محمود عبدالوهاب، ثريا النص، ص٦٦.
٢٦- هەمان سەرچاوە. ل٦٥.
٢٧- ابراهيم الخطيب (مترجم)، نظرية المنهج الشكلي، ص٨٧.
٢٨- د. جميل حمداوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣، ل١٠٥.
٢٩- هەمان سەرچاوە، ل١٠٦.
٣٠- د. محمد فكری الجزار. سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.
٣١- روبرت شولز. السيميك والتأويل. ص٧٣.
(**) ئەمە دەقە شعرییەکەی (W. C. Merwin):

(ELEGY)
Who Would I show it.

واتە: (لاواندنەوە).
بەکێی بڵێم؟!.
٣٢- سەباح ڕەنجدەر، شەڕی چل ساڵە، ل٦٨.
٣٣- هەمان سەرچاوە، ل٨٢.
٣٤- هەمان سەرچاوە، ل٨٥.

## سەرچاوەکان

### * کتێب

أ- بەزمانی کوردی:


سەباح ڕەنجدەر، شەڕی چل ساڵە (شیعر). چاپی یەکەم. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس هەولێر ٢٠٠٥.


ب- بەزمانی عەرەبی:


ابراهيم الخطيب (مترجم) نظرية المنهج الشكلي. الطبعة الاولى، مؤسسة الابحاث العربية. بيروت. ١٩٨٢.
- روبرت شولز، السيمياء والتأويل، ت: سعيد الغانمي الطبعة الاولى، المؤسسة العربية

للدراسات، عمان، ١٩٩٤.
– سعيد حسن بحيرى، علم لغه النص، مؤسسة المختار للنشر و التوزيع، القاهيرة، ٢٠٠٤.
– سعيد علوش، معجم المصطلحات الادبية المعاصرة، الطبعة الاولى، دار الكتاب اللبناني، بيروت، ١٩٨٥.
– محمود عبدالوهاب، ثريا النص مدخل لدراسة العنوان القصصي، الموسوعة الصغيرة (٣٩٦) دار الشؤون الثقافيه، بغداد، ١٩٩٥.
– محمد فكري الجزار، العنوان وسيموطيقا الاتصال الادبي، الهيئة المصرية العامة الكتاب، القاهرة، ١٩٩٨.
–نايف خرما، اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، سلسلة عالم المعرفة (٩)، مطابع اليقظة، الكويت، ١٩٧٨.
ج– بەزمانی ئینگلیزی:
Crystal. D. (1991). ADictionary of Linguistic s and Phonetics, London: Blallcwe.
* **كۆڤار**
(آفاق عربية). العدد (٣) ١٩٩٢.
(آفاق عربية). العدد (١١) ١٩٩١.
(عالم الفكر). العدد (٣) ١٩٩٧.
(العرب والفكر العالمي). العدد (٥) ١٩٨٩.

## پوختەی باس

ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخ، لەژێر کاریگەریی لێکۆڵینەوەکانی بواری زمانناسیی دەقدا (Text linguistics)، وەکو ڕەگەز و بنەمایەکی ئیستاتیکی تەماشای (ناوونیشانی دەقی ئەدەبی) دەکات و لە چەند لایەنێکیشەوە ئیستاتیکای ناوونیشان و پێوەندی بەدەقەکەیەوە دەستنیشان دەکات.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا کە ناوونیشانی (ئیستاتیکای ناوونیشانی دەق لە کۆشیعری "شەڕی چل ساڵە"ی "سەباح ڕەنجدەر"ی لەخۆگرتووە، هەوڵ دراوە چەند سیماو ئەدگارێکی ئیستاتیکییانەی ناوونیشان لەم کۆمەڵە شیعرەدا بخرێنە ڕوو.

بەبۆچوونی لێکۆڵەر، شاعیری ناوبراو، لەم کۆمەڵە شیعرەدا، گەمەیەکی ئیستاتیکیی نوێکارانەی لەگەڵ ناوونیشاندا کردووە، بەوەی لەلایەک شاعیر تا ڕادەیەك دارشتنێکی نوێی لە بەکارهێنانی ناوونیشاندا بەکارهێناوە. کە بریتییە لە شێوازی "ناوونیشان لەنێو ناوونیشان"، لە لایەکی دیکەشەوە، لە هەندێ دەقدا، ڕۆڵی دەقێکی سەربەخۆی بەناوونیشان بەخشیوە، واتە ناوونیشان بووەتە دەقێکی هاوتەریبی دەقە شیعرییەکە.

بێگومان ئەم جۆرە ڕواڵەت و ئەدگارە هونەرییانە جێگای سەرنج و شایانی لێکۆڵینەوەن، بەتایبەتی ئەگەر بزانین لە ڕەخنەی ئەدەبیی نوێی کوردیدا، بەشێوەیەکی سەربەخۆ و بەرفراوان خوێندنەوەی ڕەخنەییانە بۆ "ناوونیشانی دەق" کراوە.

## ٧

# مۆبایلە شیعر
# شیعریەتی کورتبڕی

ئاشکرایە ڕەهەند و ئاستە هەمەجۆرەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، بەدرێژایی قۆناغە جیاجیاکانی -کەم یان زۆر - گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و هونەر و ئەدەبیش، بەشێوەیەك لە شێوەکان نێزیك و پەیوەست بوونە بەم گۆڕانکارییانەوە. هەندێ جار هونەر و ئەدەب کەناڵێکی زەمینەسازکەری گۆڕان و هاوکات لەگەڵ گۆڕانە سیاسی و ڕۆشنبیری و زانستییەکاندا، تەکنیك و نیوەرۆکی ئەدەب خۆیشی وەبەرشاڵاوی گۆڕانکارییەکان کەوتووە و زۆرجاریش تێکستە ئەدەبییەکان گوزارشتیان لە دیمەن و ڕووە جیاوازەکانی ئەم گۆڕانکارییانە کردووە.

کەواتە فۆرم و بابەتی نێوەرۆکی ئەدەب، نەگۆڕ و چەسپاو نەبووە و نییە، هەر لەم سۆنگەیەوە دەگوترێ «هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵ، پەیوەندیی ئیستێتیکی خۆی بەجیهانەوە لە ڕێگای چەند ژانرو چەشنێکی ئەدەبیی دیاریکراوەوە دەردەبڕێت»(١). جا ئەگەر لە هەلومەرجی قۆناغێکدا، بۆ نموونە شیعری داستانی (Epic) فۆرم و ژانری باوی سەردەم بووبێت، یان ئەگەر لە ڕۆژگارێکدا، چەند دێڕە شیعرێك لەسەر پارچە پێستەیەك نووسرابێتەوە، ئەوە شتێکی چاوەڕوانکراوە لە سەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆژیی بوارەکانی پەیوەستکاری و ڕاگەیاندندا، چەند دێڕە شیعرێك لەسەر ڕووبەری شاشەی داهێنراوێکی تەکنەلۆژی تۆماربکرێت و بۆ نموونە «مۆبایلە شیعر»ی لێ بکەوێتەوە و هەر لێرەیشەوە قسە و باسی سەرهەڵدانی ژانرێکی، یان چەشنێکی دیکەی شیعر نووسین بێتە ئاراوە.

هەڵبەتە حاڵی حازر ئەوەی لەبەر دەستی ئێمەیە، وەك نموونەیەكی ئەم جۆرە بەرهەمە ئەدەبییە، بریتییە لە كتێبی «مۆبایلە شیعر»ی شاعیر «زانا خەلیل».(*) ئەم كتێبە بەقەبارەی (١٥ × ٢٠سم)ەو لە (٩٧) لاپەڕە پێك هاتووە و هەروەكو لەسەر بەرگی پێشەوەی نووسراوە (٢٣٦)ی (SmS)ی شیعریی لەخۆگرتووە و لەلایەن كتێبخانەی «سۆران»ەوە لە شاری هەولێر بڵاوكراوەتەوە. ئەگەرچی لە پێشەكییەكەی «د. سەروەر عەبدوڵڵا» و چاوپێكەوتنی نێوان شاعیر و ڕۆژنامەنووس مەحمود زامداردا، بەكورتی ئاماژە بەهەندێ لایەنی ئەم جۆرە نووسینانە كراوە، ئێمەش لێرەدا هەوڵ دەدەین كەمێك ڕوونتر و زیاتر هەندێ ئەدگار و سیمای هونەری و بابەتییانەی ئەم نامە و كورتیلە شیعرییانەی پەیوەست بەمۆبایلەوە بخەینە ڕوو:

## بەر لە مۆبایلە شیعر

هەڵبەتە دیارترین و سەرەكیترین ئەدگاری هونەرییانەی «مۆبایلە شیعر» وەك فۆڕمێكی شیعری، چڕی و كورتییەكەیەتی. جا لەم لایەنەوە ئەگەر تەماشای مێژووی شیعری كوردی بكەین، تێبینی دەكەین لە قۆناغە جیاجیاكاندا، چەند چێوە و فۆرمێكی هاوشێوەی «مۆبایلە شیعر»مان هەیە: (**)

## تاك (فەرد)

لە شیعری كلاسیكی كوردیدا، یەكێك لە فۆرمە هونەرییەكانی داڕشتنی شیعر، بریتییە لە فۆڕمی تاك (فەرد) كە بریتییە «لە دێڕە شیعرێك. (لە نیوە دێڕی یەكەم و نیوە دیڕی دووەم) پێك هاتووە. ئەم بابەتە شیعرە بۆ قسەیەكی نەستەق، یان پەندێكی پێشینان، یان بیرێكی فەلسەفی، یان وێنەیەكی جوان بۆ ژن و دڵداری و وەسفی سروشت دادەنرێ».(٢)

## چوارینه

چوارینه وەك فۆرمێکی شیعری، بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە چوار نیوە دێڕە شیعر و نیوەی دێڕی یەکەم و دووەم و چوارەم لەسەر یەك قافیە دەبن.(٣) ئەم فۆڕمە شیعرییە کە یەکێکە لە فۆڕمە دێرینەکانی شیعری کوردی لە ڕووی قەبارە (کورتی و کەمییە)وە زۆر نێزیکە لە فۆڕمی «مۆبایلە شیعر»ەوە.

## شیعری نوێی کوردی

لە شیعری نوێی کوردیدا، هەندێ جار شاعیران بەچەند پەیڤ و ڕستەیەکی کەموکورت، گوزارشتیان لە ڕامان و مانا و مەبەستێك کردووە و چەند وێنەیەکیان بەرجەستەکردووە. خودی ئەم جۆرە شیعرانەش بەزاراوەی جیاجیا ناونراون، وەك:

(پۆستەرە شیعر، کورتە شیعر، کۆپلە شیعر،خونچە شیعر، پشکۆ شیعر، برووسکە شیعر، کەڤاڵە شیعر) . (***)

وەکو بەرهەم و دەقی ئەدەبی کە لە ژێر ئەم زاراوانەدا بڵاوکرابێتەوە و نووسەری ئەم چەند دێڕە، بەرچاوی کەوتبێت، دەکرێ بڵێم، «کازیوە»ی شێرکۆ بێکەس، نموونەیەکی دیاری پۆستەرە شیعرە و گەلێ جاریش لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا، دەقی شیعری لە ژێر ناوی «کورتە شیعر و کۆپلە شیعر و خونچە شیعر»ەوە بڵاوکراونەتەوە.

لە کۆشیعری «کۆچی هەورەکان»ی بورهان ئەحمەدی شاعیردا، زاراوەی «پشکۆ شیعر» بەدی دەکرێت و «فەهد شوانی»یش لە کۆشیعری «خەمەکان لە ناخی منەوە چرۆ دەکەن» زاراوەی «کەڤاڵە شیعر»ی بەکارهێناوە.

هەندێ جاریش دوور لەم زاراوانە، چەند کورتیلە شیعرێك هەر بەناوی «شیعر» و «دەق»ەوە بڵاوکراونەتەوە. بۆ نموونە (عەبدوڵڵا پەشێو)ی شاعیر لە دووتوێی شیعرەکانیدا، چەند کورتیلە شیعرێکی وەك «نیشتمان، بێ تۆ نوختەیەکم، غەیب» بەدی دەکرێت.

«مەریوان وریا قانع»یش، چەند کورتیلە شیعرێکی وەك شیعرەکانی «دوژمن، سێکس، ئاین» هەر بەناوی «شیعر»ەوە لە «کتێبی دڵشکان»دا بڵاوکردووەتەوە.(٤)

ئەوەی ئەم جۆرە شیعرە بێ زاراوەکانی «پۆستەرە شیعر و برووسکە شیعر و کورتیلە شیعر...»دا نووسراون و لە «مۆبایلە شیعر»یان نزیك دەکاتەوە، مەسەلەی هاوبەشی قەبارەکانیانە، بەو مانایەی زۆربەی ئەم جۆرە شیعرانە کورتن و شاعیران موفرەداتێکی زمانەوانیی کەمیان تێدا بەکارهێناون، لێرەوە دەکرێ بڵێین «مۆبایلە شیعر» فۆرمێکی کۆنی نوێیە. جا ئەگەر ئەوە سیمای کۆنی بێت، ئەی ڕووکاری نوێی لە چیدایە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە و پتر ڕوونبوونەوەی تایبەتمەندێتیی «مۆبایلە شیعر» دەکرێ بەراوردکارییەکی دوو لایەنە بکەین:

(١) کورتیلە شیعر لە نێوان شیعری کلاسیك و شیعری هاوچەرخدا:

ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی تەماشای فۆڕمی کورتیلە شیعر بکەین، دەبینین لە شیعری کلاسیکی کوردیدا مەسەلەی کورتی لە فۆڕمی شیعری کورتدا، دیاریکراو و سنوور بەند کراوە، بەڵام کورتیلە شیعر لە ئەدەبیاتی نوێدا، سنوورێك بەژمارەی وشە و بڕگە و ڕستە بۆ ئەم فۆڕمە دیاری نەکراوە.

(٢) مۆبایلە شیعر و فۆڕمە هاوشێوەکانی:

لە ڕووی بابەتی ناوەڕۆکی «مۆبایلە شیعر» و فۆڕمە هاوشێوەکانیدا، جۆرە جیاوازییەك بەدی دەکرێت. ئەمەش لەو لایەنەوە تێبینی دەکرێت

كـە «مۆبـايـلـە شيعـر» زيـاتـر گوزارشت لـە حـەز و ئـارەزوويـەكـى تـاكـە كەسى دەكات لە بەرامبەر كەسێكى ديكەدا، بەڵام ناوەرۆكى پۆستەرە شيعر و برووسكە شيعر و كورتيلە شيعر، هەر ئەم لايەنە نييە، بەڵكو زۆرجاريش بابەتى سياسى و فەلسەفى و جڤاكى لەخۆگرتووە. لێرەوە دەكرێ شوێن و نەخشەى كارى «مۆبايلە شيعر» و فۆرمێكى دى، لە نێو پرۆسەى پەيوەستكاريدا بەم شێوەيە روون بكەينەوە:

مۆبايلە شيعر

پەيام لە خود (تاكەكەس) خود (تاكەكەس)

واتە پرۆسەكە لە بازنەيەكى داخراودا و لە بابەتێكى داخراوى نێوان دوو تاكدا بەرێوە دەچێت، بەڵام ئەم پروسەيە لە ميانى فۆرمێكى ديكەدا بەرێوە دەچێت، بەڵام ئەم پرۆسەيە لە ميانى فۆرمێكى ديكەدا شێوەيەكى تريشى هەيە، بۆ نموونە لە فۆرمى (پۆستەرە شيعر)، يان (برووسكە شيعر)دا ئەم شێوەشى هەيە:

برووسكە شيعر

پەيام لە خود (تاكەكەس) كو (كەسانى دى)

دەكرێ بڵێين، پەيامى «مۆبايلە شيعر» پەيامێكى پتر «زاتى»يە و پەيامى فۆرمێكى وەك «برووسكە شيعر، پۆستەرە شيعر» زۆرجار پەيامێكى بابەتييە. هەڵبەتە ئۆبالێ زاتيبوونى «مۆبايلە شيعر» تا رادەيەكى زۆرلە ئەستۆى ميكانيزمى كارى بەرهەمە تەكنەلۆژييەكەيدايە. لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوەش بكەين كە كورتى «مۆبايلە شيعر» هەر بۆ ئەم مەسەلەيە دەگەرێتەوە. ئەگەر لە دوێنێدا كورت بوونى فۆرمێكى شيعرى پەيوەست بووبێ بەپێوەرێكى هونەرى، يان رەوانبێژى، ئەوە ئەمرۆ لە «مۆبايلە شيعر»دا تەكنەلۆژيا زياتر ئەم كورتييە ديارى دەكات و سروشت و سيستەمى كارى ئەم وا دەخوازێت.

### کورتە نامە شیعرییەکانی زانا خەلیل

پێویستە ئاماژە بە بەها و بایەخی ئەو دەستپێشخەرییە هونەرییە بکەین کە زانا خەلیل لە داڕشتن و بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە فۆڕمە شیعرییانەی ئەنجامی داوە کە بەمۆبایلە شیعر و چەند زاراوەیەکی دی ناودەنرێت.

لەلایەك ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە گوتاری شیعری نوێی کوردی دابڕاو نییە لە گۆڕانکارییە هەمە لایەنەکانی ژیان و لەلایەکی دیکەشەوە بەشێکی ئەم دانەبڕان و ئاگاداری و بەپیرەوە چوونە، بۆ شیان و هۆشمەندیی هونەرییانەی خودی شاعیر دەگەڕێتەوە. ئەم کارەی شاعیر پڕۆژەیەکە، بێگومان بەرهەمی هاوشێوەی بەدوادا دێت و ئەو دەمە زیاتر سیما و تایبەتمەندی دەق و ستایلەکان ڕوون دەبنەوە، هەرچۆنێك بێت هەنگاوێکی سەرەتایی پڕۆژەیەکە، کە دەکرێ لە ڕەهەند و ئاستە جیاوازەکانی بکۆڵدرێتەوە.

هەڵبەتە تێکڕای دەقەکانی نێو کتێبی «مۆبایلە شیعر» – هەروەکو «د. سەروەر»یش ئاماژەی پێ داوە –لە یەك ئاستی هونەریدا نین. لەم ڕوانگەیەوە چەند سەرنجێکی بابەتی و هونەری لەسەر خودی هەندێ لەم دەقانە دەخەینە ڕوو:

* لە ڕووی بابەتی ناوەرۆکی دەقەکانەوە – هەر وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا – بابەتێکی تەواو تاکەکەسی «شخصی»یە و لە نێو ئەم شەخسیبوونەشدا بابەتی «ئەڤینی» و «پەیوەندی» بەسەریاندا زاڵە.

ئەگەرچی زۆربەی دەقەکان هەست و سۆزی خۆشەویستی و ئەڤینییان لێ دەچۆڕێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێکی دیکەیان لە دوای پرۆسەی هاوسەربوونەوە، گوزارشت لە بوونی جۆرێك لە «پەیوەندی» دەکەن. ئەمە زیاتر لە (SMS) ەکانی ژمارە (١٠٨) ، (١٦٥) ، (١٧١) بەرچاو دەکەوێت.

دیارە ناوەرۆکی دەق، پەیوەندی بە جیهانبینی و ئەزموونی ئەدەبی

نووسەرەوە و ڕەنگە خۆی لە خۆیدا کێشەیەك نەبێت، بەڵام لێرەدا ڕەنگە پرسیارێك سەرەتاتكیّ بكات و بپرسێت، ئاخۆ ناكریّ كورتیلە نامە شیعرییەكان شتێكی دی لەخۆ بگرن؟ ئایا ئۆباڵی ئەمەش هەر لە ئەستۆی تەكنەلۆژیادایە؟ یان لە پاڵ ئەمەشدا ژینگەی كۆمەڵایەتیی شاعیر و سیستەمی كۆمەڵایەتیی كۆمەڵگا بەخۆشی و ناخۆشییەكانییەوە ڕۆڵی خۆیان دەبینن؟

بەنیاز نین خشتەیەك بۆ شاعیر دابڕێژین و بڵێین، جاریّ ئەمە بنووسە و پاشان ئەوی دی...! بەڵام پێمان وایە ڕەنگاوڕەنگ كردنی ئەزموونی ئەدەبیی دەقەكان پرۆژەكەی جوانتر و تایبەتمەندتر دەكرد، خۆ ئەگەر شاعیری ناوبراو لە داڕشتن و نووسینی ئەم دەقانەدا لە سۆنگەی ژیانی هەندەرانی و لاساكردنەوەی نووسەرە ڕۆژئاواییيەكانەوە، دووچاری ئەم تاك ڕەهەندییە• (یەك بابەتییە) بووبێت، ئەوا لێرەدا ژیواری خۆمان دەڵێت: «ئێرە لە یاد مەكە» و كچ و كوڕێكی هەولێر، یان سلێمانی، یان كەركووك، یان زاخۆ، لە پاڵ ڕاز و نیازی ئەڤینداری قسەگەلێكی زۆری دیكەش یەخەیان دەگرێت و كەم و زۆر شتێكی لە بارەوە دەڵێن. یان شاعیر باوەڕی وایە «مۆبایل» و كورتیلە نامەكانی بەتەنیا بەكەڵكی قسە و باسوخواسی خۆشەویستی دێن..؟

لە سەروبەندی ئەم قسانەدا چەند نموونەیەكی دەقی «بەشێك لە برووسكەكانی ژیان»ی (بورهان ئەحمەد)ی شاعیر دێنمە نێو قسەكانمەوە، كە پێم وایە جۆرێكی تایبەتین لە كورتیلە نامەی شیعری و «مۆبایلە شیعر»، بەو مانایەی جۆرێكن لە هونەری دواندن و پرۆسەی پەیوەندی كردن Communication كە فرە بابەتن و بەڕادەی جیاوازیش بەهای ئیستێتیكیی خۆیان پاراستووە.

## بەشێك لە برووسكەكانی ژیان (٥)

لە گەڕەكی وەفاوە بۆ شاری یەڵدا
من و تۆ هەر دەبێ دەستەویەخە بین

...........................

لە گوڵێکەوە بۆ کچێك
حەسوودیت پێ دەبەم

.................

لە کوژراوێکەوە بۆ گوللەیەکی وێڵ
پڕ بەدڵ سوپاست دەکەم

....................

لە نیگایەکەوە بۆ تریفەی مانگی چواردەیەك
ئاوها گەمارۆت دەدەم

..................

لە ماڵی ئەمەکەوە بۆ کووچەکانی خیانەت
ئێوە چەندە گەمژە و نەفامن

......................

لە دڵێکەوە بۆ زمانێك
ئەم دوورییەت کوشتمی

...................

لە دەریایەکەوە بۆ کانییەك
فێری سەمای تریفەییم ناکەی؟

..........................

لە باخچەیەکی شووشە بەندەوە بۆ تەڵێك پوونگە
نیگات پڕە لە عەتر

لەم کورتیلە شیعرانەدا کە شاعیر ناڕاستەوخۆ کردەی «دواندن»ی لە نێو «دواندن»دا ئەنجام داوە و ئەگەر لێیان وردبینەوە، تێبینی دەکەین، شاعیر لەمیانی ئەو ڕستە و دەربڕینە کورتانەدا بابەت گەلێکی هەمە جۆری بەرجەستە کردووە.

* لە ڕووی بەهای ئیستێتیکییەوە، تێبینی دەکەین ژمارەیەك لە SMS ەکان قسەیەکی زۆر ئاسایی ژیانی ڕۆژانەن، بۆ نموونە کورتیلە نامەکانی ژمارە (٢، ١٣، ٣٨ ، ٤٠ ، ٥٩ ، ٧١ ، ٧٦ ، ٩٥ ، ١١٢ ، ١٢٧ ، ١٣٧ ، ٢٢٠ ، ٢٢٥) هێندەی لە زمانێکی تەقریرییەوە نزیکن، کەمتر زمانێکی ئیستێتیکین و پێم وایە شاعیر تیایاندا قووڵ نەبووەتەوە جۆرێك لە خێرایی و پەلەپەلی پێوە دیارە. هەڵبەتە لە هەندێ دەقی دیکەشدا شاعیر هێندە هونەرییانە مامەڵەی لەگەڵ زماندا کردووە، کە هەندێ جار لە کێشانی وێنە شیعرییەکاندا «موفاجەئە»ی لەگەڵ زەین و زەوقی خوێنەر (پەیامگر) کردووە. هەر بۆ نموونە ڕواڵەتێکی ئەم گەمە زمانەوانی و هونەرییە لە SMS ەکانی ژمارە (١٢٨ ، ١٧٢ ، ١٨٣ ، ١٩٢) بەدی دەکرێت.

دەمێنێتەوە بڵێین، شیعرییەت و ئیستێتیکای فۆڕمی «کورتیلە شیعر، برووسکە شیعر، مۆبایلە شیعر،...» لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە بەپەیڤ و دەربڕینێکی کورت و کەم و هونەرییانە، دیمەن و ڕووکار و دۆخێکی ژیان بخەیتە بەرچاو و پرسیارێك لە پرسیارەکانی ئەم ژیانە جەنجاڵە بورووژێنێ.

وا چێترە دەقنووسە گەنجەکانمان ئەوە لە یاد نەکەن کە دەشێ هەر ڕەهەندێك لە ڕەهەندەکانی ژیان (سایکۆلۆژی، ئیدۆلۆژی، فەلسەفی، سۆسیۆلۆژی،... تاد) بچێتە نێو برووسکە شیعر و مۆبایلە شیعرێکەوە و دەقبوونیش هەر بەڕیزکردنی (بۆت سووتام و شێتی تۆمە) چێ ناکرێت و ئەرکی زمان لەم جۆرە فۆڕمە شیعرییانەدا لە ئاستی مانا و جوانیدا، بەئاستێکی ستوونی، نەك ئاسۆیی کاردەکات.

## پەراوێزەکان

(١) د. عبدالمنعم تليمة، مقدمة في نظرية الأدب، ص١٢٣.

(*) کەواتە لەم نووسینەدا هەر قسەکردنێکمان دەربارەی ئەدگاری هونەری «مۆبایلە شیعر» زیاتر ئەم بەرهەمەی زانا خەلیل دەگرێتەوە، بەڵام مەرج نییە هەر کەسێکی دی دەقی مۆبایلی بەهەمان تەکنیك و زمانی «زانا» بنووسێت.

(**) لە ئەدەبیاتی جیهانیشدا، فۆڕمی کورتیلە شیعر مێژوویەکی کۆنی هەیە. بۆ نموونە شیعری هایکۆ haiku کە بەکورتترین چێوەی هونەری شیعری ژاپۆن دەژمێردرێت، لە حەڤدە بڕگە پێك دێت و بەسەر سێ دێردا دابەش دەبێت. بڕوانە: مجدي وهبە، معجم مصطحات الأدب، ص٢٠٢.

(٢) د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، ل٥٥.

(٣) بڕوانە: د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، ل١٦١.

(***) بەئەرکی ئەم نووسینەی نازانین، قسە لەسەر کرۆنۆلۆژیای بەکارهێنانی ئەم زاراوانە بکەین و ئاماژە بەوە بکەین کێ پێش کێ فڵانە زاراوەی بەکارهێناوە. هەروەها ئێمە بەدووری نازانین، لەم میانەدا، زاراوە و بەرهەمی دیکەش هەبێت چی وەك «دەق» و چی وەك «لێکۆڵینەوە». هەر بۆ نموونە لیکۆڵینەوەی کاك ئازاد عەبولواحیدی نووسەر و ڕەخنەگر لە گۆڤاری «بەیان»ی ژمارە ٥٢ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٧٨)دا نووسینێکی بەناونیشانی «پۆستەر و پەراوێزێکی ڕەخنەیی» بڵاوکردووەتەوە، هەروەها بۆ درێژەدان بەو بابەتە نووسینێکی دیکەی لە گۆڤاری ڕامان ژمارە ٨٠ ی ساڵی ٢٠٠٣دا بەناونیشانی «گەڕانەوەیەك بۆ پۆستەرە شیعر» ، کاك ئازاد لەم دوو نووسینەیدا بەدرێژی لە مێژووی سەرهەڵدانی ئەو فۆڕمە شیعرییەی کۆڵیوەتەوە و لە ناو شاعیرانی کورد و لەسەر شێوازی نووسینی «هایکۆ»ی یابانی وەستاوە، هەروەها بەچڕی باسی خاسییەتەکانی ئەو فۆڕمە شیعرییەی کردووە. وەکو «دەق»یش کاك عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری «وێران»دا بیست (ڕستەی شیعری)ی بڵاوکردووەتەوە، کە ئەویش فۆڕمێکی دیکەی شیعری زۆر کورتە، بەڵام ئێمە لە کاتی ئامادەکردنی ئەم نووسینەدا هەر هێندەمان لەبەر دەست و لە زەین و خەیاڵدا بووە.

(٤) لەم نموونانەی عەبدوڵڵا پەشێو و مەریوان وریا قانیعدا، هەردوو شاعیر لە ڕووی

زاراوەیەکی ناسنامەی ژانرەوە، زاراوەیەکی تایبەتییان بۆ ئەم کورتیلە شیعرانە دانەناوە و بۆ نموونە مەریوان، کورتیلە شیعری «دوژمن»ی کە لە (٨) پەیڤ و چەند ڕاناو و ئامرازێك پێك هاتووە، لەگەڵ شیعرێکی (١٨) لاپەڕەیی وەك شیعری «کپ بوون» هەر بەناوی «شیعر»ەوە داناوە.

بێگومان ئەم حاڵەتە و هاوشێوەکانی پتر پەیوەستن بەچۆنێتی ڕوانینی شاعیرەوە لە بەرامبەر چەمکی «دەق»و «ئیستێتیکای دەق»

(٥) بڕوانە: بورهان ئەحمەد، «ئۆپەرێتەکانی هەزارەی سێیەم» (شیعر)، لە بڵاوکراوەکانی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کورد، چاپخانەی ئارابخا، کەرکووك، ٢٠٠٥.

هەر بۆ زانیاریش ئەم دەقەی بورهان ئەحمەد، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٢٠٠٠ لە ڕۆژنامەی «هاوکاری» بڵاوکراوەتەوە.

٨

# دەقی
# «بەشێك لە برووسکەکانی ژیان»
# ئیستاتیکای دواندن

«بەشێك لە برووسکەکانی ژیان» ناونیشانێکی سەرەکیی چەند کۆپلە شیعرێکی نێو کۆشیعری (ئۆپەرێتەکانی هەزارەی سێیەم)ی (بورهان ئەحمەد)ی شاعیرە، کە لە چوارچێوەی زنجیرەی کتێبی (گزنگ) ژمارە ١٠ لە ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردەوە بڵاوکراوەتەوە.

هەڵبەتە ئەزمونی ئەدەبیی دەقەکانی «ئۆپەرێتەکانی هەزارەی سێیەم» دەکرێ خوێندنەوەی ڕەخنەیی جیاجیان بۆ بکرێت و لە چەند ئاستێکی جیاوازدا سیما و بنەمای ڕەهەندە ئیستاتیکی و مرۆڤایەتییەکانی شی بکرێتەوە.

لە شاعیری ناوبراو و خوێنەریشی ناشارمەوە، من لە «ئۆپەرێتەکانی هەزارەی سێیەم»دا، تەکنیکی داڕشتن و شیانی سیمانتیکی دوو دەق: «خرۆشانی بێدەنگی» و «بەشێك لە برووسکەکانی ژیان» زۆر بوونە جێگای سەرنجم و وایان لێ کردم بەدیاریانەوە ڕابوەستم و لێیان ڕابمێنم.

لێرەدا و لە گۆشەنیگای خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییەوە، کەمێك لە بەشێك لە برووسکەکانی ژیان ورد دەبینەوە بەر لە کاری ئەم خوێندنەوەیەش، جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەم کە بەندە یەکەم کەس نییە، کەوتبێتە ژێر کاریگەریی سیحری ئەم برووسکە شیعرانەی بورهان ئەحمەدەوە، بەڵکو کاتی خۆی هەر یەکسەر لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم برووسکانەی

کاك بورهـان لە ساڵی ٢٠٠٠[١]، کاك (بـەکر دەروێش)ی نووسەر، لەسەر هـەمـان شێواز و لـە ژێر کـاریگـەریی برووسکە شیعرییەکانی کاك بورهـاندا و هـەروەکـو جـۆرە وەڵامـدانـەوەیـەکـی ئـەم بـرووسکـانـەیش، چـەنـد کـۆپـلـە شیعرێکی بـەنـاوونیشانی (بـەشێك لـە برووسکـەکـانی مـەرگ)[٢] بڵاوکردەوە. بروسکەکانی کاك بەکر دەروێش لـە ڕووی مـەبـەست و مـانـا و ڕامـانـەوە ئۆپـەرێتی برووسکەکانی کاك بورهـان بوون، بـەڵام لـە ڕووی تـەکنیکی داڕشتنـەوە، لاساییکردنـەوەی شێوازەکـەی کـاك بورهـان بوون، لێرەدا بـەر لـە قسەکردن لـە ئیستـاتیکـای ئـەم برووسکـە شیعرییـانـە پێمـان بـاشـە کـە دەقی برووسکەکان بنووسینەوە:

### بەشێك لە برووسکەکانی ژیان

لە گەڕەکی وەفـاوە بۆ شاری یـەڵدا
من و تۆ دەبێ دەستـەویـەخـەبین

***

لە ژنێکەوە بۆ مێردەکەی،
مـایـەی بێزارییە ژیـان
لە نێوان موبـەق و منداڵ بـەخێوکردندا

***

لە پیرێکەوە بۆ گۆچـانێك
قـەزوانە تـەزبیحی ددانەکانم
چەند زوو هـەڵوەرین
چەند خێرا گۆرانییەکانم پیربوون

***

لە گوڵێکەوە بۆ کچێك

حەسوودیت پێ دەبەم

***

لە کوژراوێکەوە بۆ گوللەیەکی وێڵ

پڕ بەدڵ سوپاست دەکەم

***

لە نیگایەکەوە بۆ تریفەی مانگی چواردەیەك

ئاوها گەماڕۆت دەدەم

***

لە مەڵۆی پرچێکەوە بۆ شەوێك

ئەم ڕەشێنییەم بۆ لێ دەدزی؟

***

لە دڵێکەوە بۆ زمانێك

ئەم دوورییەت کوشتمی

***

لە عاشقێکەوە بۆ (..)

دەمرم و ناگەم بە تۆ

***

لە قەڵەمێکەوە بۆ دەفتەرێك

خۆ بێزارنیت لە فرمێسك و خوێنم؟

***

لە کۆرپە کچێکەوە بۆ قەیرەیەك

شەقامە چڵێسەکان بێزاریان کردووم

***

لە دەفتەرێکەوە بۆ قەڵەمی دەستی شاعیرێك

سنگم هەڵدڕە

***

لە کێڵگەیەکەوە بۆ تەڵێك گیا

ئای کە لێوت تەڕە

***

لە پەنجەرەیەکەوە بۆ ئینجانەی تابووتی "کۆلیۆسێك"

تۆش بمری دالیاکان ئەمێنن

***

لە دارستانێکەوە بۆ دەنکە شقارتەیەك

تۆ مایەی ئەم هەموو سووتانانەی

***

لە دار گوێزێکەوە بۆ گوڵە نێرگزێك

لە چ خاکێکەوە ئەم هەموو نازەت دەستگیر بوو؟

***

لە باخچەیەکی شووشە بەندەوە بۆ تەڵێك پوونگە

نیگات پڕە لە عەتر

***

لە وشەیەکەوە بۆ کۆپلەیەك شیعر

توخوا لە بیرم مەکە

***

لە دایکێکەوە بۆ شەهیدێك

جلەکانت هێشتا هەڵواسراون

***

لە ماڵی ئەمەکەوە بۆ کووچەکانی خیانەت

ئێوە چەند گەمژە و نەفامن

***

لە پەپوولەیەکەوە بۆ باخچەیەك

تکایە ناوم لە لیستەکانی فڕینا مەنووسە

***

لە یاقووتێکەوە بۆ لێوێك

تۆزقاڵێك لەو سوورییەتم پێ ڕەوا ببینە

***

لە ئەڵماسێکەوە بۆ گلێنەیەك

بەشێك لە درەوشانەوەی خۆتم بدەرێ

***

لە شەوێکەوە بۆ شەوبۆیەك

کلیلی ڕووناکیم لە چنگی تۆدایە

***

لە شاعیرێکەوە بۆ پەپوولەکان

بەمن بێت هەمووتان

لە مێرگی سنگمدا حەشار بدەم

***

لە چیرۆك نووسێکەوە بۆ هەرچی مامز هەیە

خۆزگە بمتوانیبا، گشتتان بهێنمە هەیوانی حەوشەکەم

***

لە دەرگای قەفەسێکەوە بۆ کەنارییەك

پڕ بەدڵ پێم خۆشە

دەرگاکانم بخرێتە سەرپشت

***

لە دەریایەکەوە بۆ کانییەك

فێری سەمای تریفەییم ناکەی؟

***

لە کتێبخانەیەکەوە بۆ ڕەفەکانی

شانازی بەکامتانەوە بکەم؟

***

لە منەوە بۆ منەکان

گلەییم لێتان هەیە

کۆلیۆس: جۆرە ڕووەکێکی بەر سێبەرە، جوانییەکەی لە گەڵاکانیدایە

چونکە زیاتر لە ڕەنگێکی هەیە.

٢٠٠٠/٨/٨ ڕۆژنامەی هاوکاری

تێبینی دەکرێت ئەم دەقە لەسەر بنەمای دواندن دامەزراوە، بەڵام دواندنێکی هونەرییانە، بەو مانایەی شاعیر لە ئەندێشەی خۆی و هەر خۆیشی داڕێژەری سیناریۆی ئەم دواندنەیە.

شاعیر لەم گەمە هونەرییەدا لە دوو دیمەندا کرداری دواندن بەرجەستە دەکات:

دەرەکی و ناوەکی. لە ڕووی دەرەکییەوە ئەوە شاعیرە لە نێو ڕواڵەتە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئەم بوونەوەرەوە و لە نێو دنیای ئەم ژیانە چڕ و بەیەکداچووەدا، پەنجە بۆ چەند دیاردە و ماتەر و گرتەیەك درێژ دەکات، ئینجا لە ڕووە ناوەکییەکەیدا ڕواڵەت و هەبوونەکانی سروشت لە نێو خۆیاندا بەقسە دەهێنێت.

هەڵبەتە لە هەردوو دیمەنەکەشدا (ناوەکی و دەرەکی) تارماییی شاعیر، لە پشت و لە دووتوی پەیڤەکانەوە دیار و نادیارە. دەنگی خۆی تێکەڵ بەدەنگی قەڵەم و وەفا و پەپوولە و دەریا و پیرێك و کچێك و..هتد کردووە.

واتە لە زۆربەی کۆپلەکاندا شاعیر بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ و بەدەربڕینی کورت و لە ڕێگای بەقسەهێنانی ڕواڵەتە بێدەنگەکانەوە، دەنگی خۆی لە دووتوی پەیامێکدا بەگوێی پەیامگردا دەچرپێنێ.

## * شێوازگەریی کورتکردنەوە:

هەڵبەتە برووسکە شیعرییەکانی بورهان ئەحمەد دەکرێ لە ڕووی تەکنیك و ناواخنی پەیامەکانیانەوە قسەیان لەسەر بکرێت.

ئاشکرایە شاعیر لەم برووسکە شیعرییانەدا هەوڵی داوە لە کەمترین پەیڤ و کورتترین دەربڕیندا مەبەستی خۆی بپێکێت. پێمان وایە لە زۆربەیانیشدا مەبەستی خۆی پێکاوە و ستراتیژیەتی بونیادی هونەریی کارەکەی خۆیشی پاراستووە، دەکرێ ئەم ڕاستییە لەم نموونانەدا بەدی بکرێت:

١- جوانی: جوانی وەك بابەتێكی نێو ئەزموونی ئەدەبیی دەق، زۆرجار ئامادەبوونی خۆی بەرجەستە كردووە و شاعیرانی كۆن و نوێ شیعرییان بۆ هۆنیوەتەوە، دیارە هەر كەسە و بەزمان و شێوازی خۆی.

(بورهان ئەحمەد) دەڵێ:

لە دەریایەكەوە بۆ كانییەك

فێری سەمای تریفەییم ناكەی؟!!

خوێندنەوەی ئەم برووسكە شیعرییە، شیعرەكەی گۆرانی وەبیرهێنامەوە كە گوتوویەتی:

كانییەكی ڕوونی بەر تریفەی مانگە شەو

لەبنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو،

جوانترە لە لای من لە دەریای بێ سنوور

شەپۆلی باتە بەر تیشكی ڕۆژ شڵپ و هووڕ

تایبەتمەندی و جیاكاری برووسكە شیعرییەكەی (بورهان) لە بەرامبەر ئەم شیعرەی گۆران دا لەوەدایە كە بورهان كورتتر و ناڕاستەوخۆتر گوزارشتی لە هەست و بۆچوونی خۆی كردووە، ئەوەی زیاتریش دەقەكەی جوانتر كردووە، ئەوەیە كە شاعیر لەسەر زاری «دەریا»وە پەیامی ئاڕاستەی پەیامگر كردووە.

٢- جوانیی ئافرەت:

سەرسام بوون بەجوانیی ئافرەت و پیاهەڵدان بەشۆخ و شەنگیی یار هەمیشە بابەتێكی سەرەكیی دنیای شیعر و شاعیران بووە. ئەم بابەتە زۆرجار لە ڕێگەی هاوكێشەی گوڵ - كچ (یار)ەوە بەرجەستە كراوە:

(سالم) گوتوویەتی:

بــەنــەزاكــەت نــیــیــە گــوڵ وەك بــەدەنت

غـونـچـە دڵ تـەنگە لـە حـەسرەت دەهـەنت(٣)

(حەریق) گوتوویەتی:

گــوڵ بــەتــۆزی پــێتــەوە لاف و گــەزافــی لــێ دەدا

وا شوکر سۆزەی نەسیم هـات و ئەویشی لێ ستاند(٤)

بورهـان ئـەحمەد، لە دەربڕینێکی زۆر کورتدا گوتوویەتی:

لە گوڵێکەوە بۆ کچێك

حەسوودیت پێ دەبەم

ئەوەی شاعیرانی تر بەیەك دوو بەیت و چوارینەیەك دەریانبڕیوە، بورهـان بەڕستەیەك دەری بڕیوە و وردەکاریی وەسفەکانی لە پشت وشەکانەوە داناوە و بواری بۆ (خوێنەر - پەیامگر) هێشتووەتەوە هـەرچی وەسفی جوان و قسەی نێو دڵی هەیە، بەتەنیشت دەقە شیعرییەکەوە دای بنێت.

ڕوویەکی ئیستاتیکییانەی ئەم برووسکە شیعرییانە لەوەدایە کە شاعیر جگە لە ڕێگای کەسانی دی (ژن، مێرد، چیرۆکنووس، شاعیر، کچ..هتد) پـەیـامـی خـۆی ئـاڕاستـەی ئـەوی دی دەکـات، دوو کـەرەستـە و ئـامرازی دیکەیشی بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێناوە. یەکێکیان بریتییە لە ڕواڵەتەکانی نێو سروشت وەك (دارگوێز، گوڵ، دەریا، کێڵگە،...هتد) دووەمیانیش بریتییە لە چەمك و بەها ئاکاری و مرۆڤایەتییەکانییەوە، وەك (وەفا، خیانەت، ئەمەك، هتد).

شاعـیـر لـەم گـەمـە ئـیستـاتـیـکـیـیـەدا ستراتیژییـەتی کورتکردنـەوە و چـڕکـردنـەوەی زمـانـی دەربـڕیـنـی ڕایـی کردووە، هـەر ئـەمـەیش بـووەتـە تـایـبـەتـمـەنـدی شێوازی شاعـیـر و لـەم دواندنـەی دەوروبـەر، بـەمرۆڤ و سروشت و جڤـاکـیشەوە، چـەنـدیـن وێـنـەی هـونـەری و پـەیـامـی فـیکری فەلسەفیی پێشکەش کردووە.

## پەراوێزەکان

١- بورهان ئەحمەدی شاعیر بۆ یەکەم جار «بەشێك لە برووسکەکانی ژیان»ی لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ ٣٣٤٢ی ڕێکەوتی ٨/٨/٢٠٠٠ بڵاوکردەوە.

٢- بڕوانە: ڕۆژنامەی (هاوکاری) ، ٣٣٥٤ی ٢٩/٨/٢٠٠٠، ل٤.

٣- د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، ل١٢٨.

٤- هەمان سەرچاوە، بەرگی چوارەم، ل٤٣١.

٩

# نوێخوازێتیی دەقەکانی

## ″سپیاییەکانی ناو ڕەش
## ڕەشاییەکانی ناو سپی″

### ستراتیژییەتی ورووژاندن

ئاشکرایە دیاریکردنی پێناسە و سروشتی چەمکی نوێخوازی بەگشتی و لە چوارچێوەی بزاڤێکی ئەدەبیشدا، لە لانکە و بنکەی ڕەسەنی خۆیدا جێگای گەنگەشە و توێژینەوەیەکی بەرفراوان بووە. کاتێکیش ئەم چەمکە لە ڕێگای دەستی دووەم و سێیەمەوە دەپەڕێتەوە نێو ئەدەبیاتێکی دی، ئەوا گەنگەشەیەکی چڕ و ئاڵۆزتر دروست دەکات و زیاتریش لێکۆڵینەوە هەڵدەگرێت.

هەرچەندە نوێخوازێتی دەق لە ئەدەبی کوردیدا مێژوویەکی درێژی نییە، بەڵام ئەمڕۆ ئەم بزاڤە لە ژێر باڵی گرووپ و ئاڕاستەی جیاوازدا ئامادەبوونی خۆی دەسەلمێنێت و هەبوونی دەقێکی زۆر سیمایەکی ئەم ئامادەبوونەیە، کەچی مخابن کەمیان خراونەتە نێو چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکی وردەوە. لێرەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە بەهانەیەك بۆ هەبوونی خۆی دەبینێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە خودی بەرهەمی «مانیفێستی دووەمی وێران – سپیاییەکانی ناو ڕەش، ڕەشاییەکانی ناو سپی» هەروەك شاعیر خۆیشی ئاماژەی بۆ کردووە، یەکێکە لە پڕۆسەکانی نوێخوازیی شیعری ئەمڕۆ، کە تایبەتمەندی خۆی هەیە و پێویستی بەچەندین لیکۆڵینەوەی جیاجیایە.

ئەم بەرهەمەی دکتۆر فەرهاد پیربال تا ئێستا ئەوەی ئێمە لێی

ئاگاداربین سێ گوتاری لەسەر بڵاوکراوەتەوە:

یەکەم: عەبدال نوری عەبدال، پیربال نویخازە و پێگیرە دئێك دەم دە، پەیڤ، ژ١١، ١٩٩٩، ل٥٤ – ٦٣.

دووەم: حەمە سەعید حەسەن، شیعر و شۆخی، ڕامان، ژمارە (٤٠)، ١٩٩٩، ل ٨٢ – ٨٣.

سێیەم: فەرهاد پیربال، شیعر و پێپسی کۆلا، ڕامان، ژ ٤١، ١٩٩٩، ل ٨٠ – ٨٥.

ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی پێ جودا دەکاتەوە لەم سێ گوتارە ئەوەیە کە لێرەدا هەوڵدراوە بنچینەی ئەزموونی نوێخوازیی دەقەکانی «سپیاییەکانی ناو ڕەش، ڕەشاییەکانی ناو سپی» ڕوون بکرێتەوە کە مەبەستی سەرەکیی پشتەوەی کردەی نووسین و داڕشتنی دەقەکانە و شاعیر وەکو ستراتیژییەتێکی بنچینەیی پەیڕەوی کردووە.

هەڵبەت بۆ بەدیهێنانی ئەم کارەیش مەرج نییە یەك بەیەکی دەقەکان شی بکرێنەوە، بەڵکو بەپێی ڕادەی ڕوونکردنەوەی ئەو ستراتیژیەتە ئاوڕمان لە دەقەکان داوەتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو باس و ئەنجام پێك هاتووە.

لە باسی یەکەمدا: بیروبۆچوونی تیۆریی شاعیر فەرهاد پیربالە سەبارەت چەمکی نوێخوازی کە لە دووتوێی ئەم بەرهەمەیدا بەناوی «مانیفێستی دووەمی وێران» بڵاوی کردووەتەوە، سەرنج دراوە.

لە باسی دووەمدا: لە سێ تەوەرەوە: زمان و تەکنیك و ناوەرۆکی پەیامی دەق، پەنجە خراوەتە سەر ئەو ستراتیژییەتەی کە نوێخوازێتیی دەقەکانی بۆ ڕەخسێنراوە.

لە ئەنجامیشدا بە سێ خاڵ و پوختەی ئەو ئەنجامانە دەستنیشان کراون کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەدەست هێنراون.

أ- چەمکی نوێخوازی لە مانیفێستی دووەمی وێراندا

١- ١- فەرهاد پیربال سەرەتای ئەو کتێبەی کە دەقەکانی «سپیاییەکانی ناو ڕەش، ڕەشاییەکانی ناو سپی» تێدا تۆمار کردووە، بەچەند بیروڕایەکی خۆی سەبارەت نوێخوازی دەستی پێ کردووە، لەم کارەوە تێبینی ئەوە دەکرێت کە شاعیر خاوەنی چەند بیروبۆچوونێکی تیۆرییە دەربارەی چەمکی نوێخوازی و پاشان دەقەکانی لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونانە داڕشتووە. لە کاتێکی وایشدا وا چاوەڕوان دەکرێت کە دەقەکانی لە هەوڵی نوێخوازانەیاندا بەرجەستەکاری بۆچوونە تیۆرییەکان بن. کەوابێت بەر لە لێکۆڵینەوەی نوێخوازێتی دەقەکان بەپێویستی دەزانین لە تێگەیشتن و بۆچوونی شاعیر بکۆڵینەوە، بەڵکو لە ڕووی تیۆرییەوە چۆنێتیی تێگەیشتنی شاعیرمان بۆ دەربکەوێت و پاشانیش ڕادە و ڕێژەی پێبەند بوونی بەم تێگەیشتنەوە دەستنیشان بکەین.

هەرچەندە لە لێکۆڵینەوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکاندا بیروڕای جیاواز هەیە سەبارەت سیما و سروشتی چەمکی نوێخوازی و بەگەلێك شێوە پێناسە کراوە، لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانین کورتە و پوختەی ناوەرۆکی ئەو پێناسە جیاوازانە لە دوو خاڵی سەرەکیدا دیاری بکەین:

١-١-١- نوێخوازی بریتییە لە دەربڕینی بابەتی نوێتر بەکەرەستە و تەکنیکی نوێتر(١).

١-١-٢- لەو ڕوانگەیەوە کە نوێخوازی تەنیا داهێنانی شێوە و فۆڕمی نوێ نییە؛ بۆیە دەقی نوێخوازی دەبێ خاوەنی ڕوانین (ڕۆیا)ێکی نوێ و تایبەتی بێت بەرامبەر ژیان و هونەر و بوون، بەپێچەوانەی عەقڵییەتی کۆن و باوی ناو کۆمەڵ(٢).

فەرهاد پیربالیش لە ڕووی تیۆرییەوە لە دەستنیشانکردنی گرنگترین

مەرج و ئەدگارەکانی بەرهەمێکی نوێدا هیچ کام لەم دوو خاڵەی فەرامۆش نەکردووە و بەم خاڵانەی خوارەوە مەرجەکان دیاری دەکات:

١- ڕوانینێکی زۆر تاکەکەسی لە بەرهەمەکەدا هەبێت. ڕوانینێکی وێرانکارانە، دژ بەزەوق و چێژی باو، دوژمنکارانە بۆ سەر دیاردە و ڕوانینە سەلەفییەکان.

٢- فۆرمێکی سەیر.

٣- بەرهەمی نوێ پێویستە ناجۆر و ناوێزە بێت[٣].

١-٢- بنەمایەکی بنچینەیی بزاڤی نوێخوازی بریتییە لە نوێکردنەوەی بەردەوام و ئازادی و سەرفرازیی ڕەهای شاعیر، فەرهادیش وەکو هەر شاعیرێکی نوێخواز دژی هەموو شێوەکانی سنووربەندی و هەموو جۆرە ڕاوەستانێکە و بڕوای بەکردەی تێپەڕاندنی بەردەوامە، بۆیە نەك هەر هانی شاعیرانی دی دەدات کە نەکەونە شوێن بۆچوونە تیۆرییەکانی و لاسای دەقەکانیشی نەکەنەوە، بەڵکو داوایان لێدەکات، هەوڵ بدەن خاوەن دەنگی تایبەتی خۆیان بن و دەقی نوێتر بنووسنەوە.

هەڵبەتە ئەمەش لەو گۆشە نیگایەوە کە نوێخوازی بزاڤێکی دینامیکیی بەردەوام و بێ سنوورە؛ بۆیە دەڵێت «دوای خوێندنەوەی ئەم نامیلکە شیعرییە، یەکسەر، ئەم نامیلکە و مانیفێستە توورِ هەڵبدەنە نێو زبڵخانەوە.. منیش بەکۆنەخواز و کەودەن و پووت حسێب بکەن. بەکورتی: بەیاننامەیەکی تازەی جوانی خۆتان بنووسن»[٤].

فەرهاد لە کردەی بەرهەمهێنانی دەقی نوێخوازدا کەموزۆریی ژمارەی خوێنەری وەك جەمسەرێکی پرۆسەی داهێنان بەلاوە گرنگ نییە، (گرنگ ئەوە نییە بەرهەمی نوێخواز چەند کەسی تێی دەگات و ژمارەی ئەو کەسانە چەندە کە پێشوازی لێ دەکات)[٥].

ئەگەر ئەم مەسەلەی تێگەیشتنە لە بەرامبەر مانیفێستەکەی فەرهاد

ڕابگرین هەست بەبوونی جۆرە نەسازییەك دەكەین. فەرهاد لە لاپەڕەی یەكەمەوە تا لاپەڕە حەوت لە دیاریكردنی سیما و ناوەرۆك و سەرچاوەی داهێنانی بەرهەمی نوێخوازدا جەخت لە مەسەلەی «جوانی» دەكات و بوونی جوانییەك سەرسووڕمێن و سامناكیش بەئەدگارێكی سەرەكیی بەرهەمە نوێخوازەكانی خۆی دادەنێت(٦)؛ هەر بۆیەش پێی وایە «لە داهێناندا گرنگ ئەمەیە چۆن و بە چ شێوازێك نووسراوە»(٧).

دیارە كاكڵەی ئەم دروشمەش هەر پەیوەندە بەجوانیی شێواز و تەكنیكەوە نەك بەچی گوتنەوە.

لێرەدا پێویستە بڵێین گەر جوانی تەوەر و سەروەری نوێخوازبێت – هەر وەكو فەرهاد خۆی دووپاتی دەكاتەوە– كەواتە پێدڤییە پتر چاوەڕێی ڕادەی چێژ وەرگرتن بكات لە خوێنەر نەك ڕادەی تێگەیشتن، بێگومان تێگەیشتن و چێژ وەرگرتن نەك هەردوو كرداری جیاوازن، بەڵكو «ئەدۆنیس» گوتەنی، بۆ چێژ وەرگرتن لە شیعرێك هیچ مەرج نییە بەتەواوی لەو شیعرە بگەین تەنانەت دوور نییە ئەم تێگەیشتنە چێژی شیعرەكەمان لە دەست بدات(٨).

١ – ٣– فەرهاد لە نووسینی ئەم تەرزە دەقە نوێیەدا پتر مەبەستی وروووژاندنە هەر وەكو خۆی دەڵێت: «من هەرچی بنووسم دەمەوێ بەردێك بێت و فڕێی بدەمە ناو گۆمە مەنگەكەوە. شڵەژانێك و وروووژاندنێك بێت...».(٩)

واتا وروووژاندن و لڤاندنی خوێنەر و ناوەندە ئەدەبییەكە لەم كارەیشدا پتر فۆڕم و تەكنیكێكی نوێ و نامۆی كردووەتە ئالاڤی سەرەكی؛ لەبەر ئەمەشە لە داهێناندا چۆنێتیی شێوازی نووسینی لا گرنگە، بڵند كردنەوەی ئەم دروشمەش بۆ خۆی سنووربەندێكی چەمكی ڕوانینی شیعرییە لە نێو بازنەیەكی داخراوی فۆرم و تەكنیكدا.

ئەمە لە لایەك جۆرە نەسازییەکە لەگەڵ مەرجێکی گرنگی نوێخوازی کە فەرهاد خۆی ئاماژەی بۆ کردووە و لە لایەکی دیکەشەوە پێچەوانەی بیروڕای زۆربەی تیۆریزەکارانی نوێخوازییە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، نوێخوازی تەنیا داتاشینی چێوەی فۆڕمێکی نوێ نییە، بەڵکو هەڵوێست و عەقڵیەتێکی ڕەهای نوێیە بەرامبەر سەرتاپای دیاردەکانی ژیان کە خودی شیعریش بەشێکێتی نەك بەتاقی تەنیا فۆڕمی شیعرەکە(١٠).

بەلێکۆڵینەوە لە خودی دەقەکانی «سپیاییەکانی ناو ڕەش، ڕەشاییەکانی ناو سپی»، تێبینی دەکرێ ئەم نەسازییە – کە دوور کەوتنەوەیە لە پرینسیپێکی نوێخوازی – لە نێو جەستە و گیانی هەندێك لە دەقەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەم بابەتەیش لە باسی دووەمدا ڕوونی دەکەینەوە.

## ٢– نوێخوازێتیی دەقەکانی
## «سپیاییەکانی ناو ڕەش، ڕەشاییەکانی ناو سپی»

٢–١– فەرهاد پیربال لە بۆچوونەکانی نێو مانیفێستەکەیدا– ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ– ئەوە دەردەخات کە بڕوای تەواوی بەسواوی و بەسەرچوویی شێوە و شێوازی کۆنی شیعر نووسین هەیە. ئەو شێوە کۆنەی کە دەمێکە شیعری کوردی لە بازنەی مەنگیدا دەستەمۆ کردووە و لە هەمان کاتیشدا لە ئاستی سروشت و زمانی ناکۆکی و نەسازییەکانی ژیانی چڕ و ئاڵۆزی ئەمڕۆدا نییە.

لەبەر ئەم هۆیانە فەرهاد دەیەوێت بەهەرشێوە و شێوازێك بێت ئەو مەنگییە بشڵەقێنێت و هزر و هەستی خوێنەران و شاعیران ڕاچڵەکێنێ و هەرچۆنێك بێت فۆڕمێکی نوێ، وشەیەکی نوێ، دەقێکی نوێ دابهێنێت،

بەشێوەیەك ببێتە مایەی هەژاندنی خوێنەر و ڕاتەکاندنی یەخەی ئەو توانایانەی کە چاوەڕێی داهێنانیان لێ دەکرێت.

بەچاوخشاندنێکی خێرا بەسەر کتێبی «سپیاییەکانی ناو ڕەش، ڕەشاییەکانی ناو سپی» سیمایەکی ئەم بۆچوونەمان بەرچاو دەکەوێت لەم سەرنجەدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە ڕەگەزی ورووژاندن تەنیا لە زمان و تەکنیکی خودی دەقەکاندا نییە، بەڵکو لە سەرتاپای سەر و سیمای بەرهەمەکەیشدایە، لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەوە پێدا وەرە تا دەگاتە دوا لاپەڕە.

لەم نێوانەدا چاومان بەم دیاردانە دەکەوێت:

٢-١-١- لەسەر بەرگی یەکەمدا چەند وێنەیەکی خودی شاعیر لە دیمەنی جیاجیای نا ئاساییدا خراونەتە ڕوو. هەر وێنەیەکی گوزارشت لە حاڵەتێکی سایکۆلۆژی دیاریکراو دەکات. لێرەدا فەرهاد کەرەستەیەکی سەرنجڕاکێشی بەکارهێناوە بۆ ورووژاندنی هزر و هەستی خوێنەر، بەتایبەتی ئەمە یەکەم جارە شاعیرێکی کورد وێنەی خۆی لەو دیمەنانەدا لەگەڵ کۆمەڵە دەقێکی ئەدەبیی خۆیدا بڵاوبکاتەوە.

بێگومان کاریگەرێتیی ئەم وێنانە لەوەشدایە کە بەتاك و بەتێکڕایی هەڵگری چەند هێما و دەلالەتێکی جیاوازن کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی پتر لە پرسیارێك لە هزری خوێنەردا. هەرچەندە وێنەکانی بەتاك و کۆ زمانێکی تایبەتی پێك دەهێنن و دەیانەوێت لەگەڵ خوێنەردا بدوێن، بەڵام پتر لە پرسیارێك لای خوێنەر دروست دەکەن:

- دەبێ چی هۆکارێك شاعیری گەیاندبێتە ئەو بارە سایکۆلۆژییەی کە وێنەکان دەری دەبڕن؟

- یان شاعیر دەیەوێت لەگەڵ دیمەنە جیاوازەکانی گاڵتەجاڕی و هیستیریدا پێمان بڵێت ژینگەکەمان تێکەڵییەکە لەو نەسازییە؟

– یان وێنەکان زمانێکی دیکەی هاوار و ناڕەزایین بەرامبەر بەو ژیان و ژینگەیەی کە مرۆڤی شاعیر دەگەیەنێتە ئەو حاڵەتانە.

بەهەرحاڵ وێنەکان چالاکانە هزر و هەستی خوینەر دەهەژێنن و بەئاسانی ویستی ستراتیژییەتی نوێخوازێتیی شاعیر دەهێننە دی.

٢–١–٢– بەکارهێنانی ڕێنووسی ڕۆمانی لە ژمارە دانان بەسەر برگە و پەرەگرافەکانی قامووسی بۆشی نوێخوازیدا. هەرچەند فەرهاد یەکەم کەس نییە ئەم کارەی کردبێت، بەڵام دەیەوێت بەمەش سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت.

٢–١–٣– لەدوا لاپەڕەدا پێڕستی دەقەکانی بەشێوەیەکی پرش و بڵاو و تێکەڵاو نووسیوە، ئەمەش گوزارشت لە حەزێکی تێکدەرانەی شاعیر دەکات بۆ ڕواڵەتە دەقبەستووەکان. بەم تەرزە ڕەفتار و ئاکارە لابەلایانە شاعیر دەیەوێت خۆی لە هەموو شتێکدا ناوێزە بکات و جەخت لەوە بکات کە ئەم لە هەموو هەڵسوکەوتێکیدا نوێخوازە و دژی هەموو ڕواڵەتێکی کۆنی چەسپاو و نەگۆڕە. لە ڕاستیدا هەنگاوی لەم بابەتە نزیکترە لە نوێخوازییەکی ڕووکەشی و دوورترە لە جەوهەری ڕوانینێکی هەمەلایەنەوە کە فۆڕم و ناوەرۆك پێکەوە نوێ بکاتەوە، نوێکردنەوەیەکی ئامانجدار و بنیاتنەر.

٢–٢– لەمیانی دەقەکانیشدا شاعیر زیاتر لە سێ تەوەرەوە هەوڵی داوە پەیامی ئازراندن ئاڕاستەی پەیامگر بکات.

٢–٢–١– مامەڵەکردن لەگەڵ زماندا:

بێگومان زمان ئامراز و کەرەستەی سەرەکیی دەقی ئەدەبییە. کەوابێ پرۆسەی بەناوێزە کردنی دەق– کە مەرجێکی گرنگە لای فەرهاد– زیاتر هەر لە ناو زمانەکەیدا دەکرێت، لێرەدا لەم چەند دیاردەیەدا بەرجەستە کراوە.

٢–٢–١–١– بەکارهێنانی وشەی بازاڕی و نەپۆشراو:

شاعیری نوێخواز لەو بڕوایەدایە کە جوانی و کاریگەریی زمانی دەق مەرج نییە لە هەڵبژاردنی وشەی ناسك و دەربڕینی جوانەوە بێت، بەڵکو دوور نییە چەند وشەیەکی بازاڕی و دەربڕینێکی کرێت ئەم مەبەستە بهێننە دی(١١).

ئەمە لە لایەك لە لایەکی دیکەشەوە لە هەنگاوێکی ڕەتکەرەوانەی زمانی باوی شیعر نووسیندا، شاعیر وشە و زاراوە لە زمانی ناو بازاڕ و گەڕەك و سەرجادەوە دەهێنێتە نێو فەرهەنگی زمانی دەقەکەیەوە، لێرەدا فەرهاد کۆمەڵێك وشەی بازاڕی و دەربڕینی کرێتی بەکارهێناوە، وەك: (قەشمەر، بێ حەیا، زەوقسز، گەواد، دزی و حیزی،...هتد)(١٢).

بەکارهێنانی ئەم وشە و دەستەواژانە لە دەقەکانی فەرهاددا پتر وەسفی و ئاشکرا و ڕاپۆرتین و کەمتر هێمادارن، ئەمەش ئەوە ئەدات بەدەستەوە کە مەبەستەکە بەشێوەیەکی سەرەکی ورووژاندنی زووتر و زیاتری خوێنەرە.

٢-٢-١-٢- بەکارهێنانی وشەی بیانی.

نەك هەر بەکارهێنانی وشەی بیانی، بەڵکو تێکهەڵکێش کردنی شیعری کوردی لەگەڵ زمانێکی بیانیدا دیاردەیەکی نوێ نییە بۆ شیعری کلاسیکی کوردی، بەڵام بۆ شیعری نوێ تازەیە. فەرهاد کۆمەڵێك وشە و ڕستە و دەربڕینی بیانی ئینگلیزی، فارسی، فەڕەنسی، ئیتالی وعەرەبی بەکارهێناوە و تەنانەت هەندێك دەقی تەنیا چەند وشەیەکی کوردییە.

بۆ نموونە لە لاپەڕەکانی ٨، ٩، ١٣، ١٥، ٢٧، ٣١، ٥٦دا کۆمەڵێك وشە و زاراوە و ڕستەی جۆراوجۆری بەچەند زمانێك بەکارهێناوە. خودی ئەم کارە ڕەنگە بۆخۆی کارێکی بێ مانای ڕووکەشی نەبێت و ڕەنگدانەوەی دەربەدەریی شاعیر بێت لەو وڵاتانەدا، یان کاریگەرێتیی ئەو زمانانە بێت بەسەر شاعیرەوە، هەبوونی ئەو موفرەداتە بیانییانە شتێکی ئاساییە،

بەڵام چۆنێتی و ڕادەی بەکارهێنانیان لە نێو دەقەکاندا جێگای پرس و سەرنجە، چونکە زۆرجار بێ هۆیەکی چاوەڕوانکراو لە نێو کەشوهەوای دەقەکەداو لە پڕێکدا هاتوونەتە ناو دەقەکەوە. ئەم یاریکردنە لەناکاوانە لەگەڵ چاو و زەینی خوێنەردا پتر هەر مەبەست ورووژاندن و شڵەژاندنێتی، تەنیا بۆ نموونە لە لاپەڕە (١٣)دا:

زێد: وکم من منزل یألفه الفتی

وحنینه أبدا لأول المنزل

دەبێ چی پێویستییەك ڕێگای بۆ هاتنی ئەم دیڕە شیعرە خۆش کردبێت؟ یان تەنیا حەزێکی ڕووتی داتاشینی شێوەیەکی نوێیە کە مەبەستی ناوێزەیی و لە بەرامبەریشدا سەرنجراکێشانی خوێنەر بهێنێتە دی؟

پێمان وایە ئەو وشە و دێڕە ئەگەر لەژێر سەردێڕی «٤٤ پێناسە بۆ دوورە وڵاتی»دا بووایە، مانایەکی گەورەتر و جوانتری دەگەیاندە پەیامگر (١٣).

هەر دوو دەقی «لە تەجنیدە سووتاوەکەی هەولێر» و «تەخمیس لەسەر شیعرێکی ئینگلیزی» تەنیا ناوونیشان و چەند وشەیەکیان کوردییە،ئیدی بەزمانێکی بیانی نووسراوەتەوە. ئەزموونی نوێخوازێتی ئەم دوو دەقەیش هەر لە ڕوانگەی گرنگی چۆنێتی گوتنەوە ئەنجام دراوە و پەیامێکی نوێ و نەگوتراوی بەپەیامگر نەگەیاندووە.

٢-٢-١-٣- لادانی ڕێزمانی و واتایی

زمانی دەق نەك هەر لە ڕووی بونیادی ڕێزمانییەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و جیاوازە لە زمانی ئاخافتنی ڕۆژانە، بەڵکو لە ڕووی ئاڕاستە و ئامانج و ڕوانینیشەوە زمانێکی تایبەتییە (١٤). هەڵبژاردن و بەکاربردنی هەر شێوە و داڕشتێکی تایبەتی لە زماندا مانا و دەلالەتی خۆی هەیە.

هەڵبەتە کەرەستە و ئالاڤی بەرجەستە کردنی ئەم جیاوازی و تایبەتمەندییە بەچۆنێتی ڕەخساندنی پەیڤ و یاریکردن لە ناو زمان و واتادا دێتە دی.

فەرهاد لە دەقی «گۆڕینی ڤێرگول و گۆڕینی شوێنی وشەکان..» لە ڕێگای پاش و پێش خستنی وشەکانەوە چەند جارێك داڕشتنی ڕستەی تێکداوە و هاوکات لەگەڵ ئەم لادان و تێکدانە ڕێزمانییەدا، ترازانی واتاییش ڕووی داوە و ڕستەکان مانا بەخش نین و بوونەتە چەند وشەیەکی لێك دابڕاو.

تەنیا وەك نموونە:

سەر، هەموو، دەچێتەوە بانەڕێیەك
سەر، هەموو بانە. دەچێتەوە ڕێیەك
سەر، هەموو، دەچێتە ڕێیەك، بانە
.............................
بانە! سەر دەچێتەوە هەموو ڕێیەك
بانە! هەموو ڕێیەك دەچێتەوە سەر

لە ڕاستیدا هەموو یاریکردنێکی ناو زمان دەق ناگەیەنێتە ئاستی بەشیعربوون. واتا شیعریەت بەدەق نابەخشێت. ئەوەشمان لە یاد نەچێت چاو نەترسی لە پرۆسەی وێرانکردن و شکاندنی فۆڕم و چێوەکانی پێشوو لە هەموو کاتێکدا نوێخوازییەکی داهێنەرانەی لێ ناکەوێتەوە. دەقێکی وەکو ئەم دەقەی باسی دەکەین پتر زەخرەفەیەکی وشك و بەتاڵی زمانەوانییە.

فەرهاد بێجگە بەئاخافتنی ئاسایی لە ڕێگای ئەم جۆرە دەقانەشەوە پەنجە دەخاتە سەر ستراتیژییەتی ئەزموونی نوێخوازیی خۆی کە بریتییە

لە لڤاندنی پەیامگر و هەژاندنی گۆمە مەنگەکەی ئەدەب ئیتر بەهەر شێواز و ڕێباز و فۆڕمێك بێت گرنگ نییە (١٥).

لە دەقی «بۆبەلات» پەنای بردووەتە بەر زمان و هەستی نائاگایی، هەڵبەتە لە بارێکی وادا دەق لە ڕوخساردا لە چوارچێوەی چەند دەستەواژەیەکی بێ سەروبەردا خۆی نیشان دەدات کە هیچ پەیوەندییەکی لۆژیکی پێکیانەوە نابەستێت. هەر چەندە زمان زمانی نائاگایی و ئامادە نەبوونی ژیرییە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەربڕ و هەڵگری مانا و دەلالەتی تایبەتی خۆیەتی.

شاعیر لەم دەقەدا لەسەر بنچینەی دوالیزمی (ئێمە ≠ ئەوێ) بەزمانێکی ناماقووڵ گوزارشت لە شیرازە تێکچوون و داڕووخانی عەقڵانیەت و بێ سەروبەریی ڕواڵەتەکانی ژیانی ژینگەی خۆی دەکات.

لەلای ئێمە

ژیان ژەنگی ژەهری ژانی ژیاری تێدا دەهەژێ

.....................................

لەلای ئێمە:

ڕووباری ڕیشی ڕازی ڕێویی لەڕی ڕێیانی تیا دەلەوەڕێ

...........................................

لەوێش: لم زێڕە گەڵا دەردەکا،

وشکایی لەخۆیەوە جوانی دەگرێ؛

خەون لە ماوەی یەك چرکەدا

دەبێتە جوانترین هەقیقەت (١٦).

هەڵبەتە بە وردبوونەوە لە بونیادی سیمانتیکی هەریەك لە جەمسەرەکانی ئەم دوالیزمە پتر دەلالەتەکانیان دەردەکەوێت (١٧).

وەك لەم هێڵكارییەدا دیارە:

| | |
|---|---|
| | ڕۆژهەڵاتی |
| * ئێمە | كورد |
| | هەولێری |
| | هەر كۆمەڵێكی نەفام و دواكەوتوو |
| * ئەویَ | ڕۆژئاوا |
| | ئەورووپا |
| | فەڕەنسا |
| | پاریس |
| | هەر جێگەیەكی پێشكەوتوو |

لە هەردوو دەقی «گۆڕینی ڤێرگول و گۆڕینی شوێنی وشەكان...» و «بۆبەڵات»دا زمان ڕۆڵێكی گەورەی بینیوە بۆ بەناوێزەكردنی دەق، ئەمەش زیاتر و زووتر سەرنجی پەیامگر ڕادەكێشێت، لێرەشەوە ئامانجی سەرەكیی شاعیر دێتەدی.

٢-٢-١-٤- شێوازی زمانی دەربڕین:

بەپێی ڕای زۆربەی تیۆریزەكارانی دەقی نوێخواز یەكێك لە گرنگترین ئەدگارەكانی شاعیری نوێخواز ئەوەیە كە هەتا پێی بكرێت خۆی لە زمانی ڕاستەوخۆ و گێڕانەوەی ئاسایی دوور بخاتەوە [١٨]. نەك هەر ئەمەندە بەڵكو بەڕای «ئەندۆنیس» زمان لە شیعری نوێدا پێویستە دوورە پەرێز بێت لە مانا ئاسایی و باوەكەی؛ چونكە زمانی شیعر زمانێكی هێمادارە [١٩].

فەرهاد پیربال نەك هەر لە ڕووی تیۆرییەوە ئەم ڕاستییانە دەزانێت، بەڵكو لە ناو هەندێ لە دەقەكانیشیدا بەرجەستەی كردووە، كەچی لە نێو

دەقەکانی «کەسك و سۆری شینێك» ، «٤٤ پێناسە بۆ دوورە وڵاتی» و «جەنگ»دا جۆرە ڕستە و دەربڕینێکی پەرەگرافی بەکاردەهێنێت، پتر لە ئاخافتن و گێڕانەوەی ئاسایی دەچن. بۆ نموونە لە دەقی «کەسك و سۆری شینێك»دا چاومان بەم ڕستانە دەکەوێت «ئادەمیزاد: لەوەتەی هەیە دەمرێت و دەژیەتەوە، دەمرێت و دەژیەتەوە، دەمرێت و دەژیەتەوە، زۆر سەیرە!» «بازاڕ: ژنی عەبا بەسەر و عارەبانە و قەڵەباڵغی»، «پەناهەندە: کوردێك زۆر باش لەوە گەیشتبێت کە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد پێویستە».

هەروەها ئەم زمانە ڕاپۆرتییە دەقی Apprivoise - moi! و زۆربەی بڕگەکانی دەقی «٤٤ پێناسە بۆ دوورە وڵاتی»یش گرتووەتەوە و تەنانەت دەقی «تەوش»، لە زمانێکی ئاشکرادا خەریکە ببێتە کورتەی بیۆگرافیای شاعیر. بێگومان ئەم زمانە پەرەگرافییەش لە ئەدگاری نوێخوازێتیی دەقەکان کەم دەکەنەوە، لە کاتێکدا ئەم بەرهەمە – هەر وەکو فەرهاد خۆی دەڵێ –(٢٠)، یەکێکە لە پرۆسەکانی نوێخوازیی شیعری ئەمڕۆ. باشە بۆچی شاعیر لەتەك زمانی هێمادار و ناماقووڵدا زمانێکی ڕاستەوخۆیشی بەکارهێناوە؟ بەبۆچوونی ئێمە سروشت و ماهییەتی ستراتیژی ئەزموونی نوێخوازیی شاعیر، وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە.

شاعیر بەتێکەڵکردنی زمانێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ سەرنجی بیر و هەستی خوێنەر ڕادەکێشێت و تاکڕەویی خۆیشی بەرجەستە دەکات.

٢–٢–٢– تەکنیکی دەقەکان

شاعیر بێجگە لە کارکردن لە ناو زماندا، لە ڕێگای بەکارهێنانی تەکنیکی جیاوازیشەوە هەوڵی پراکتیزەکردنی ستراتیژیەتی خۆی داوە.

د. محەمەد بەکر لە تێزی دوکتۆراکەیدا باسی تەکنیکی دەقەکانی «گێلە پیاو»، «پەڕگاڵ»، «بانگەوازێك»ی کردووە(٢١).

دەقەکانی دیکەی وەك «سپیاییەکانی ناو ڕەش، ڕەشاییەکانی ناو سپی»، «شیراتۆن لەبەر باراندا»، «باسی جواب نووسینەوەی کاغەزی خورشید...»، «پەنجەرە»، «خەونی ئیستاتیکی»، «شەوانی تاڵی نێو تابووتی...» لەسەر هەمان تەکنیکی دەقی «گێلە پیاو» دارێژراون و لەم جۆرە تەکنیکەدا و هەر وەکو د. محەمەد بەکر دەڵێت: «هەر دەقێکی ئەدەبی یان بەشێکی لە لاپەڕەیەکی تەواودا هەڵدەبژێرێت و جگە لە چەند وشەیەکی دیاریکراو لە چەند جێگایەکی لاپەڕەکەدا، ئەو دوای وشە و ڕستەکان ڕەش دەکرێنەوە. لە ئەنجامدا ڕستەیەکی تازە پێك دێت کە هیچ پەیوەندییەکی سیمانتیکی بەدەقە بنەڕەتییەکەوە نابێت و وەکو دەقێکی نوێ دەخوێندرێتەوە(٢٢).

لێرەدا ئەوەی بەنزیکی باسەکەمانی دەزانین دەربارەی ئەم تەرزە تەکنیکانە ئەوەیە تێبینی دەکرێت شاعیر لە هەندێکی ئەم دەقانەدا تەنیا لە ڕێگای کلێشەی تەکنیکەوە دەقی ناوێزە کردووە و لەم حاڵەتەیشدا دەق پەیامێکی فیکریی ئاشکرا و زمانێکی ئاسایی لەخۆگرتووە، وەکو لە دەقی (شیراتۆن لەبەر باراندا) هەرچەندە ناونیشانەکەی هێمادارە، بەڵام زمانی دەقەکە ڕستەیەکی ڕاستەوخۆی وەسفییە. بەڵام لە هەندێك دەقی دیکەدا تەکنیك و زمان پێکەوە دەق ناوێزە دەکەن و زیاتر و زووتریش پەیامگر دەهەژێنن؛ چونکە لەم جۆرە دەقانەدا زەین و چاو پێکەوە شپرزە دەکرێن و دەکەونە بزاڤ و چالاکییەوە. بۆ نموونە لە دەقەکانی «پەنجەرە» و «خەونی ئیستاتیکی»دا.

دەقی(i) دەقێکی وێنەییە، لە دەقی وێنەییشدا زمان و وێنە دەبنە ئامرازی گەیاندنی پەیامی دەق بۆ پەیامگر. ئەمەش ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە چۆنێتی و چەندایەتیی خوێندنەوەی دەق و وەرگرتنی پەیامەکەی(٢٣). لەم دەقەدا.

i

له

پاریس

جارجار

دەچم

لەسەر

بڵندترین

دوندی

بورجەکەی

ئیڤێڵ

ڕادەوەستم؛

هەموو شوێنێکم لێوە دیارە:

تەنیا هەولێر نەبێ!

تێبینی دەکرێت دەقەکە وێنەی بورجی «ئیڤێل»ی پێك هێناوە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەئەزموونە شیعرییەکەوە هەیە، دیارە ئەم دیمەنە بەرچاوییە، کاریگەرییەکی ئیستاتیکی دەبێت و بەشداری دەکات لە پێکهاتنی بونیادی دەقەکەدا(٢٤).

لە دەقی «هەولێر لە دوورەوە» شاعیر زیاتر لە ڕێگای کارکردنی لە ناو بونیادی جوگرافیی دەقەکە و بەپێی مەبەستی ئەزموونەکە تۆپۆگرافیای دەقەکەی نەخشە کێشاوە، لەم بارەیشدا چاو لەگەڵ ڕەگەزە ماددییەکەدا دەکەوێتە کار.. کاری شوێن و دابەشکردنی جوگرافی ڕووی کاغەز جموجۆڵ لە تەماشاکردندا بەرهەم دێنێت(٢٥).

ئەگەر دەقەکە لە دەلالەتە فیزیکی و جوگرافییەکانی دابماڵرێن، ئەوا دەبێتە ڕستەیەکی ئاسایی و وشەکان هیچ بەهایەکی هونەرییان نامێنێت، لێرەدا شاعیر بەکارکردنی لە ناو جوگرافیای دەقدا

سەرکەوتووانە دەقەکەی گەیاندووەتە ئاستی شیعرییەت و خوێنەر دەورووژێنێت.

٢-٢-٣- ناوەرۆکی پەیامی دەق

ئاشکرایە پرۆسەی داهێنانی ئەدەبی لەسەر هەر سێ جەمسەری (نووسەر – دەق – خوێنەر) دامەزراوە و لەم ڕوانگەیەوە دەق پەیامێکە لە پەیامدەرەوە بۆ پەیامگر. بێگومان هەر دەقێکیش لە دوو توێی پەیڤ و ڕەمزەکانی خۆیدا، هزر و هەستێکی لەخۆگرتووە.

ناوەرۆکی پەیامی زۆرینەی دەقەکانی ئەم بەرهەمەی فەرهاد پیربال لە واقیعی ئەمڕۆی خوێنەری کوردەوە نزیکن، دەربڕی تراژیدیای تاکی کوردە کە لە نێو کێشە جڤاکی و ڕامیاری ئەپستیمییەکاندا دەخولێتەوە. بۆ نموونە دەقەکانی «٤٤ پێناسە بۆ دوورە وڵاتی»، «جەنگ»، «بانگەوازێك»، «شیراتۆن لەبەر باراندا»، «سەرەتای بەدبەختییەکانی ژیانم»، «ئەو هەشت حەرفەی لە هەموو حەرفێکم خۆشتر دەوێن» و «سەوزترین زەرد و ڕەشترین شین» هەریەکەیان لە سووچێکەوە و بەزمان و شێوازێك دەنگی ناڕەزایی لە بەرامبەر دیمەنە جیاوازەکانی ئەو تراژیدیایەدا بەرز کردووەتەوە.

شاعیر زۆر جار ئەم کارەی بەشێوەیەکی نادیار و ناڕاستەوخۆ ئەنجام داوە. بۆ نموونە لە دەقی (پەرگاڵ)دا تێکڕای جەستە و گیان و زمانی دەقەکە پێکەوە دەبنە نیشانکارێك و ئاماژە بۆ پتر لە نیشانکارێك دەکەن.

ڕەنگە دەقی «پەرگاڵ» بەخوێنەر بڵێت، ئەمڕۆ لە ژیانی کۆمەڵی خۆمانیشدا، بەها مرۆڤایەتی و جڤاکی و نیشتمانپەروەرییەکانیش لە ڕەگەوە گۆڕاون و بەپێوەری ماددیانە و پێوانە دەکرێن و لە ژێر دەسەڵاتی بەرژەوەندییە ئابوورییە تاکە کەسییەکاندان. لە دەقی «سەوزترین زەرد»دا ئەگەر ناونیشانەکەی نەبووایە، بەئاسانی لە کرۆکی ڕاستەقینەی پەیامی

دەقـەكـە نـەدەگـەیشتـیـن، واتـا دەقـەكـە زۆر نـاڕاسـتـەوخـۆیـە، بـەڵام تـەنـیـا نـاونـیـشانـەكـەی یـارمـەتـیـی خـوێـنـەر دەدات بـۆ كـردنـەوەی تـەلـیـسمـی دەلالـەتـەكـانـی.

بـەهــەرحـاڵ نـاوەڕۆكـی پـەیـام و شێواز و زمـان ڕاسـتـەوخـۆ بێت یـان ناڕاستەوخۆ، دەبینین شاعیر لەم پرۆسەیەدا – پرۆسەی بەئایدۆلوژی كردنی دەق– وەك شاعیرێكی پەیامدار «ملتزم» دەقی كردووەتە ئامراز و ئـالاڤ لـە خزمـەتـی هـزر و بـۆچـوونـێـكـی ڕامـیـاریـی دیـاریـكراودا بـەكاری هـێـنـاوە، گـەر ئـەم هــەنـگـاوەی شاعـیـر لـە بـەرامـبـەر نـوێـخـوازێـتـیـی مـانیفێستەكەی خۆی ڕابگرین، چەند تێبینییەكمان لا دروست دەبێت:

* شاعیر خۆی لە بۆچوونە تیۆرییەكانیدا جەخت لەوە دەكات كە دەبێ دەقی نوێخواز خاوەن ڕوانینێكی وێرانكارانە دژ بەزەوق و چێژی باو بێت و دوژمنكارانە بێت بۆ سەر دیاردە و ڕوانینە سەلەفییەكان[٢٦]و بەڕابردوو بڵێت شەوشاد[٢٧].

بەم پێوەرە ئەم دەقانەی شاعیر لە ڕووی ڕوانینی ناوەڕۆكی فیكرییەوە شتێكیان دژی «باو» و «ڕابردوو» نەگوتووە. بەدەربڕینێكی دی ئەگەر نوێخوازی گەڕان بێت لە ناو نادیاردا، ئەوا لەم لایەنەوە ئەم دەقانەی شاعیر لە ناو ڕەهەند و دەقە دیار و گوتراوەكاندا دەدوێن.

هــەرچـەنـدە لـێرەدا پـێمـان وایـە پـەیـامـداربـوونـی شاعـیر ئـەدگـارێـكـی نیگەتیڤانە نییە، بەڵام ئەم هەڵوێستەی شاعیر لەگەڵ بیری نوێخوازانەی خۆیدا یەك ناگرنەوە؛ چونكە بڕوای بەوە نییە ئەدەب بكرێتە ئامرازی كار و ئـامـانـجـێكـی ڕامیـاری[٢٨]. خـۆ ئـەگـەر شاعـیـر لـە مـانـیـفـێستـەكـەیدا بەشێوەیەكی گشتگیر و هەمەلایەنی دژی «باو»، «ڕابردوو» نەبووایە و شێوازێكی بژاركاری «انتقائی» هەبووایە، ئەو كاتە هەبوونی ئەم جۆرە پەیامدارییە ڕامیارییە بەهانە و بەڵگەی خۆی دەبوو.

* ڕەنگە فەرهاد بەپێشکەش کردنی هەندێك دەق کە تا ڕادەیەك ڕەهەندێکی ئایدۆلۆژی ڕامیارییان لە ئامێز گرتووە بەخوێنەر بڵێت، من نوێخوازی و پەیامداریی ڕامیاریم پێکەوە گرێداوە[٢٩]، لێرەشەوە شاعیر جارێکی دی تایبەتمەندێتی و تاکڕەوی خۆی دەخاتە ڕوو.

هاوکات لەگەڵ ئەم کارەدا بەشێوازێکی دی ڕووکارێکی دیکەی ستراتیژییەتی ئەزموونی نوێخوازیی خۆی ڕایی دەکات کە بەزمان و فۆڕم و تەکنیکی نوێ و نامۆ، ئەدەبێکی پەیامدار پێشکەش دەکات، سروشتی ئەم کارەیش لە خۆیدا دەبێتە جێگای سەرنج و پرسیاری هزر و هەستی خوێنەر.

## ئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەگەینە چەند ئەنجامێك:

١- ئەزموونی نوێخوازانەی شاعیر لەم بەرهەمەدا «مانیفێستی دووەمی وێران، سپیاییەکانی ناو ڕەش، ڕەشاییەکانی ناو سپی» لە دوو لاوە ڕووبەڕووی هەندێك لێکترازان بووە، لە لایەك نەسازی لە نێوان خودی مانیفێستەکەیدا و لە لایەکی دیکەشەوە لە نێوان تیۆر و پراکتیکدا، واتا لە نێوان مانیفێستەکە و دەقەکاندا.

٢- شاعیر لە دەرەنجامی هوشیارییەکی نوێخوازییەوە دەرکی بەمەنگی و سستی و نەزۆکیی گوتاری شیعریی دەوروبەرەکەی خۆی کردووە؛ بۆیە لڤاندن و هەژاندنی شیان و عەقلییەتی ناوەندە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکەی لا بووەتە ستراژیەتێك، کە تێکڕای ئەزموونی نوێخوازانەی خۆی بۆ پاراستن و جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژیەتە بڕەخسێنێ. لەم ڕوانگەیەوە دەستی بۆ مەبەست و مانا و شێواز و زمان و فۆڕم و تەکنیکی نوێ و هەمە جۆر بردووە و تێکڕای بەرهەمی

ناوبراوی– لەبەرگەوە بۆ بەرگ – کردووەتە پەیامێکی وورووژێنەر و ڕاچڵەکێنەر و ئاڕاستەی پەیامگری کردووە.

کرداری وورووژاندنەکەیش بۆ هێنانەدیی دوو مەبەستە، لەلایەك هەژاندنی توانا ئەدەبییەکان و کەمەندکێش کردنیان بەرەو شێواز و زمان و دەقی نویێ، لەلایەکی دیکەشەوە پەیامگر ئاشنای تاکڕەوی و پێشڕەویی نوێخوازانەی «من»ی شاعیر بێت، ئەم خاڵەیش بەلای شاعیرەوە گرنگیی هونەری و سایکۆلۆژیی خۆی هەیە، هەر وەکو لە لاپەڕەکانی ١–٣ی ئەم بەرهەمەیدا دەری بڕیوە.

٣– لە فەرهەنگی بیری نوێخوازیدا زۆربەی تیۆریزەکارانی چەمکی نوێخوازی پتر جەختیان لە هەبوونی ڕوانینێکی نوێی هەمەلایەن کردووە کە فۆڕمی دەقەکە بەشێکێتی، بەڵام فەرهاد پیربال چەمکی ڕوانینێکی نوێی لە ڕووی پراکتیکییەوە پتر لە داتاشینی چێوە و فۆڕمێکی نوێدا سنووربەند کردووە، واتا پتر نوێخوازییەکی فۆرمالیستییە. بەدیارکەوتنی شاعیریش لە هەندێ دەقدا وەك شاعیرێکی پەیامدار تاکتیکێکی هونەرییە لە خزمەتی ستراتیژیەتی وورووژاندندایە؛ چونکە ئەم جۆرە هەڵوێستە لەگەڵ بۆچوونی تیۆری نوێخوازانەی شاعیر هێندەی ئاسمان و ڕێسمان لە یەکدی دوورن.

## پەراوێزەکان

١- محەمەد بەکر، پەخشانە شیعری کوردی، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٧، ل١٣.

٢- يوسف الخال، الحداثة في الشعر، الطبعة الأولي، بيروت، ١٩٧٨، ل٨٤-٨٥؛ طراد الكبيسي، المنزلات، منزلة الحداثة، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٩٢، ل٢٨.

٣- فەرهاد پیربال، مانیفێستی دووەمی وێران، سپیاییەکانی ناو ڕەش، ڕەشاییەکانی ناو سپی، لە بڵاوکراوەکانی نووسینگەی وێران ١٠، هەولێر، ١٩٩٩، ل٢.

٤- هەمان سەرچاوە، ل٧.

٥- هەمان سەرچاوە، ل٣.

٦- هەمان سەرچاوە، ل١.

٧- هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

٨- أدونيس، زمن الشعر، الطبعة الثالثة، بيروت، ١٩٨٣، ل٢١.

٩- نۆ شاعیری هەولێری، جوایەن، هەڵبژاردەی نۆ شاعیری هەولێری، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩، ل١٥٧. د. فەرهاد پاش ئەوەی دەڵێ مەبەستم وورووژاندنە یەکسەر دەڵێ، لە پرۆژەی ئەم کتێبۆکەیشدا بەهەمان شێوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە بەرهەمی نوێخوازانەی بەر لە (جوایەن)یش دەگرێتەوە، کە بێگومان «سپیاییەکانی ناو ڕەش، ڕەشاییەکانی ناو سپی» یەکێکیانە.

١٠- أدونيس، زمن الشعر، ل١١٥؛ جابر عصفور، معني الحداثة في الشعر المعاصر، فصول، العدد الرابع، ١٩٨٤، ل٣٧.

١١- علي جعفر العلاق، في حداثة النص الشعري، الطبعة الأولي، دار الشؤون الثقافيه العامه، بغداد، ١٩٩٠، ل٢٨.

١٢- فەرهاد پیربال، سپیاییەکانی ناو ڕەش، ڕەشاییەکانی ناو سپی، لاپەڕەکانی ١١- ١٥- ٢٣- ٤٣-٧١.

١٣- بەکارهێنانی ڕستە و وشەی بیانی لە دەقی نوێدا ئەگەر لە جێگای خۆیدا بێت

دەلالەتەکانی دەقەکە پتر دەکات بۆ نموونە شاعیرێکی وەك «سمیح القاسم» کاتێ دەڵێت:

والضابط المغرور يقلب بالحذاء العسكرى Made in U.S.A

لێرەدا ئەو ڕستە ئینگلیزییە نەك هەر زیادە نییە، بەڵکو ڕەهەندێکی دوورتری داوەتە دەقەکە و لەو وشەیەش سەرنجڕاکێشترە کە یەکسەر بیگوتایە «الأمریکی» بڕوانە: أحمد سليمان الأحمد، هذا الشعر الحديث، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ١٩٧٤، ل١٩٢.

١٤- سعيد الغانمي، المعنى والكلمات، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٩، ل٨٣-٨٤.

١٥- دکتۆر فەرهاد پیرباڵ لەمیانی وەڵامدانەوەی تێبینییەکانی (حەمە سەعید حەسەن)دا سەبارەت دەقی «گۆڕینی ڤێرگول و شوێنی وشەکان» لە گۆڤاری «ڕامان» ژ ٤١ی ١٩٩٩ لە لاپەڕە ٨٤ دا دەڵێت: «ئێمە هەموومان دەتوانین لە تەنیا یەك حەرفەوە دەست پێ بکەین: بەناویدا قووڵ بینەوە و دەگەین بەکوێ گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ڕچەیەك بشکێنین، تەکنیکێك بدۆزینەوە شێوازێك یان فۆڕمێك بۆ نەسلی ئەمڕۆ پێشنیار بکەین». واتا هەر نوێ بێت ئیدی چۆنی دەڵێت، چی دەڵێت ئەمە گرنگ نییە.

١٦- فەرهاد پیرباڵ، سپیاییەکانی ناو ڕەش ڕەشاییەکانی ناو سپی، ل٦٣.

١٧- پێمان وایە زانینی بیروباوەڕی نووسەر، و ژینگەکەشی ڕۆڵی خۆیان دەبینن لە دیاریکردنێکی وردتری هەر دەلالەتێك لە دەقەکانی ئەو نووسەرەدا. ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە دەق لە بۆشاییەوە نەهاتووە، د. عبدالكريم راضى جعفر نموونەیەك بۆ ئەم لایەنە دەهێنێتەوە و دەڵێ: ئەگەر ئایدۆلۆژیای «حمید سعید»مان نەزانیبایە نەدەکرا ڕەمزی «ئاو» لە دەقەکانیدا شی بکرێتەوە. بڕوانە: الشعر والمناهج النقدية الحديثة، بحوث الحلقة الدراسية، مهرجان المربد الشعري الثالث عشر، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٨، ل٨٢ - ٨٣.

١٨- يوسف الخال، الحداثة في الشعر، ل٩٥.

١٩- أدونيس، زمن الشعر، ل١٧.

٢٠- فەرهاد پیرباڵ، شیعر و پێپسی کۆلا، ڕامان، ژ ٤١، ١٩٩٩، ل٨٠.

٢١- محەمەد بەکر، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨ - ١٠٠.

٢٢- هەمان سەرچاوە، ل٩٩.

٢٣- هەمان سەرچاوە، ل١٠١.

٢٤- د. محەمەد حافظ ذیاب، طوبوغرافیا النص الشعری، المنار، العدد ٥١، ١٩٨٩، ل١١١.

٢٥- عبدالله طاهر بەرزنجی، جوگرافیای دەق، کاروان، ژ ١٢، خولی ڕاپەڕین، ١٩٩٤، ل٤١.

٢٦- فەرهاد پیرباڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢.

٢٧- هەمان سەرچاوە، ل١.

٢٨- هەمان سەرچاوە، ل٥، ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە باسی کەموزۆری گرنگیی هەبوونی قەوارەیەکی ڕامیاری بکەین، ئەوەی پەیوەندە بەباسەکەوە ئەوەیە ئەو هزرە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئامادەییان لە ناو دەقەکانیشدا هەیە، هزر و ئامانجێکی ڕامیاری دیاریکراوە و دەقەکان بوونەتە ئامرازی ڕاگەیاندنی.

٢٩- عەبدال نوری عەبدال، لە گوتارەکەی خۆیدا ئاماژەی بۆ ئەم خاڵە کردووە. پەیڤ، ژ ١١، ١٩٩٩.

١٠

# ئیستاتیکای مۆبایله شیعر

شتێکی چاوەڕوانکراوە لە ئەمڕۆی سەردەمی داهێنان و شۆڕشی تەکنەلۆژیدا، کە سەرجەم بوارەکانی ژیانی گرتووەتەوە نەخاسمە لە بواری گەیاندن و پەیوەندیکردن و دەزگاکانی میدیای جیاوازەوە، ئەدەب و هونەریش بەشێوەیەك لە شێوەکان ڕەنگدانەوەی ئەم گۆڕانکارییانەیان پێوە دیاربێت و بەشێوازێك یان پتر، ئەدەب و هونەر لە گەیاندنی پەیامی خۆیاندا یان هەر نەبێ لە گوزارشتکردن بەزمانی سەردەم، کەڵك لە تەکنیك و کەرەستەی زانستی هاوچەرخ وەربگرن. جا ئەوەی هەوڵەکانی ئەم کەڵك وەرگرتن و تەوزیف کردنە لە یەکدی جیا دەکاتەوە، ڕادەی شیعرییەت و هونەریبوونە، بەو مانایەی کە دەقنووس خۆی دوورە پەرێز بگرێت لە گواستنەوەی میکانیکی و بەپێی شیان و ڤیانی بۆ کارەکەی خۆی بەرهەمەکەی دابڕێژێت و بەرجەستە بکات.

لێرەدا قسەمان لەسەر ئەو فۆرمە شیعرییە تازەیەیە کە زۆر نابێت هاتووەتە نێو شیعری کوردییەوە و بەزاراوەی «مۆبایلە شیعر» ناوبراوە. لەم بوارەدا وەکو کتێب و نامیلکەی شیعریی تایبەتکراو، هێندەی من ئاگادار بم تا ئێستا ئەم سێ بەرهەمە بڵاو کراونەتەوە:

١- مۆبایلە شیعر، زانا خەلیل.

٢- مۆبایلە شیعر، خالید باشبڵاخی.

٣- شیعرە مۆبایل، وەرزێر جەزا.

* سەبارەت «مۆبایلە شیعرە»کەی زانا خەلیل، چەند سەرنجێکمان لە بارەیەوە لە ژمارە (١١٠)ی گۆڤاری ڕامان بڵاوکراوەتەوە و لێرەدا هەوڵ

دەدەین چەند تێبینییەك لەسەر مۆبایلە شیعرییەکانی خالید باشبڵاخی و وەرزێر جەزا بخەینەڕوو:

**مۆبایلە شیعر، خالید باشبڵاخی:**

ڕاستە گرنگترین ئەدگاری هونەرییانەی فۆڕمی مۆبایلە شیعر کورتی و کەمیی موفرەداتی زمانەوانییە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، ڕیزکردنی هەر ڕستە و دەستەواژەیەکی کورت، کۆپلەیەکی مۆبایلی پێك بهێنێت، بەڵکو پێدڤییە ڕستە کورت و چڕکراوەکان، هونەرییانە چڕ کرابێتنەوە و پەیڤ و دەربڕینەکان خودان شیانێکی سیمانتیکی وردبن.

یان هەرنەبێت، وێنە هونەرییەکان، وێنەیەکی تازە و سەرنجڕاکێش بن، بەشێوەیەك، ئەوەی بەچەند دێڕ و پەڕەگرافێك دەکرێت، دەقنووس بەیەك دوو ڕستەی کورت بەرجەستەی بکات.

باشبڵاخی توانیویێتی لە هەندێ کۆپلە مۆبایلییەکانیدا گەمەیەکی زمانەوانیی سەرنجڕاکێش ئەنجام بدات و پەیڤەکانی زیاتر و زووتر مەبەستی خۆیان بپێکن. دەکرێ نموونەی هەندێ لەم کۆپلانە لە دەقەکانی ژمارە ١٠، ٢٦، ٣١، ٣٧، ٥٧، ٨١ دا بەدی بکرێت. بەڵام لە زۆر دەقی دیکەشدا (باشبڵاخی) دەقەکانی لە نێو چێوەی چەند دەربڕینێکی زمانەوانی زمانی ڕۆژانەی ئاسایی هێشتۆتەوە، کە ڕاستەوخۆیی و دووبارەکراوەیی و تەقلیدییەت هەرە سیمای زەقی ئەم جۆرە کۆپلانەن.

دەقەکانی ژمارە (٢، ٥، ٢٣، ٢٥، ٤١، ٤٨، ٦٩، ٧١، ٧٣، ٧٨، ٨٢، ٩٠، ٩١، ٩٣) نموونەیەکی ئەم حاڵەتەن.

پێم سەیرە دەقنووسێك وا حاڵی بووبێت کە تەنیا قسە و چەند دەربڕینێکی کورت بۆخۆیدا لە خۆیدا دەقێکی شیعریی «مۆبایلی» دروست دەکەن. ئاخر چەند قسەیەکی وەك:

سەرتاسەری

ئەم گەردوونە بگەڕێی

کەسێك نییە

هێندەی من خۆشی بوێی[١]

ئەمە هێندەی نزیکە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەوە،نزیك نییە لە زمانێکی هونەرییەوە. لێرەوە هەست دەکرێ (شاعیر) زۆر بەدیار وشەکانەوە قووڵ نەبووەتەوە و پەلە پەل بەهەندێ لە دەقەکانیەوە دیارە. کەواتە تەنیا «کورت بوون»، «دەقبوون» ناهێنێتە بەرهەم، بەڵکو پەنجە و تارا و سیمایەکی هونەرییانەیشی پێویستە، پێم وایە باشبڵاخی گەر هێمنانە و کەمێك وردەکارانەتر خۆی بەبەرهەمەکەیەوە خەریك بکردایە، ڕادەی بوونی نموونەی لاوازی لە نامیلکەی شیعرییەکەی کەمتر دەکردەوە.

**شیعرە مۆبایل، وەرزێر جەزا:**

نووسەری ئەم نامیلکە شیعرییە، زۆر خۆی بەدارشتنی دەقەکانییەوە ماندوو نەکردووە و ڕاست وا تێ گەیشتووە ڕیزکردنی چەند ڕستەیەکی کورت، ئەوا «مۆبایلە شیعر»ە و هیچی تر.

هەر ئەم تێگەیشتنەیە وای کردووە کە وەرزێر دەیان قسەی ڕۆژانە و دەربڕینی «ئینشا»ییانە و هەندێ جاریش قسەی دەیان جار گوتراوی نێو ژیانی گەنجێك، بەتەنیشت یەکەوە ڕیز بکات و بەناوی «شیعرە مۆبایل»ەوە بڵاویان بکاتەوە. بۆ نموونە کە کۆپلەی نێو لاپەڕەکانی (٥ ، ٦ ، ٧ ، ٨ ، ٩ ، ١٠ ، ١١ ، ١٢ ، ١٥ ، ١٦ ، ١٧ ، ٢٠ ، ٢٢ ، ٣٢ ، ٤١) دەخوێنیتەوە، زوو هەست دەکەی شیعرییەتیان تێدا نییە و زیاتر لە نامەی دڵداری گەنجێك دەچێت کە تازە دەستی دابێتە قەڵەم و تازەش گروگاڵی ئەڤینداری دەکات. تەنانەت لە هەندێ کۆپلەیشدا ئەڤینداری لە

بیرچووەتەوە و وەكو هەرزەكارێكی غەریزە ورووژێنراو، ڕاستەوخۆ گازندە لە تێر نەبوونی هەواو هەوەسی تاكەكەسی خۆی دەكات:

تۆ بانگم ئەكەی ئەمشەو بێمە لات
بۆ ماچی لێو و ماچی سەر گۆنات
بۆ بانگم ناكەی بۆ خەوی ناو جێگا
مەست و ئاوێزان بین لەگەڵ دوو پێكا(٢)

بەڕاستی لە ئاست ئەم نامیلكەیەی وەرزێردا، بەپێویستی دەزانم ئەو سەرنجە دووبارە بكەمەوە، كە لە گۆڤاری ڕامان - ژ (١١٠)دا دەرم بڕیوە، ئەویش ئەوەیە كە دەقنووسە گەنجەكان ئەوە لە یاد نەكەن كە ئیستاتیكای مۆبایلە شیعر هەر بەڕیزكردنی ڕستەكانی (بۆت سووتاوم و شەیدای تۆمە)

چیٚ ناكرێت و ڕۆڵ و ئەركی زمان لەم جۆرە فۆرمە شیعرییانەدا لە ئاستی مانا و مەبەست و وێنەی هونەریشدا، بەئاستێكی ستوونیی نەك ئاسۆیی كار دەكات.

ڕاستە خودی نامەی مۆبایلی كورتە و ڕاستەوخۆیە، بەڵام لێرەوە ئەرك و جیٚ پەنجەی شاعیر دەست پیٚ دەكات، چۆنێتی داڕشتنی دەقەكان و تەوزیفكردنی كەرەستە تەكنۆلۆژییەكە بەخۆی و زاراوەكانییەوە، فۆڕمێكی هونەریی لیٚ دەكەوێتەوە، ئەگەر نا تەنیا ڕیزكردنی «تۆ زۆر جوانی، بەقەد گەردوون خۆشم دەوێی، ئای زۆر بیرت دەكەم» ئەمانە بەتەنیا نە شیعرن و نە مۆبایلە شیعر، هەروەها با ئەوەشمان لە یاد نەچێت كە هەبوونی قافیە بەتەنیا، جوانی بەدەق نابەخشێت. كاتی خۆی لە بەرنامەیەكی ڕەخنە ئامێزی ڕادیۆی كوردی لە بەغداد، گاڵتەیان بەو جۆرە شیعرانە دەكرد كە تەنیا وشە ڕیزكردن بووە. لە بیرمە لەم میانەدا كۆپلەیەكیان وەك جۆرە گاڵتە و پلارێك دەخوێندەوە كە بریتی بوو لە:

دای بەتەکما وتم هۆپ

کوڵمت گەشە وەك گڵۆپ

لە خوێنەری ناشارمەوە خوێندنەوەی چەندین مۆبایلە شیعر، ئەم دێرەی سەرەوەی وەبیرم دەهێنایەوە.

ئومێدەوارم شاعیرە گەنجەکانمان پەلە پەلی بڵاوکردنەوە نەکەن و بەرهەمی کەم و پوخت پێشکەش بکەن نەك زۆر و بۆر.

پەراوێز:

١- خالید باشبلاخی، مۆبایلە شیعر، چ٢، چاپەمەنیی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٠١،

٢- وەرزێر جەزا، شیعرە مۆبایل، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٤١.

لە ڕاستیدا ئەم نامیلکەیەی وەرزێر، کۆپلەی لاواز و ناهونەریی زیاترە لە هونەرییەکان، بۆیە ئێمەش زیاتر ئەم ڕووەیمان خستووەتە ڕوو. ئەگەرچی کۆپلەی جوانیشی تێدایە بەڵام زۆر کەمە و بەئاسانی نایدۆزیتەوە. پێم وایە کۆپلەی نێو لاپەڕە (٥٥) نموونەی کۆپلەیەکی جوانی وردەکارانەیە.

## ١١

# دوالیزمی پیری و منداڵی

## لە چەند دەقێکی شیعریدا

هەر دیمەنێك، بابەتێك، هەڵوێستێك، ڕووداوێك کاتێ بۆ شاعیر دەبێتە هەوێنی ئەزموونێکی ئەدەبی کە هزر و بیری بەرەو ڕامانێکی قووڵ ببات و ناخی بهەژێنێت، دیارە سەرەنجامی ئەم هاوکێشەیە زۆرجار بەوە کۆتایی دێت کە شاعیر وروژاندنە فیکری و سایکۆلۆژییەکەی بەشێوەیەك لە شێوەکان بەزمانێکی ئیستاتیکی بەرجەستە دەکات، بێگومان چۆنێتی و چەندایەتی ئیستاتیکی بوونی ئەم بەرجەستە کردنەیش دۆخێکی چەسپاو و نەگۆڕ نییە و پێوەندە بە شیان و شێوازی مەعریفی و ئەدەبییانەی هۆزانڤانەوە.

ڕەهەندە جیاجیاکانی تەمەنی مرۆڤ بەتایبەتی ئەدگار و سیماکانی هەردوو قۆناغی (گەنجی و پیری) یا «منداڵی و پیری» لە زۆربەی ئەدەبیاتی میللەتاندا ئامادە بوونێکی لەبەر چاویان هەبووە و بوونەتە پوختەی ڕوانین و فەلسەفەی دەیان و سەدان تێکستی ئەدەبی، هەڵبەتە هەریەك لەم دوو قۆناغە ئێش و ئازێش و تامو چێژ و کەسایەتی و ئاشنایەتیی خۆی هەیە.

با لە گۆشەنیگای چەند دەقێکی شیعرییەوە بڕوانینە چەند دیمەن و ڕواڵەتێکی ئەم دوو قۆناغە فرە هەستیارەی تەمەنی مرۆڤ:

**مەحوی:**

مەحویی شاعیر لە قۆناغی پیریی خۆیدا، ئاماژەی بەحاڵەتێکی تایبەتی خۆی کردووە و گوتوویەتی:

لە پێ کەوتووم و نەفەسم بۆ هەوا دەشنێ وەکو منداڵ

لەبەر پیریی سەرم خۆی ناگرێت و تازە پێ دەگرم

واتە "لەبەر پیریی سەرم بۆ ڕاگیر ناکرێ، کەچی لە ڕووی نەفس و ئارەزووەوە دەڵێی تازە پێ دەگرم و سەرەتای ژیانمە"(١)

**پیرەمێرد:**

پیرەمێردی شاعیر لە شیعری «بەیانی بوو»دا لە دێڕێکدا دەڵێت:

دەمێکە چاوەڕێی بەفرێکی وا بووم مۆژدەبێ باری

سەرم بەفرە، کەچی هێشتا شەڕە تۆپەڵمە بۆ یاری(٢)

لێرەدا ئەوەی پەیوەند بێت بەباسەکەمانەوە ئەوەیە، کە ئاشکرایە دەستەواژەی «سەرم بەفرە» ئاماژەیە بۆ پیری و یاریکردنی شەڕە تۆپەڵیش ئاماژەی بۆ منداڵی و گەنجی.

لەم دوو نموونە شیعرییەدا پیرێك، تەمەندارێك بەخەیاڵ بێت یان بەمەیل و ڕەفتارێکی واقیعییانە بەرەو منداڵی و گەنجێتی ڕۆیشتووە و لە نێو جەرگەی پیرییدا وێنەیەکی منداڵانە و حەزێکی گەنجانە چووەتە نێو زەین و زەوقی شاعیرەوە.

ئەم دوو نموونەیە سەر بەدوێنێی شیعری کوردین، جا با بزانین دوالیزمی گەنجی و پیری چۆن لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا نمایش کراوە و چ ڕەهەندێکی خراوەتە ڕوو:

**عەبدوڵڵا پەشێو:**

هەرچەندە دەکەم، گەنجی و پیری

لە یەك جودا ناکەمەوە

من هەردووکیان دەپەرستم

بەیانیان ڕووەو شەفەق

ئێوارانیش ڕووەو زەردە

سەرسام و ملکەچ دەوەستم (٣)

**قوبادی جەلی زادە:**

لە دێڕێکی شیعری «جەنازە»دا دەڵێت:

چ زوو گۆچان بەپیر خەونەکانی مناڵیمەوە

هات

چ زوو

چ زوو؟(٤)

**بورهان ئەحمەد:**

لە پیرێکەوە بۆ گۆچانێك

قەزوانە تەزبیحی ددانەکانم

چەند زوو هەڵوەرین

چەند خێرا گۆرانییەکانم پیر بوون(٥)

**فەهد شوانی:**

خەونەکانم سەوز دەبوون

دواتریش هەر بەمناڵی
قەدەر گەورەبوونی لێ مارە کردم(٦)

**ڕێدار سابیر:**

ئێمە لە گەنجیدا پیر بووین، هەستمان ژەنگی
لێ نیشتووە
لە سەفەری سەختی ژینا یەکترمان
جێهێشتووە(٧)

ئەم نموونە شیعرییانە لە خاڵێکی سەرەکیدا لەگەڵ یەکدی هاوبەشن، کە بریتییە لە بەرجەستە کردنی «منداڵێکی یاخود گەنجێکی پیرا» هەر خودی ئەم خاڵەش دەبێتە خاڵی جیاوازیی نێوان ئەم نموونانە لەگەڵ دوو نموونەکەی «مەحوی» و «پیرەمێرد»دا، کە هەردووکیان زیاتر وێنەی «پیرێکی منداڵ»یان خستووەتە ڕوو. دەکرێ بڵێین دوێنێی شاعیران لە کاتی پیرییاندا باسیان لە منداڵی و گەنجیی خۆیان کردووە، ئەمەش شتێکی ئاسایی و چاوەڕوانکراوە، بەڵام ئەوەی نائاسایی و نامۆیە ئەوەیە کە مرۆڤێك لە ساتە وەختی گەنجێتیی خۆیدا قسە لە پیربوونی خۆی بکات، وەکو لە نموونە شیعرییە هاوچەرخەکاندا دیار بوو، هەڵبەتە دوو دیمەنی نەساز و نەگونجاوی یەکدین کە لە دوێنێ و ئەمڕۆی شیعری کوردیدا بەرچاو دەکەوێت و دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە پوختەتر بیخەینە بەرچاو:

دوێنێ پیرێکی منداڵ

شعری کوردی

ئەمڕۆ منداڵێکی پیر

هەڵبەتە ئەم نموونە شیعرییە هاوچەرخانە لەگەڵ ئەوەی لە فەلسەفەی گشتیی دەقەکان هاوبەشن، بەڵام لە ڕووی شێوازی دەربڕین و تەکنیکی هونەرییەوە لەیەك جودان.

بیری پیربوونێکی زووی ناوەخت بەکەرەستەی جیاواز بەرجەستە کراوە،

«قوباد» گۆچانی کردووەتە ڕەمزی پیری و هەر زوو بەمنداڵی خەون و خولیا و هیواکانی ناکام کردووە، دەکرێ بڵێین شاعیر خاوەنی خەونێکی زۆر گەورە بووە، بەڵام پیری دەرفەتی بەدیهاتنی نەداوە.

«بورهان» لە ڕێگای دایەلۆگی نێوان پیرێك و گۆچانێکدا ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەم پیرە پیرێکی ئاسایی و ڕیزبەندی قۆناغی خۆی نییە و پیرێتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پیربوون و پەککەوتنی خەون و خولیاکانی.

«فەهد» لە ڕێگای نەریتێکی نارەوای نێو جڤاکی کوردەوارییەوە، ئاماژە بەپیربوونی گەنجێتیی خۆی دەکات و هەر بەوەبیرهێنانەوەی کێشەی «بەمنداڵیی مارەبڕین» شاعیر ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەو غەدرە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییە دەکات کە زەمەن لە تەمەنی کردووە.

«ڕێدار» لەگەڵ ئاماژە کردنی بە «گەنجێکی پیر» یەکسەر شوێنەوارێکی نێگەتیڤییانەی ئەم کائینە نا سروشتییە دەخاتە بەرچاو کە ئەم حاڵەتە نا ئاساییە کاری کردووەتە سەر هەست و نەست و کەسایەتیمان.

«پەشێو» جیاواز لە هەموو ئەم نموونانە وێنەی کائینێکی ناوازە دەکێشێت کە دیار نییە و ڕوون نییە ئاخۆ «گەنجە»؟ یاخود پیرە؟؟ کائینێك لەو نێوانەدایە و ڕەنگ بێ بیەوێت ئاماژە بەوە بکات کە هەردوو حاڵەتەکە «گەنجی و پیری» ئاوێتەی یەکدین و دەکرێ لە هەمان قۆناغدا هەست بەهەردووکیان بکرێت و دووریش نییە ئەم هەست پێکردن و بەرجەستە بوونە لە لایەك پەیوەندبێت بەباری سایکۆلۆژیی مرۆڤ و لە لایەکی

دیکەشەوە پەیوەند بێت بەچۆنێتی ڕوانینی مرۆڤ بۆ سروشت، بەتایبەتی ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەم دوو ڕواڵەتە (گەنجی و پیری) لە نێو سروشتیشدا ڕەنگی داوەتەوە.

ئێمە لەم کورتە نووسینەدا پتر گرنگیمان دایە لایەنی کاریگەری و گۆڕانکاریی هاوکێشەی پیر و گەنجی و چۆنێتیی ئامادەبوونی ئەم هاوکێشەیە لە نێو چەند دەقێکی شیعریدا، ئیدی لامان لەوە نەکردەوە ئەوە چی ڕۆژگارێکە؟ چی هۆکارێکە؟ چی زۆردارێکە؟ چی ژینگەیەکە؟ چی ژیانێکە؟ چی کۆمەڵگایەکە؟ کە «منداڵی پیر» و «گەنجی پیرەمێرد» بەرهەم دێنێ

ئەوە کێیە گۆچان دەخاتە بن باڵی کۆرپەی خەون و خولیاکانمان ئەوە سیحر و هێزی چی دەستێکە کە هەرزەکاری ڕدێن سپی بەخاك دەسپێرێت؟؟!! خودی ئەم بابەتەیش هەویرێکە و ئاو زۆر دەکێشێت و دوور نییە هەریەك لە ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان وەڵامی جەمسەرێکی یان زیاتری ئەم پرسیارانەی لابێت، بۆیە ئێمەش وەڵامە پڕ تراژیدییەکانی ئەم کارەساتەمان بۆ خوێنەر بەجێهێشت.

## پەراوێزەکان

١- دیوانی مەحوی، مەلا عبدالکریم مدرس و محمدی مەلا کەریم، چاپی دووەم، انتشارات کوردستان، ٢٠٠٣، ل٢٢١.

٢- دیوانی پیرەمێرد، فائق هوشیار و کەسانی دی، چاپخانەی (الزمان) ، بەغداد، ١٩٩٠، ل٣٣٤.

٣- دیوانی دکتۆرعەبدوڵڵا پەشێو، چاپی یەکەم، ٢٠٠٢، ل٣٤٧.

٤- شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات، قوبادی جەلی زادە، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٥ل٢٥٨.

٥- ئۆپەرێتەکانی هەزارەی سێیەم، بورهان ئەحمەد، چاپی دووەم، چاپخانەی ئارابخا، کەرکووک، ٢٠٠٥، ل٣٥.

٦- خەمەکان لە ناخی منەوە چرۆ دەکەن، فەهد شوانی، چاپخانەی ئارابخا، کەرکووک، ٢٠٠٥، ل١٨.

٧- دیوانی عەشق دیوانی یار، شیعر، ڕێدار سابیر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٣٣٨.

* هەڵبژاردنی ئەم نموونە شیعرییانە تەنیا پەیوەندە بەو خاڵەوە کە نووسەری ئەم چەند دێڕە لە کاتی ئامادەکردنی ئەم نووسینە ئەم نموونامەی لەبەر دەست بووە، بەدووری نازانین نموونەی جوانتر و بەهێزتریش هەبێت، بەڵام نووسەر بەرچاوی نەکەوتبێت.

١٢

# تێکستی «کورسی»

## زاراوەی ناسنامە ئەدەبییەکەی

لەم نووسینەدا چەمکی «ناسنامەی ئەدەبی» هیچ پەیوەندییەکی بەپەیامی ئایدۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و دەقی ئەدەبییەوە نییە و مەبەستمان لەم چەمکە، «ناسنامە ژانرێتی»ی دەقی ئەدەبییە، بەمانای شوێن و پێگەی ئیستاتیکییانەی دەق لەسەر ڕووبەری نەخشەی ژانرە ئەدەبییەکاندا.

ئەرکی دیاریکردنی ئەم شوێنە جوگرافییە هونەرییەی دەق و بەخشینی ناسنامەیەکی ئەدەبی پێی، ئەرکی کێیە و لەسەر چی ڕادەوەستێت؟

هەڵبەتە خودی ئەم کردارە، ئەرکێکە لە ئەرکەکانی گوتاری ڕەخنەیی، بەڵام ڕێگا لەوە ناگرێت کە «دەقنووس» بۆ خۆی لە خوار یان لە سەرووی ناونیشانی دەقەکەیەوە، زاراوەیەك بدا لە بەرۆکی دەقەکەی و بە خوێنەر (پەیامگر) بڵێت ئەم دەقە «شیعرە، چیرۆکە، پەخشانە شیعرە، ..هتد» بێگومان ئەم ناولێنانە ناسنامەیییەی دەق، نەك هەرکارێکی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو پەیوەندیی بەئاست و ڕادەی هۆشمەندیی ڕەخنەیی و هونەریی نووسەرەوە هەیە، لە بەرامبەر ئەو پانتاییە جوگرافییە هونەرییەی ئیشی لەسەر دەکات[١]، چونکە دواجار خوێنەر (پەیامگر)یش، لە سۆنگەی باگراوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی خۆی، ڕای خۆی دەبێت و هەروا بەسانایی جۆری ئەو ناولێنانە قبووڵ ناکات. کەوابێت ئەگەرچی هەرسێ جەمسەرەکەی ئەزموونی ئەدەبی «دەقنووس، دەق، خوێنەر» قسە و ڕۆڵی

خۆیان لەم مەسەلەیەدا هەیە، بەڵام بڕیاری یەکلاکەرەوەیی نێوان قسەی دەقنووس و پرسیارەکانی خوێنەر، لای خودی پێکهاتەی هونەرییان دەقەکەیە، کە ئاخۆ تا چ ڕادەیەك دوور و نزیکە لەو زاراوەیەی کە بەسەر سنگییەوە (بەرگەکەیەوە) دانراوە.

لە سەروبەندی قسەکردن لەم مەسەلەیەدا و لە نێو چوارچێوەی شیعری کوردیدا، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە «شێرکۆ بێکەس»ی شاعیر – وەکو دەقنووسێك – گرنگی بەم جۆرە زاراوە ناسنامەییانە داوە و لەگەڵ فرە جۆریی فۆڕمی هونەرییانەی دەقەکانی، زاراوەی جیاجیاشی بۆیان بەکارهێناوە.

ئەگەر تەماشای ئەم لیستەی بەرهەمەکانی شاعیر بکەین، بەزەقی ئەم کارە بەدی دەکەین:

| | |
|---|---|
| تریفەی هەڵبەست | شیعر |
| کەژاوەی گریان | شیعر |
| کاوەی ئاسنگەر | شانۆنامەی شیعری |
| من تینوویێتیم بەگڕ ئەشکێ | شیعر |
| ئاسك | شانۆنامەی شیعری |
| کازیوە | پۆستەرە شیعر |
| دوو سروودی کێویی | شیعری درێژ |
| ڕووبار | چیرۆکە شیعر |
| کەشکۆڵی پێشمەرگە | شیعری موقاوەمات ٢ بەرگ/شاخ |
| داستانی هەڵۆی سوور | قەسیدەی درێژ/ شاخ |
| ئاوێنە بچکۆلەکان | کورتە شیعر/ شاخ |
| تەمتومان | شیعری درێژ |

| | |
|---|---|
| دەربەندی پەپوولە | شیعری درێژ |
| ئافات | شیعر |
| مێرگی زام مێرگی هەتاو | شیعر |
| خاچ و مار و ڕۆژمێری شاعیرێ | ڕۆمانە شیعر |
| بۆننامە | قەسیدەی درێژ |
| چراکانی سەرهەڵەموت | پەخشان |
| نسێ | شیعر |
| ژن و باران | شیعر |
| ڕەنگدان | قەسیدەی درێژ |
| لە چلەی چل چرایەکدا | پەخشانە شیعر |
| خۆم ئەو وەختیە باڵندەم | شیعر |
| پاییزە میوان | شیعر |
| کوکوختیە بزێوەکە | چیرۆك بۆ منداڵان |
| گۆڕستانی چراکان | ڕۆمانە شیعر |
| ئێوە بەخۆشەویستیم ئەسپێرن | شیعر و پەخشان |
| سرووده بەردینەکان | چیرۆکە شیعر (تێکستی واڵا) |

بوونی ئەم زاراوە ناسنامەییە جیاوازانە لە بەرامبەر ئەم دەقە ئەدەبییانەدا زادەی جیاوازیی پێکهاتەی ئیستاتیکییانەی تێکستەکانە، ئەمەش بابەتێکی گرنگی نێو تیۆری نوێی ئەدەبە و ڕاستەوخۆ پەیوەندە بەکێشەی ئاوێتە بوون و بەنێویەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکانەوە، بۆیە دەکرێ چەندین لێکۆڵینەوەی تێر و تەسەلیان لەسەر بکرێت.

ئێمە لێرەدا تەنیا لە ڕووی زاراوەی ناسنامەی ئەدەبییەوە- قسە لە

تێکستی «کورسی»ی شێرکۆ بێکەسی شاعیر دەکەین.

ئاشکرایە شاعیر لەسەر بەرگی «کورسی» نووسیوێتی «تێکستێکی والا».

زاراوەی «تێکستی والا» پتر لە مانا و مەبەستێك دەگەیەنێت و ئاخۆ شاعیر پتر بە چی مەبەستێك بەکاری هێناوە؟ لێرەدا پتر وشەی «والا» چەند مانای هێناوەتە ئاراوە، بۆیە بەپێویستی دەزانین وشەکە بەتەنیا لە ڕووی فەرهەنگییەوە و پاشانیش لەگەڵ وشەی تێکسیدا وەکو زاراوەیەك ڕوون بکەینەوە.

لە ڕووی فەرهەنگییەوە وشەی «والا» ئەم مانایانەی هەیە:

– والا: پارچەی شتی ڕەنگاوڕەنگ کە منداڵان دەیکەن بەجلوبەرگی منداڵانە (١).

– والا: ئاواڵە(٢).

– ئاوەڵە: وەکریێ، والا، کراوە، دژی داخراو(٣).

وەك دیار دەکەوێت وشەی «والا» بەتەنیا، دوو مانا و مەبەست دەگەیەنێت:

+ ڕەنگاوڕەنگی و هەمە جۆری.

+ کراوە، دژی داخراو.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دوو مانایە زاراوەی «تێکستی والا» دەکەوێتە بەردەم دوو خوێندنەوەوە:

تێکستی کراوە

تێکستی والا

تێکستی کراوە (النص المفتوح Open text )

یەکێکە لەو زاراوە ڕەخنەییانەی کە زیاتر لە لایەن «ئەمبیرتۆ ئیکۆ»وە داڕێژراوە و بەکارهێنراوە.

(ئـیـکـۆ) زاراوەی دەقـی کـراوە (تـێکستـی واڵا) بـۆ ئـەو جۆرە دەقـانـەی بـەکـارهـێنـاوە کە نووسەر، لـە کـاتـی نووسیـنـدا خـوێـنـەرێکی دیـاریکراو لەبەرچاو گرتووە و دەقەکەیش تەنیا مـانـایەکی هـەنووکەیی و دیـاریکراوی هـەیە(٤).

کـەواتـە چـەمکی «تێکستـی واڵا» لای «ئـیکۆ» پـەیوەندیی بـەمـەسەلـەی جۆری خوێنەر و تـاکڕەهـەندیی خوێندنەوە و لێکدانەوەوە. ئەگەر لـە لاپـەڕە حەوتی کتێبی «کورسی» وردبینەوە، دەبینین شاعیر نووسیویەتی:

لە یەك تێکستی واڵادا:

شیعر

چیرۆك

پەخشان

شانۆنامە

لە بەرامبەر ئەم سەرنجەی شاعیر، خوێنەر زیاتر هەست بەوە دەکات کە مەبەست لە زاراوەی «تێکستی واڵا» هەمەجۆری و هەمەڕەنگییە و شاعیر دەیەوێت بڵێت، ئەم تێکستە «واتا کورسی» بەتەنیا سەر بەدونیای تاکە ژانرێکی ئەدەبی نییە و لە ڕووی ناسنامەی ئەدەبییەوە هەمە جۆرە، واتا فرە ژانرە و فرە ڕەگەزە. دیاردەی فرە ژانری و ڕەگەزی لە میانی یەك تێکستی ئەدەبیدا، لە تیۆری نوێی ئەدەبدا زیاتر بەکرداری (ئاوێتەبوونی یان بەنێو یەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان «تداخل الاجناس الادبیە

Literary genres interference". ناودەبرێت. شێرکۆ بێکەس کارێکی چـاکـی کـردووە بـەوەی کـە بـەرهـەمـەکـەی خۆی بـەزاراوەی یـەك ژانـری ئـەدەبییـەوە نـاو نـەنـاوە، چونکـە دەرکـی بـە ئیستـاتیکـای کـارەکەی خۆی کـردووە و زانـیـویـەتـی، ئـاوێتـەکـردنـی ژانـرە ئـەدەبییـەکـان و بـەزانـدنـی سنووری نێوانیان خۆی لە خۆیدا پێکهاتەیەکی ئیستاتیکی دیکە دێنێتە

ئاراوە، هەر لەبەر ئەوەشە لە ڕووی زاراوەی ناسنامەیشەوە دەبێ خاوەن زاراوەیەکی تایبەتی بێت. ئەگەرنا ئەوا دانانی زاراوەیەکی سەر بەژانرێکی دیاریکراو، بۆ نموونە تەنیا شیعر، چیرۆك ئیشکالییەتێکی فرە لایەنتر و ئالۆزتری بۆ خوێنەر دەخوڵقاند(*).

بەڵام دانانی زاراوەی «تێکستی والا» لە ڕووی مانا و مەبەستەوە، وەك زاراوەیەکی ڕەخنەیی، جۆرە لێڵییەك دێنێتە ئاراوە، جا بۆ ئەوەی زاراوە ڕەخنەییەکان تێکەڵی یەکدی نەکەین و لەپێناو بەکارهێنانێکی وردتری ئەم زاراوانە، باشتر وایە لەجیاتی زاراوەی «تێکستی والا» زاراوەی «تێکستی ئاوێنە» بۆ دەقی «کورسی» و هاوشێوەکانی بەکاربهێنرێت. ئەمەش بەو مانایەی کە تێکستەکە ئاوێتەیەکە لە ڕەگەز و تەکنیکی ئیستاتیکیی چەند ژانرێکی ئەدەبیی جیاواز، ئەم کارەش دوورمان دەخاتەوە لە ئالۆزییەکانی زاراوەی دەقی والا (دەقی کراوە)، چونکە ئەم زاراوەیە لە ناوەندی ڕەخنەییدا، بەمەبەستی جیاواز لە مەبەستی بنچینەییی خۆی بەکارهێنراوە.

## پەراوێزەکان

(١) شێخ محەمەد خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، ل٤٨٨.

(٢) هەژار، هەنبانە بۆرینە، ل٩٠٥.

(٣) هەمان سەرچاوە ل١٣.

(٤) بڕوانە:

- د. ميجان الرويلي، سعد البازعي، دليل النقد الادبي، ص ١٨٠ – ١٨١.
- د. محةمةد عناني، المصطلحات الادبية الحديثة، ص٦٥.

* پێشتر دەربارەی چەند لایەنێکی ئەم جۆرە ئیشکالییەتە، هەندێ بیروڕامان دەربڕیوە بڕوانە:

فوئاد ڕەشید، ناسنامەی دەق، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد – لقی کەرکووک، ٢٠٠٥، ل٢٢

بابەتی ناسنامەی ئەدەبیی دەق لە نێوان نووسەر و خوێنەردا.

** ژانرە ئەدەبییەکان سێ جۆر ئاوێتەبوونیان هەیە:

- ئاوێتەبوونێك لە نێو ژانرەکان خۆیاندا.
- ئاوێتەبوونێك لەگەڵ هونەرێکی دی.
- ئاوێتەبوونێك لەگەڵ کەرەستە و هێمایەکی زانستی.

لەم بارەیەوە بڕوانە:

* دەقی ئاوێتە، گۆڤاری «ڕامان» ژ (٦٥) ٢٠٠١.

# ناوەڕۆك

(١) مرۆڤایەتیی بوونی دەق ........................ ٥
(٢) چێژ و بەهای دەقی شیعریی لە نێوان پەیامگر و خوێندنەوەدا ........................ ١١
(٣) نووسینی عەشق، عەشقی نووسین ........................ ٢٣
(٤) گۆشەگیریی شیعری نوێ، بۆچی؟ ........................ ٢٧
(٥) شێوازگەری، دیالۆگی تیۆر و پراکتیك ........................ ٣٧
(٦) ئێستاتیکای ناونیشانی دەق لەکۆ شیعری... ........................ ٥١
(٧) مۆبایلە شیعر: شیعریەتی کورتبڕیی ........................ ٧٠
(٨) دەقی (بەشێك لە برووسکەکانی ژیان) ئیستاتیکای دواندن ........................ ٨١
(٩) نوێخوازێتیی دەقەکانی.... ستراتیژیەتی وورووژاندن ........................ ٩١
(١٠) ئیستاتیکای مۆبایلە شیعر ........................ ١١٤
(١١) دوالیزمی پیری و مندالّی لە چەند دەقێکی شیعریدا ........................ ١١٩
(١٢) تێکستی «کورسی» زاراوەی ناسنامە ئەدەبییەکەی ........................ ٢٢٧